ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان

PAY

سندوقی نیشتیمانی بۆ پاڵپشتی دیموکراسی

NED

# تۆماری دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان

# لەنێوان بێگەردی و ساختەکاریدا

بەدواداچونێکە سەبارەت بە تۆماری دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان
بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێم
(تشرینی دووەمی ٢٠١٧)

## راپۆرتی نۆیەم

★- ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان (PAY) رێکخراوێکی ناحکومیی کوردستانییەو لە (٢٠١٣/١١/٢٨) بەفەرمی لە فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومییەکان تۆمار کراوە و لە کانونی یەکەمی ساڵی ٢٠١٣ەوە دەستی بە چالاکیەکانی کردووە.

★- پرۆژەی چاودێریی پەرلەمانی کوردستان: پرۆژەیەکە لە سەرەتای خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستانەوە دەستی پێ کردووە. ئێستاش بەهاوکاری سندوقی نیشتمانی بۆ پاڵپشتی دیموکراسی (NED) ئەم پرۆژەیە جێبەجێ دەکات.

## ستافی کاری پرۆژە


سەرپەرشتیاری پرۆژە:

**د. سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر**

بەڕێوەبەری پرۆژە:

**بابان جەعفەر حەمە**

رێکخەری پرۆژە:

**ئارام سەردار عومەر**

بەڕێوەبەری ماڵپەڕی روانگەی پەی:

**ئاریز دارا حەفید**

ئەبلۆدەری بەشی عەرەبی روانگەی پەی:

**میران حسین حسن**

ژمێریاری پرۆژە:

**ئیبراهیم حەسەن ئەحمەد**

بەشداران لە نوسینەوەی راپۆرت:

**م. ساکار عەزیز رەشید**

**م.ئەحمەد رەفیق**

کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی


**ناو ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان**

ناونیشان: سلێمانی – رزگاری –بەرامبەر یاریگای یانەی وەرزشی ئاشتی

تەلەفۆن: 0096453320502 - 07701465733 - 07701564576

ئیمەیڵ: sarwary74@yahoo.com / payinstitute@gmail.com -

فەیسبوک: facebook.com/pay-institute

پێگەی ئەلکترۆنی: www.payied.org



**مافی بڵاوکردنەوەی ئەم ڕاپۆرتە پارێزراوە بۆ ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان - ٢٠١٧**



**ئینستتیوتی پەی لە ٢٦ ی تشرینی دووەمی ٢٠١٣ مۆڵەتی ژمارە (١٤٠٦) لە فەرمانگەی ڕێکخراوە نا حکومییەکاندا وەرگرتووە**

## ناوەرۆك


| | |
|---|---|
| پێشەکی | ٥ |
| گرنگیی تۆماری دەنگدەران | ٦ |
| تۆماری دەنگدەران لە هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستاندا | ١٢ |
| تۆماری دەنگدەران لە یاسای ژمارە (١)ی سالی ١٩٩٢ ی هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان | ١٤ |
| تۆماری دەنگدەران لە یاسای ژمارە (٣)ی سالی ٢٠٠٩ی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان | ١٨ |
| تۆماری دەنگدەران لە یاسای ژمارە (٤)ی سالی ٢٠٠٩ی هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی پارێزگاو قەزاو ناحیەکان | ١٩ |
| تۆماری دەنگدەرانی پێکهاتەکان | ٢٠ |
| تۆماری دەنگدەران لە هەڵبژاردنەکانی سالانی ٢٠١٣ و ٢٠١٤ دا | ٢١ |
| تۆماری دەنگدەران لای کۆمسیۆنی هەڵبژاردن و راپرسی | ٢٢ |
| خەوشەکانی تۆماری دەنگدەرانی هەرێم | ٢٦ |
| پێشێلکارییەکانی کۆمسیۆن لە تۆماری دەنگدەراندا | ٣٣ |
| هەڵوێستی پەرلەمان لەهەمبەر تۆماری دەنگدەران | ٣٥ |
| هەڵوێستی حزبە سیاسیەکان لەهەمبەر تۆماری دەنگدەران | ٣٧ |
| ئەنجام | ٣٩ |
| راسپاردەکان | ٤٥ |
| پاشکۆ: (١) بڕیاری ژمارە (١)ی سالّی ٢٠١٣ ی پەرلەمان سەبارەت بە پێکهێنانی لیژنەی لێکۆڵینەوە لە تۆماری دەنگدەران | ٤٨ |
| پاشکۆ: (٢) راپۆرتی کۆتایی لیژنەی لێکۆڵینەوە لە زیادبوونی نایاسایی ژمارەی دەنگدەران لە هەرێمی کوردستان | ٤٩ |
| پاشکۆ: (٣) یاساو رێسای تۆماری دەنگدەران کەلە هەلبژاردنەکانی ٢٠٠٥ کۆمسیۆن کاری پێکردووە | ٥٩ |
| پاشکۆ: (٤) پەیرەوی نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران و خستنەڕووی تانەکان بۆ هەلبژاردنی پەرلەمانی کوردستان سالی ٢٠٠٩ | ٦١ |
| پاشکۆ (٥) پەیرەوی ئامادەکردن و نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران و خستنەڕووی تانەکان بۆ پرۆسەی راپرسی ٢٠١٧ | ٦٥ |
| پاشکۆ(٦) پەیرەوی ئامادەکردن و نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران و خستنەڕووی تانەکان بۆ هەلبژاردنی پەرلەمانی کوردستان | ٧٠ |
| پاشکۆ: (٧) پەیرەوی دامەزراندن و بژارکردنی تۆماری دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان | ٧٥ |
| پاشکۆ: (٨) چەند یاداشت و نوسراوێکی پەرلەمانتار (گەشە دارا حەفید) سەبارەت بە تۆماری دەنگدەران | ٧٩ |
| پاشکۆ: (٩) یاداشتی چەند پەرلەمانتارێك بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بە کۆمسیۆن و تۆماری دەنگدەران | ٨٦ |
| پاشکۆ: (١٠) یاداشتی (٤٠) پەرلەمانتار کە پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمانیان کردووە | ٨٩ |
| پاشکۆ: (١١) وێنەی سەردانی ستافی پەی بۆ لای لایەنە پەیوەندیدارەکان لەسەر تۆماری دەنگدەران | ٩٢ |




**بۆ زانیاری زیاتر سەردانی ماڵپەڕی (روانگەی پەی) بکەن بەم ناونیشانە:**

**www.payied.org**

# پێشەکی

یەکێك لەپایەو پێوەرەکانی هەر هەڵبژاردنێکی پاك و بێگەرد لەدنیادا بوونی تۆمارێکی دەنگدەرانی پوخت و پاکە، لەهەرێمی کوردستان هەڵبژاردنی چوار خولی پەرلەمانی کوردستان و سێ خولی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و دوو خولی ئەنجومەنی پارێزگاکان و چەند هەڵبژاردنێکی شارەوانیەکان کراوە، بەڵام تا ئێستاشی لەگەڵدابێت تۆمارێکی پوخت و باوەڕ پێکراو لەبەردەستدا نیە کە متمانە بەکەسی دەنگدەر ببەخشێت و دڵنەوایی بکات لەوەی بە ئاسودەیی دەنگ بدات و پێی وابێت گزیی لەهەڵبژاردندا ناکرێت و دەنگی بەفیرۆ ناڕوات.

ئەگەر لەهەڵبژاردنەکانی سەرەتادا سەرژمێریی پێویست نەبووبێت تا تۆمارێکی رێك و پێك ئامادە بکرێت، ئەوا لەتەمەنی (٢٥) ساڵی دەسەڵاتی کوردیدا خەمێك لەم مەسەلە گرنگ و چارەنوسسازە نەخورا، ئەگەر لە رابردوودا کۆمسیۆنی عێراق کاری هەڵبژاردنی لەئەستۆدا بووبێت، بەڵام لەساڵی ٢٠١٤ و یاسای خۆماڵی دەرچووەو کۆمسیۆنی کوردستانی پێکهاتووە، بەڵام رەشەکە هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەردا نەهاتووە.

بوونی سەدان هەزار ناوی دووبارەو لانەبردنی ناوی مردووان و رێگە خۆشکردن بۆ دووجار دەنگدانی دەنگدەرانی تایبەت و دروستکردنی کارتی دەنگدان بۆ کوردانی پارچەکانی تری کوردستان و ئەنجامدانی چەندین گزی تر لەکاتی پرۆسەکەدا و هەڵبژاردنی بێدەنگیش لەبەرامبەری، نیشانەی ئەوەیە حزبە سیاسیەکان خۆیان ئەم کارانەیان ئەنجامداوە، خۆ ئەگەر هەندێك لەحزبەکان دەستیان نەبێت لەدروستبوونی ئەم رەوشە نالەبارو ناجۆرەشدا، ئەوا بێدەنگ بوونیان دەچێتە خانەی رازی بوون بەم ساختەکارییەوە.

کاتێك لە ٢٠١٧/٩/٢٥ ریفراندۆم بەم تۆمارەی هەیە ئەنجامدرا، کۆمەڵێك گرفت هاتە کایەوە، ئێستاش کەهەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکایەتی هەرێم دواخراون، پێویستەو دەبێت پێشوەخت ئەو تۆمارە پاك بکرێتەوە، مایەی خۆشحاڵیە کە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی پەیرەوێکی تایبەتی لە٢٠١٧/١١/٢٧ بۆ ئەم مەبەستە پەسەند کردووە. هیواداریین هەنگاوی جدی بۆ بنێن و تۆمارێکی پاك ئامادە بکەن بۆ ئەوەی هەم هەڵبژاردنێکی بێگەرد بکرێت و هەم متمانەی دەنگدەریش بگەڕێتەوە.

ئێمە وەك ئینستتیوتی پەی، بەئەرکی مەدەنیی خۆمانزانی کەبەشێوەیەکی زانستی و یاسایی بەدواداچوون بۆ ئەم پرسە بکەین و هەر بۆیەش ئەم راپۆرتەمان ئامادەکرد، پێشمان وایە تاتۆماری دەنگدەران لەناوی ساختە پاك نەکرێتەوە، تاحزبەسیاسیەکان بەجدی نەچنە سەر خەت و هەوڵی پاککردنەوەی نەدەن، تا پەرلەمان و دامودەزگا فەرمیەکان بەئەرکی خۆیان هەڵنەسن، تا کۆمسیۆن بەتەواوی بەئەرکی خۆی هەڵنەسێت و رێگری و لەمپەرەکانی بەردەمی لانەبرێن و تا وەك بەرەی کوردستانی کار بکات، نە رەوشی دیموکراسی گەشەدەکات و بەرەو پێشەوە دەچێت و نە دەبین بەدەوڵەتی دامەزراوەیی و نەدەنگدەریش متمانەی دەبێت و نەلەم قەیرانگەلە بەردەوامەش دەربازمان دەبێت کە ساڵەهایە تێی کەوتووین.

**ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشە پێدان**
**تشرینی دووەمی ٢٠١٧**

## گرنگیی تۆماری دەنگدەران

یەکێك لەپایە سەرەکیەکانی هـەموو هەڵبـژاردنێکی ئـازاد و پـاك و بێگـەرد بـوونی تۆمـارێکی دەنگـدەرانی پوختە، بەبێ ئـەم تۆمـارەش ناکرێـت بـاس لـە هەڵبـژاردنێکی ئـازاد و دیموکراسـیانە بکرێـت، بۆیـە پێویسـتە هاوڵاتیان بتوانن بەیەکسانی و بەپێی ڕێ و شوێنە بڕیار لێدراوەکان و پێـوەرە نێودەوڵەتیـەکان ناویـان تۆمـار بکرێت و بەشداری هەڵبژاردنەکان بکەن، هەر وەك لە جاڕنامەی مافی مرۆڤ، [١] و پەیماننامەی نێودەوڵـەتی بـۆ مافە مەدەنی و سیاسیەکان، [٢] و جاڕنامەی نێودەوڵەتی تایبەت بـە پێوەرەکـانی هەڵبـژاردنی ئـازاد و پـاك و دوور لە هەر جۆرە جیاکارییەك، وە لەهەمان کاتدا مافی تانە لێدانیشیان بۆ فەراهەم کرابێت، لەکاتێکدا ئەگەر بەهـەر هۆکارێکـەوە بێـت ڕێگایـان لێگیرابێـت لـە تۆمـارکردنی ناوەکانیـان و بێبەشـکرابن لـە بەشـداریکردن لەهەڵبژاردن. [٣]

تۆماری دەنگدەران بریتییە لەو بەڵگەنامـەی کـەئاماری دەنگـدەران لـەخۆ دەگرێـت و ناوەکـانی بـەزنجیرە تیادا تۆمار دەکرێت، سەرەڕای ناوی بنەماڵەو ناوی دایك و بـەرواری لـەدایکبوون و شـوێنی نیشتەجێبوونیشـی تێدا دیاری دەکرێت. [٤]

بەشـێوەیەکی تـر تۆمـاری دەنگـدەران لیسـتی نـاوی ئـەو هاوڵاتیانەیـە کـە بـەپێی ڕێ و شـوێنی یاسـایی بڕیارلێدراو تۆمـار دەکـرێن، یاسـای هەڵبژاردن دیاریـدەکات کـە تۆمـاری دەنگـدەران چـۆن ئامـادە دەکرێـت، ئەمەش لەوڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر جیاوازەو لەڕێگەی یاساوە یەکلا کراوەتەوە، لەگەڵ ئەوەشـدا کۆدەنگیـەك لەسەر چۆنیەتی ئامادەکردنی تۆماری دەنگدەران هەیە، بـۆ ئەمـەش کۆمـەڵێك بنـەمای نێودەوڵـەتی هەیـە لـە ئامادەکردنی لیستی دەنگدەراندا کەوڵاتان خۆیانیان پێوە پابەند دەکەن. [٥]

شارەزایانی بواری هەڵبژاردن پێیانوایە ئەم زانیاریانـەی دەبێـت لـەتۆماری دەنگدەرانـدا هـەبن بـریتین لـە: (ناوی چواری، مێژووی لەدایکبون، کۆدی دەنگـدەر، نـاوی دایکـی، شـوێنی لـەدایکبوونی، ناونیشـان، شـوێنی

---

(١)– ماددەی (٢١) لە جاڕنامەی مافی مرۆڤ.

(٢)– ماددەی (٢٥)ی پەیماننامەی نێودەوڵەتی بۆ مافە مەدەنی و سیاسیەکان.

(٣)–مادەی (٢١)ی ڕاگەیاندنی جیهانیی مافی مرۆڤ و بنەما نێودەوڵەتیەکان بۆ هەڵبژاردنی ئازاد و پاك ساڵی ١٩٩٤ پاریس. مادەی ٢٥ لە پەیماننامەی نێودەوڵەتی بۆ مافە سیاسی و مەدەنیەکان سالی ١٩٦٦، پێداگیری لەسەر مافی دەنگدان و بەشداری کایە سیاسیەکان دەکەنەوە بۆ هاولاتیان.

(٤)–الوردي ابراهيمي: النظام القانوني للجرائم الانتخابية–دراسة مقارنة، دار الفكر الجامعي، الاسكندرية، ٢٠٠٨، ص٤٠.

(٥)– سلێمان مستەفا حەسەن: تۆماری دەنگدەران لە یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی، و یاساکانی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان– عیراقدا، سلێمانی، ٢٠١٦، ل٥.

دەنگدان)، تۆماركردنی زانیارییەكانی دەنگدەران لەڕووی بایۆلۆجی (پەنجەمۆر، وێنە، وێنەی گلێنەی چاو).[1]
(1)

ئامادەكردنی تۆماری دەنگدەران و پێداچوونەوەی بەیەكێك لەم شێوازانەی خوارەوە دەبێت:[2]

١- **سیستەمی خۆبەخشانە:** واتە ئەو هاولاتیانەی مەرجەكانیان تێدایە، بۆ مومارەسەكردنی مافە سیاسیەكان، هەڵدەستن بە پێشكەشكردنی داواكارییەك بۆ تۆماركردنی ناویان لەتۆماری دەنگدەران، لەیاسای هەڵبژاردنیش دوو جۆر لە تۆماری دەنگدەرانی خۆبەخشی تێدایە، ئەوانیش: یەكەمیان تۆماری بەردەوامە كەتیایدا پرۆسەی تۆماركردن بۆ یەكجارەو ناشتوانرێت هەموار بكرێت، تەنها لەحاڵەتی گۆڕینی شوێنی نیشتەجێبوون، یا لەدەستدانی لێهاتوویی هەڵبژاردن، ئەمەش لە زۆربەی ولاتان پەیرەوی لێ دەكرێت، دووەمیان سیستەمی تۆماری دەورییە كەپێویستە لەسەر دەنگدەر دووبارە بەشێوەیەكی دەوری خۆی تۆمار بكاتەوە.

٢- **سیستەمی بە زۆر:** لەو سیستەمەدا لایەنی ئیداری تایبەتمەند لەڕووی یاساییەوە هەڵدەستێت بەئامادەكردن و تۆماركردنی ناوی ئەو هاولاتیانەی كەمەرجە بابەتییەكانیان بۆ مومارەسەكردنی مافە سیاسیەكان تێدایە، بێ ئەوەی ئەو كارە لەسەر داوای هاولاتیان وەستابێت.

٣- **سیستەمی تۆماری دەوری:** بەپێی ئەو سیستەمە لایەنی تایبەتمەند هەڵدەستێت بەئامادەكردنی تۆماری دەنگدەرانی نوێ لەماوەیەكدا ئەو ماوەیەش ساڵێك یا دوو ساڵ یا زیاتر بێت، لە رابردووشدا كار بەو سیستەمە كراوە، بەلام لەئێستادا زۆربەی ولاتان كاری پێ ناكەن.

٤- **سیستەمی تۆماری بەردەوام:** بەگوێرەی ئەو سیستەمە پرۆسەی تۆماركردن یەكجار دەبێت، ناشتوانرێت بەدرێژایی ژیانی دەنگدەر گۆڕانكاری بەسەر ئەو تۆمارەدا بێت، مەگەر لەهەندێ حاڵەتدا نەبێت، وەكو گۆڕینی شوێنی نیشتەجێبوون یا لەدەستدانی شایستەیی، ئەم جۆرە سیستەمە لە زۆربەی ولاتان پەیڕەو دەكرێت.

٥- **سیستەمی تۆماركردنی ئیلزامی:** بەپێی ئەم سیستەمە پرۆسەی دەنگدان لەهەڵبژاردنەكان لەسەر ئەو كەسانە كورتكراوەتەوە كە ناویان لەتۆماری دەنگدەران تۆمار كراوە، ئەو كەسانەشی ناویان لەو تۆمارە نیە دوور دەخرێنەوە، هەتا ئەگەر مەرجە بابەتیەكانیشیان تێدا بێت.

٦- **سیستەمی تۆماری نا ئیلزامی:** بەگوێرەی ئەم سیستەمە مافی دەنگدان بەهەموو كەسێك دەدرێت، ئەگەر مەرجە بابەتیەكانی مومارەسەكردنی مافی دەنگدانی تێدابێت، بێ ئەوەی بەشداریكردنی لەپرۆسەی دەنگدان پێویست بەوە بكات ناوی لەیەكێك لەتۆمارەكانی دەنگداندا تۆمار كرابێت.

---

(١)- بنا الثقة في عملية تسجل الناخبين، دليل المعهد الديمقراطي، ص١٠. وەرگیراوە لە : سلێمان مستەفا حەسەن: تۆماری دەنگدەران.

(٢)- خامۆش عومەر: چوارچێوەی دەستوری و یاسای هەڵبژاردن، ل١٧.

تۆماری دەنگدەران لە وڵاتانی جیهاندا بە دوو شێواز یا سیستم ئامادە دەکرێت: [1]

**یەکەم:** ئەو تۆمارەی بەندە بەویستی دەنگدەرانەوە: واتە بەپێی ئەو سیستەمە ویستی دەنگدەر ڕۆڵ دەبینێت کە ناوی خۆی تۆمار بکات، لەڕێگەی پێشکەشکردنی داواکارییەك بەو لایەنەی ئەرکی ڕێکخستنی تۆماری دەنگدەرانی خراوەتە ئەستۆ، واتە ئەو کەسانەی ناوەکانیان تۆمار ناکەن لەپرۆسەی هەڵبژاردندا مافی دەنگدانیان نابێت، هەروەها مافی تانە دانیشیان لەئەنجامەکان نابێت، لەبەر نەبوونی ناویان لەتۆماری دەنگدەران و بێبەشبوونیان لەمافی دەنگدان، ئەم پرسەش تارادەیەکی زۆر پەیوەندی بەدەستور و یاسای هەڵبژاردنەوە هەیە.

**دووەم:** ئەو تۆمارەی ڕاستەوخۆ ئامادە دەکرێت بەبێ ڕەچاوکردنی خواستی دەنگدەران: بەپێی ئەم سیستەمە یاسای هەڵبژاردن دەزگایەك ڕادەسپێرێت بەڕێکخستن و ئامادەکردنی تۆماری دەنگدەران، ئەویش ملکەچ و پابەندە بەتۆمارکردنی ناوی سەرجەم هاوڵاتیانی وڵاتەکەی کەمافی دەنگدانیان هەیە، واتە لە تەمەنی (١٨) ساڵیدا بێت (یاخود بەپێی یاسای وڵاتەکە بڕیار لەسەر ئەو تەمەنە دەدرێت کەشایستەیی سیاسی هاوڵاتیان دیاری دەکات) لەعێراق و هەرێمی کوردستان کار بەو سیستەمە دەکرێت. [2]

هەندێ لە وڵاتانیش تۆماری دەنگدەران ئامادە ناکەن، تەنها پشت بەرەگەزنامە دەبەستن، واتە هەر هاوڵاتییەك شایستەیی سیاسی هەبێت و خاوەنی رەگەزنامەی ئەو وڵاتە بێت دەتوانێت لە بنکەکانی دەنگدان بەشداری دەنگدان بکات.

لێرەدا پرسیارێکی دێتە ئاراوە، ئایا بۆ ئامادەکردنی تۆماری دەنگدەران پشت بەکام داتا و بەڵگەنامە دەبەسترێت؟

لەزۆربەی وڵاتانی جیهان سەرژمێری گشتی بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتیەکان ئەنجامدەدرێت، لە وڵاتانی پێشکەوتوو داتای فەرمی هەیە، لەهەمان کاتدا زۆرێك لەوڵاتان پشت بەتۆماری شارستانی وڵاتەکەیان دەبەستن، لەوانە نەرویج، سوید، بەرازیل، بولگاریا، هەنگاریا، هۆڵەندا، ڕۆمانیا، لەئیسپانیاش پەیمانگەی نیشتمانی بۆ ئامار تۆماری دەنگدەران ئامادە دەکات.[3]

لەکاتی ئامادەکردنی تۆماری دەنگدەراندا پێویستە وردبینی و سەر ڕاستی پەیرەو بکرێت، لەپێناو دەستەبەرکردنی متمانەو هەلی یەکسان بۆ سەرخستنی پرۆسەی دیموکراسی. جا تۆمارەکە بەشێوەی کاتی بێت یان هەمیشەیی، پرۆسەیەکە پێویستی بەرێکاری یاسایی هەیە، تۆماری دەنگدەرانی کاتی ئەو تۆمارەیە کەلەکاتی هەر پرۆسەیەکی هەڵبژاردندا ئامادە دەکرێت. تۆماری دەنگدەرانی هەمیشەییش ئەو تۆمارەیە بۆ سەرجەم پرۆسەکانی هەڵبژاردن کاری پێدەکرێت، کەلەڕێی داتای فەرمیی وڵاتەوە ئامادە دەکرێت و ساڵانە نوێ دەکرێتەوە

---

(١)– د.سعاد الشرقاوي، د.عبدالله ناصف: النظم الانتخابات في العالم و المصر، ط٢، دار النهضة القاهرة، ١٩٩٤، ص١٣–١٤.

(٢)– لە مادەی (٢٠) ی دەستوری کۆماری عیراقی ئێتیحادیدا هاتووە: (**هاولاتیان پیاوان و ژنان مافی بەشداربوونیان لە کاروباری گشتی سودمەند بوون لە مافە رامیارییەکاندا هەیە بە مافی دەنگدان و هەڵبژاردن و خۆپالاوتنیشەوە**).

(٣)– الان وول ، اندرو ولسن، ايمن ايوب، كارل دنداس، جوارم روكامي، سارا ستينو: اشكال الادارة الانتخابية، دليل المؤسسة الدولية للديمقراطية والانتخابات. وەرگێراوە لە : سلێمان مستەفا حەسەن: تۆماری دەنگدەران.

بەزیادکردن یاخود کەمکردن و سڕینەوەی ناوی دەنگدەران، بەپێی یاسا و ڕێکارییەکان، هەندێ وڵات ڕاستەوخۆ پشت بەداتای فەرمانگە فەرمییەکانی وەك ڕەگەزنامە دەبەستێت، ئەو فەرمانگانە ناوی ئەوانەی شایستەیی سیاسییان هەیە دەدەنە لایەنە پەیوەندیدارەکان، بەمەبەستی تۆمارکردنی ناوەکانیان.

لەهەرێمی کوردستان کە یەکەم هەلبژاردن لە ساڵی (١٩٩٢) ئەنجامدرا، تیایدا پێوەری ڕەگەزنامە و ناسنامەی باری کەسێتی کرایە پێوەر، یان هەر بەڵگەنامەیەکی فەرمی تر کەسەلمێنەری هەبوونی مافی دەنگدانە، بەمەرجێ تەمەنی (١٨) ساڵ و زیاتر بێت و دانیشتووی هەرێمی کوردستان بێت، ئەوا مافی دەنگدانی هەیە، بەبێ بوونی تۆماری دەنگدەران، [١] کە کاریگەریی لەسەر کۆی پرۆسەکانی هەڵبژاردن هەبوو.

لەعێراقیشدا دووای ڕوخانی ڕژێمی پێشوو سەرژمێری گشتی ئەنجام نەدراوە، [٢] ئەرکی ئامادەکردنی تۆماری دەنگدەرانیش خراوەتە ئەستۆی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق، وەك لە یاسا و ڕێسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٠٤ ی تۆماری دەنگدەراندا هاتووە، کۆمسیۆنیش بەپشتبەستن بەیاسا پەیوەندیدارەکانی وەك (یاسای بەڕێوەبردنی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە و یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لەعێراق و یاسای هەڵبژاردنەکان و یاسای پارت و قەوارە سیاسیەکان (فەرمانەکانی ٩٢، ٩٦، ٩٧) ی نوسراو بەمێژووەکانی ٢٠٠٤/٥/٣١ و ٢٠٠٤/٦/١٥ ی دەرچوو لەلایەن دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانانەوە)، بڕیاری دەرچواندنی ئەو یاساو ڕێسایەی داوە: یاساو ڕێسای ژمارە (٢) ی ساڵی ٢٠٠٤ ی تۆمارکردنی دەنگدەران (تۆمارکردنی دەنگدەران لەسەر بنەمای ئەو زانیارییانەی دەبێت لە سیستەمی دابەشکردنی گشتی کارتەکانی خۆراك (کۆبۆن)ەوە وەدەستدەخرێن و لە ماوەی تۆمارکردنەکەشدا پەرەیان پێدەدرێت و هەر هەموارکردنێك پێویست بێت بەسەریاندا جێبەجێ دەکرێت)، یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق ژمارە (١٦) ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو هەڵنەساوە بەرێکخستنی پێکهێنانی لیژنەی تۆمارکردن لە تۆماری دەنگدەران، بەلام تێبینی ئەوە دەکرێت ئەو مەرجانەی کە یاسادانەری عێراقی دایناوە لەسەر ئەو کەسانەی کە دەبنە دەنگدەر دەبێت ناویان لە تۆماری دەنگدەراندا تۆمار کرابێت.[٣]

کۆمسیۆنی ئیتیحادی دووای پەسەندکردنی دەستور بەپێی یاسای ژمارە (١١) کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن دامەزرا، کۆمسیۆنیش لە(٢٠٠٨/٦/٢٤) سیستەمی ژمارە (٧)ی نوێکردنەوەی تۆمارنامەی دەنگدەرانی دەرکرد و پشتی بەداتاکانی کۆمپانیای خۆراك و داتاکانی خولی یەکەمی ئەنجومەنی کۆمسیاران بەست لەئامادەکردنی تۆماری دەنگدەران و نوێکردنەوەیدا، بۆ ئەو مەبەستە کۆمسیۆن سیستەمی نوێکردنەوەی تۆماری

(١)- ڕێکارەکانی هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢/٥/١١ ، بەیانی ژمارە ٧٠.

(٢)- لە زنجیرەی نۆیەمی مادەی (١١٠) ی دەستوری کۆماری عیراقی ئیتیحادی دا هاتووە: **"دەسەلاتەکانی فیدرالی تایبەتمەند دەبێت بەم دەسەلاتە ژمێردراوانە"** بڕگەی نۆیەم **"ئامار و سەرژمێری گشتی دانیشتوان"** و یاسای ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٠٧ یاسای کۆمسیۆنی بالای سەربەخۆی هەڵبژاردنی ئیتیحادی، یاساو ڕێسای ژمارە (٢)ی سالی ٢٠٠٤، و پەیرەوی ژمارە (٧)ی سالی ٢٠٠٨، ئامارەکانی کۆبۆنی خۆراك کراوەتە ئاماری فەرمی کۆمسیۆن پشتیان پێ ببەستێت.

(٣)- بڕوانە مادەی (٣) بڕگەی (٤)ی یاسای هەڵبژاردنی ژمارە (١٦)ی ساڵی ٢٠٠٥.

دەنگدەرانی بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٠٩ی دەرکرد، ئەوەش بەپشت بەستن بەو دەسەڵاتەی بۆ ئەنجومەنی کۆمسیاران لەمادەی (٤) ی برگە (٨)ی یاسای کۆمسیۆن دراوە، کۆمسیۆنی هەڵبژاردن کە لەسەر دەستی دەسەڵاتی هاوپەیمانان دروستکرا، بەبڕیاری ژمارە (٩٢) لە ٢٠٠٤/٥/٣٠ رێکارەکانی ئەم بڕیارە بوون بەپێشینەیەك بۆ کۆمسیۆنی هەڵبژاردن دووای پەسەندکردنی دەستور، ئەمەش کاریگەریی لەسەر کۆی پرۆسەکە دروستکرد، چونکە لەبنچینەدا داتاکانی خۆراك لەسەر بنچینەیەکی یاسایی و دروست ئامادە نەکرابوو، چەندین ناوی نادروست و بێ بنەما و ناوی دووبارە خزێنرانە ناو تۆماری دەنگدەران، شێوازی سڕینەوەی ناوی مردوەکانیش سەرکەوتوو نەبوو.

هەروەها بەپێی دەستور دەسەڵاتی حەسری حکومەتی فیدراڵە بەئەنجامدانی سەرژمێری گشتی هەڵبستێت.[1] ئەمەش وایکردووە پشت بەداتاکانی کۆمپانیای خۆراك ببەسترێت، لەهەمان کاتدا ئاماژە بەبەڵگە فەرمیەکان نەدراوە کە دەنگدەر لەکاتی تۆمارکردنی ناوی لەلیستی دەنگدەراندا بیداتە لایەنە پەیوەندیدارەکان، لەیاساکانی هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستانیش دوور و نزیك ئاماژە بەسەرچاوەی داتاکان و بەڵگەنامە فەرمیەکان نەکراوە کەکۆمسیۆنی هەڵبژاردن و راپرسی لە هەرێمی کوردستان لەقۆناغی سەرەتای کارکردنیدا پشتیان پێ ببەستێت. ئەمە جگە لەوەی نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران بۆ هەر پرۆسەیەکی هەڵبژاردن کاتێکی زۆر و خەرجیەکی زۆری پێویستە، بەشێوەیەك بڕی تێچوی هەر دەنگدەرێك (١٠-١٢) دۆلار بووە لە پرۆسەکانی رابردوودا. بێگومان ئەمەش بارگرانییەکی زۆرە لەسەر بودجەی وڵات، ئەم خشتەیەی خوارەوە رونیدەکاتەوە کەرێکاری دروستکردن و نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران لە عێراقدا بەشێوازێکی تەندروست رێکنەخراوەو بەرێوە نەچووە:

| ز | جۆری پرۆسە | رۆژ |
|---|---|---|
| ١ | پرۆسەی دامەزراندنی کارمەندان | ٢١ |
| ٢ | راهێنانی کارمەندان | ١٢ |
| ٣ | کردنەوەی دەرگای ناوەندەکان بە رووی دەنگدەراندا | ٣٠ |
| ٤ | نوێکردنەوەی تۆمار و تێکردنی گۆڕانکارییەکان | ٣١ |
| ٥ | خستنەڕووی تانە | ٧ |
| ٦ | سکاڵا | ١٢ |
| ٧ | شیکردنەوەی داتاکان | ١٧ |
| ٨ | گۆڕینی داتاکان بۆ تۆمار بە شێوەی PDF | ١٥ |
| ٩ | چاپکردنی تۆماری دەنگدەران | ٣٠ |
| ١٠ | دابەشکردنی تۆماری دەنگدەران | ٦ |
| کۆی گشتی | | ١٨١ |

(١)- ماددەی (٤) برگەی (٨)ی یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنی عیراق هەمان سەرچاوەی پێشوو.

لەهەڵبژاردنـــەکانی پێشـــووتری هـــەرێمی کوردســـتان و عێراقـــدا تۆمـــاری دەنگـــدەران لـــەنێوان قـــەوارە سیاسیەکاندا جێگەی مشتومڕ و خاڵی ناکۆکی بووە، چونکە تا ئێستا نەتوانراوە ئەم پرسـە وا رێکبخرێـت کـە لەئاستی داواکاری قەوارە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان و عێراقدا بێت و جێگەی متمانەیان بێت.

لێرەدا کۆمەڵێك پرسیار دێنە پێشەوە: ئایا تۆماری دەنگدەران چۆن رێکدەخرێت؟ یاسا دەسـەڵاتی بـەکام لایەن داوە بەم کارە هەڵسێت؟ کەموکوڕییەکانی تۆماری دەنگدەران چین لە رابردوودا؟ ئایا کۆمسیۆن پابەنـد کراوە پشت بەکام داتاو بەڵگەنامەی فەرمی ببەستێت؟ ئایا ئەم کارە گرنگـە بەکۆمسـیۆن دەکرێـت؟ چ رێگـەو شـێوازێك پـەیرەو بکرێـت لـە ئامـادەکردنی تۆمـاری دەنگدەرانـدا؟ لـە یاسـای کۆمسـیۆنی بـاڵای سـەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی هەرێمی کوردستان–عێراق و یاساکانی هەڵبـژاردنی (پەرلـەمانی کوردسـتان، ئەنجومـەنی قەزاو ناحیەکان، سەرۆکایەتی هەرێم) چۆن مافی دەنگدان و تۆماری دەنگدەران دەقنوس کراون؟ چی بکرێـت لە ئاییندەدا؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە هەوڵدەدرێت لێرەدا شرۆڤەی یاسا پەیوەندیدارەکان بکرێت.[1]

(١)– سلێمان مستەفا حەسەن: تۆماری دەنگدەران لە یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی، و یاساکانی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان– عیراقدا، ل٩–١٠.

## تۆماری دەنگدەران لە هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستاندا

بە حوکمی ئەوەی هەرێمی کوردستان بەشێکە لـەعێراق، تۆمـاری دەنگـدەرانیش پەیوەنـدی بەسـەرژمێری دانیشتوانەوە هەیە، بۆیە دەبێت هەرێم هانا بباتەوە بەر ئەو سـەرژمێر و داتایانـەی حکومـەتی عێـراق لـەماوە جیاجیاکاندا کردوونی.

لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمی پەرلەماندا لە ١٩٩٢/٥/١٩ کە بـەرەی کوردسـتانی ئەنجامیـدا، بـەپێی یاسـای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ ی هەڵبژاردنی کوردستان **"هەموو هاوڵاتیەکی هـەرێمی کوردسـتان مـافی دەنگـدانی هەبوو بەمەرجێك هاوڵاتی کوردستانی عێراق بێت و تەمەنی (١٨) ساڵی تەواو کردبێت"**.[١]

لەبەر ئـەوەی لـەو سـەردەمەدا هـیچ تۆمـارێکی دەنگـدەران نـەبوو، هـەر بۆیـە هـەموو هاوڵاتیـەك مەرجـە یاساییەکەی تیادا بووایە دەیتوانی بچێتە بنکەکانی دەنگدان و دەنگ بدات، بۆ ئـەوەی کەسـی دەنگـدەر زیـاد لەجارێك دەنگ نەدات و رێگە لەساختەکاری بگیرێت وێرای ئەوەی بە مەرەکەبێك پەنجـەی رەنـگ دەکـرا، ئـەو پێناسەیەی هاوڵاتی دەنگدەر پێی بوو (احوال مدنی) کونێکی لێ ئەکرا تا دووبارە دەنگ نەداتەوە.

بەپێی ئەو داتایانەی لەو سەردەمەدا لەبەردەست بوون و هەڵبژاردنی خـولی یەکـەمیان پـێ ئەنجامـدرا بـەم شێوەیە بوو:[٢]

| ز | پارێزگا | ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەبوو | ئەوانەی دەنگیاندا بە ژمارە | رێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | هەولێر | 450.000 | 349.164 | 77.6% |
| ٢ | سلێمانی | 340.000 | 335.827 | 98.8% |
| ٣ | دهۆك | 178.000 | 198.352 | 111.4% |
| ٤ | کەرکوك | 144.000 | 88.610 | 61.5% |
| | **کۆی گشتی** | 1.112.000 | 971.953 | 86.4% |

هەڵبژاردنی خـولی دووەمـی پەرلـەمانی کوردسـتان لـەرۆژی ٣٠ کـانوونی دووەمـی سـاڵی ٢٠٠٥ ئەنجامـدرا، کەهاوکات بوو لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان. ئەمـە یەکـەمین هەڵبـژاردنی گشـتی بـوو کـەدوای رووخـانی رژێمـی بـەعس لەکوردسـتان و عێـراق ئـەنجام درا. لـەم هەڵبژاردنـەدا دانیشـتوانی کوردسـتان جیـا لەدانیشـتوانی ناوچـەکانی تـری عێـراق لەیـەك کاتـدا دەنگیـان بـۆ

(١)– ماددەی (٢٠) لە ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ ی یاسای ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان.

(٢)– توانا قادر ابوبکر: بەرەی کوردستانی ١٩٨٧–١٩٩٢، ماستەر نامە، زانکۆی راپەڕین، ٢٠١٧، ل١٢٧.

هەڵبـژاردنی ٣ ئەنجومـەنی جیـادا ئـەوانیش: پەرلـەمانی کوردسـتان، کەلەسـنووری پارێزگاکـانی (سـلێمانی، هەولێرو دهۆك) ئەنجامدرا، هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و ئەنجومەنی پارێزگاکان.

ئەم هەڵبژاردنـە بەسیسـتمی (نوێنەرایـەتی رێـژەیی) بەڕێوەچـوو. کـە (٢,٢٩٠,٧٣٦) کـەس لەدانیشـتوانی هـەرێمی کوردسـتان مـافی دەنگـدانیان هـەبوو و تیایـدا (١,٧٥٣,٩١٩) کـەس بەشـداریان لەپرۆسـەکەدا کـرد کەدەکاتە رێژەی (٧٥.٦٪)ی سەرجەم دانیشتوانی هەرێم. لەم خولەدا، ژمـارەی ئەنـدامانی پەرلـەمان لـە ١٠٥ ئەندام بۆ ١١١ ئەندام بەرزکرایەوە.

لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمان کە لە ٢٠٠٩/٧/٢٥ دا ئەنجامدرا، ئەم خولە جیـاوازبوو لەخولـەکانی تر، بەوەی ئۆپۆزسیۆن سەری هەڵداو چووە پەرلەمانـەوە، لەهـەرێمی کوردسـتان (٢,٤٠١,٧٩٥) کـەس مـافی دەنگدانیان هەبوو و لەو ژمارەیە (١,٨٧٦,١٩٦) کەس بەشدارییان لەدەنگدانەکەدا کـرد کـە دەیکـردە رێـژەی (٧٨.١٪) سەرجەم دەنگدەرانی هەرێم.

لەهەڵبژاردنی خـولی چوارەمیشـدا کـە لـە ٢٠١٣/٩/٢١ ئەنجامـدرا، (٢,٨٠٣,٣٨٢) کـەس مـافی دەنگـدانیان هەبوو و (١,٩٦٨,٧٧٥) کەس بەشداریان کرد بەرێژەی (٧٠.٢٪)ی تێکڕای دەنگدەرانی هەرێم.

لە ریفراندۆمی ٢٠١٧/٩/٢٥ دا هەرێمی کوردستان رێژەی دەنگدان بەم شێوەیە بوو:

| ز | پارێزگا | ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەبوو | ئەوانەی دەنگیاندا بە ژمارە | رێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | هەولێر | ١١٤٧١٢٣ | ٧٢٦٥٤٠ | ٪٦٣.٣٣ |
| ٢ | سلێمانی | ١٣٤٣٥٢١ | ٦٤٨٢٥١ | ٪٤٨.٢٥ |
| ٣ | دهۆك | ٧٥٦٦٩٧ | ٩٩٤٤٢٧ | ٪١٣١.٤١ |
| کۆی گشتی | | ٣٢٤٧٣٤١ | ٢٣٦٩٢١٨ | ٪٧٢.٩٥ |

## تۆماری دەنگدەران لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ ی هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان

یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢)ی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، هەم یەکەم یاسای پەرلەمانی کوردستانەو هەم هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان چ لە رابردوو و چ لە ئێستادا بەم یاسایە ئەنجام دراوەو دەدرێت، تائێستا چەند جارێك هەموار کراوە، هەر لەم یاسایەشدا باس لە تۆماری دەنگدەران کراوە.

لە ماددەی (٦)ی یاساکەدا هاتووە: **"بە یاسایەك دەستەیەکی باڵای سەربەخۆ پێکدەهێنرێت بۆ سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکان و بەڕێوەبردنی کارەکانی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، تۆماری دەنگدەران ئامادە دەکات، مەرکەزەکانی هەڵبژاردن لەهەرێمدا دەستنیشان دەکات، رێنمایی پێویست بۆ ئاسانکردنی رەوشی هەڵبژاردنەکان دەردەکات، سەرۆك و ئەندامانی لیژنە گەلی ناوەندەکانی ناوزەد دەکات".**[1] بە گوێرەی دەقی ماددەی سەرەوە کۆمسیۆن (دەستە) تۆماری دەنگدەران ئامادە دەکات، رێنمایی دەردەکات بۆ ئاسانکاری جێبەجێکردنی یاسای هەڵبژاردن.

لە ماددەی (١٥)ی هەمان یاسادا هاتووە: **"لیستەکانی ناوی دەنگدەران بۆ هەرێمی کوردستان بەپێی مەرکەزەکانی هەڵبژاردن ئامادە دەکرێن و بە پێی پیتی ئەبجەدی ریز دەکرێت و پیشە و ناونیشان و بەروار و شوێنی لەدایکبوونیان تێدا دەنوسرێت، ئەگەر ئەوەش نەکرا، ئەوا لەو بارەدا هەیئەی باڵا بۆی هەیە، رێگایەکی دیکەی لەبار بۆ وەدەستهێنانی ئەو مەبەستە بدۆزێتەوە".**[2] لە دەقی ماددەی سەرەوەدا هاتووە کەدەبێت تۆماری دەنگدەران (ناو، ناونیشان، پیشە، بەروار و شوێنی لەدایکبوون)ی تێدا بنوسرێت و لیستەکەش بە پێی پیتی ئەبجەدی ریز دەکرێت، بەڵام ئاماژەی بەوە نەداوە کەدەبێت کۆمسیۆن کام تۆمار و سەرژمێری بکاتە بنەمای رێکخستنی تۆماری دەنگدەران، هەروەها لەدەقی ماددەکەدا هاتووە ئەگەر ئەو رێگە نەکرا، رێگایەکی دیکەی لەبار، بۆ وەدەستهێنانی ئەو مەبەستە بدۆزێتەوە، ئەم برگەیە بەم شێوازە گونجاو نییە لەرێکخستنی تۆماری دەنگدەراندا، چونکە ئەرکی دەوڵەت (حکومەتی هەرێم) لێرەدا دیار و روون نییە، کە تۆماری هاوڵاتیانی نەبێت کەبتوانێت کۆمسیۆن پابەند بکات پێیەوە. هەروەها لە ماددەی (١٦)ی یاساکەدا هاتووە: **"دەستەی باڵا، بەلانی کەم (١٥) رۆژ پێش ماوەی دیاریکراوی دەنگدان، تۆمارەکان بەسەر مەرکەزەکانی دەنگداندا، لە هەرێمدا دابەشدەکات بۆ ئەوەی لە تابلۆی تایبەت بەم مەبەستە بەهاوڵاتیانی رابگەیەنێت بەمەرجێ بەمۆری دەستەی باڵا مۆر بکرێن، بەرواری راگەیاندنەکەشی لەسەر بنوسرێت لەگەڵ رەچاوکردنی ئەوەی لە ماددەی پانزەیەمدا هاتووە".**[3] بەسەرنجدان لە ناوەڕۆکی ئەم ماددەیە رووبەرووی پرسیارێك دەبینەوە، ئایا چۆن دەکرێت (١٥) رۆژ پێش دەنگدان تۆمارەکان بەسەر ناوەندەکان دابەشبکرێن

(١)- ماددەی (٦) یاسای هەلبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی سالی ١٩٩٢ ی هەمووارکراو.
(٢)-ماددەی (١٥) یاسای هەلبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی سالی ١٩٩٢ ی هەموارکراو.
(٣)-ماددەی (١٦) یاسای هەلبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی سالی ١٩٩٢ ی هەموارکراو.

بۆ دڵنیابوون لە ناوەکانیان و شوێنی دەنگدان، جا گواستنەوەی ناو بێت، یان سڕینەوەی، یاخود زیادکردنی، چونکە کۆمسیۆن لە رووی هونەریی و کاتەوە لەم ماوەیەدا ناتوانێت بەم کارە هەستێت، بەپێی ناوەڕۆکی ئەم ماددەیە ناتوانرێت کارەکان ئەنجام بدرێن، بۆیە باشتر وایە پێداچوونەوە بەم ماددەیەدا بکرێتەوە بەسوودوەرگرتن لە رای کەسانی شارەزا یان کۆمسیۆنی هەڵبژاردن و راپرسی هەرێمی کوردستان، بەڵام ئەگەر مەبەست ئەوە بێت تۆماری کۆتایی ١٥ رۆژ پێش پرۆسەی دەنگدان بەسەر ناوەندەکاندا دابەشبکرین تا رادەیەك دەکرێت.

لە ماددەی (١٨)ی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا هاتووە: **"بۆ هەر کەسێك مەرجەکانی دەنگدەری تێدا بێت و تۆمارکردنی ناوی فەرامۆش کرابێت لە خشتەی دەنگدەراندا، دەتوانێت داوای تۆمارکردنی ناوی بکات، بۆ هەر دەنگدەرێك هەیە داوای زیادکردنی ناوی هاوڵاتییەك بکات کە بە ناحەق تۆمارکردنی ناوی فەرامۆشکراوە یان داوای زیادکردنی ناوی هەر هاوڵاتییەك بکات کە بە ناحەق لە خشتەی دەنگدەراندا سڕدراوەتەوە، لە ماوەی دە رۆژدا لە بەرواری بڵاوکردنەوەی خشتەی دەنگدەرانەوە. داواکە، لەگەڵ رای لیژنەی مەرکەزی پەیوەندیداری هەڵبژاردن، پێشکەش بەهەیئەی باڵا دەکرێت، هەیئەی باڵاش لە ماوەیەکدا لەسێ رۆژ نەترازێ کە لەرۆژی پێشکەشکردنی داواکەوە دەستپێدەکات سەیر دەکات و یەکلایی دەکاتەوە"**.[(١)] ناوەڕۆکی ماددەی (١٨) ئەو راستییە دووپاتدەکاتەوە کە دژیەکییەك بەدیدەکرێت لە نێوان ماددەی (١٦) و (١٨)دا، چونکە لانی کەم دەبێت تۆماری دەنگدەران بەشێوە کلاسیکیەکەی مانگێگ بەر لە وادەی دەنگدان سەرجەم قۆناغەکانی تێپەڕاندبێت و ئامادەکرابێت بۆ چاپکردن، دەکرێت ئاماژە بەتۆماری سەرەتایی و تۆماری کۆتایی بدرێت.

لە ماددەی (١٩)ی هەمان یاسای پەرلەمانی کوردستاندا هاتووە: **"هەرهاوڵاتییەکی کوردستانی-عێراق چ نێر، چ مێ بۆی هەیە ببێتە دەنگدەر یان پاڵێوراو، ئەگەر ئەو مەرجانەی تێدابێت کە لەم یاسایەدا باسیان لێوەکراوە"**.[(٢)] واتە لایەنی پەیوەندیدار پابەندە بەتۆمارکردنی ناوی دەنگدەران بەبێ بوونی ویستی دەنگدەر، لە ماددەی (٢٠)یشدا هاتووە: **"مەرجە دەنگدەر هاوڵاتی کوردستانی عێراق بێت و هەژدە ساڵی تەواو کردبێت"**.[(٣)]

لە بەرامبەر ساختەکاری لە تۆماری دەنگدەراندا لە ماددەی (٥٧)دا هاتووە: **"هەر کەسێك ئەمانەی خوارەوەی کرد بۆ ماوەیەك بەند دەکرێت کە لە (٦) شەش مانگ کەمتر نەبێ و غەرامەیەکیشی لێوەردەگیرێت کە لە(١٠٠، ٠٠٠) سەد هەزار دینار کەمتر نەبێ و لە (٥٠٠، ٠٠٠) هەزار دیناریش زیاتر نەبێت:**

---

(١)-ماددەی (١٨) یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ ی هەمووارکراو.

(٢)-ماددەی (١٩) یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ ی هەمووارکراو.

(٣)-ماددەی (٢٠) یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ ی هەمووارکراو.

**١-بە ئەنقەست ناوێك یا ناوەكان یان سیفاتی قەڵبی لە خشتەی دەنگدەران تۆماركردن یان پێچەوانەی حوكمەكانی ئەم یاسایە ناوێكی تێدا نەنووسرێت.**

**٢-ناوی خۆی یان ناوی كەسێكی تری بەبێ بوونی مەرجی یاسایی پێویست تۆمار كرد و دەركەوت كە بەمە دەزانێت و هەر كەسێكی دیكەش كە ناوێكی تۆمار نەكرد یان سڕییەوە".** [١]

ئەگەر كار بەو ماددە یاساییە بكرێت، ئەوا بەشێكی زۆری هاوڵاتیان و تەنانەت كۆمسیۆنەكانی عێراق و كوردستانیش دەبوایە سزا بدرێن، چونكە ژمارەیەكی زۆر ناوی ساختەو مردوو و دووبارە لە تۆمارەكەدا هەیەو هەمو لایەكیشیان ئەو راستیە دەزانن.

لەماددەی (٥٩)دا هاتووە: **"هاوڵاتیانی هەرێمی كوردستان-عێراق، كە لەدەرەوە دادەنیشن مافی بەشداربوونیان لە هەڵبژاردنەكانی پەرلەمانی كوردستان-عێراق هەیە".** [٢] لێرەدا یاسا مافی دەنگدانی داوە بەهاوڵاتیان بەڵام مەرجی دەنگدەریان تیا فەراهەم بێت، بەڵام بەشدارپێكردنی هاوڵاتیانی دەرەوەی وڵات، بە چ شێوەیەك بەشداری بكەن؟ چۆن تۆماری دەنگدەرانیان بۆ رێكبخرێت؟ ئەو لایەنە كێیە كە ئەركی رێكخستنی وەردەگرێت؟ پشت بەكام داتاو زانیاری ببەسترێت؟ ئایا كام بەڵگەنامە بكرێتە بنەما؟ لە چەند وڵات و شار ناوەندی دەنگدان بكرێتەوە؟ ئەمانە ئەو پرسیارانەن كە لە دەقی ماددەكەدا وەڵامەكانیان بوونی نیە. هەر بۆیەشە تا ئێستا چوار خولی هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان كراوە، بەلام لەهیچ كامیاندا هاولاتیانی دەرەوە نەیانتوانیوە بەشداری بكەن.

لە مادەی (٦٠)ی یاسای پەرلەمانی كوردستاندا هاتووە: **"پرۆسەی دەنگدانی كارمەندانی هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆ، زێرەڤانی هەرێم، (پێشمەرگە) و سوپا، كارمەندانی نەخۆشخانەكان و بەندیخانەكان و حەپس و سجنەكان، لەچەند مەركەزێكی تایبەت بەخۆیان ئەنجامدەدرێت كەدەستەی كۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەكان بە هاودەنگی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەكاندا دەستنیشانیان دەكات، بەمەرجێ پێش چل و هەشت سەعات لە وادەی دەستپێكردنی هەڵبژاردنەكان ئەنجامبدرێت".** [٣]

دەنگدانی هێزە چەكدارەكان پێش وادەی دەنگدانی گشتی كارێكی باشە بۆ ئەوەی دەستكراوە بن لەرۆژی دەنگدانی گشتیداو ئاساییش و ئارامی وڵات بپارێزن و دەنگدەران بتوانن بەبێ ترس سەردانی ناوەندەكانی دەنگدان بكەن، بەڵام جیانەكردنەوەی تۆماری دەنگدەرانی هێزە چەكدارەكان لەكات و ساتی خۆیدا كارێكی خوازراو نیە، بۆیە پێویستە وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی پێشمەرگە پاڵپشت بەلیستی موچە تەواوی

---

(١)-ماددەی (٥٧) یاسای هەلبژاردنی پەرلەمانی كوردستان ژمارە (١)ی سالی ١٩٩٢ ی هەمواركراو.
(٢)-ماددەی (٥٩) یاسای هەلبژاردنی پەرلەمانی كوردستان ژمارە (١)ی سالی ١٩٩٢ ی هەمواركراو.
(٣)-ماددەی (٦٠) یاسای هەلبژاردنی پەرلەمانی كوردستان ژمارە (١)ی سالی ١٩٩٢ ی هەمواركراو.

زانیارییەکان بدات بەکۆمسیۆن بۆ ئەوەی تۆماری دەنگدەرانی هێزەچەکدارەکان بەتەواوی و یەکجاری لەتۆماری گشتی جیابکرێتەوە.

لەکۆتایی سەرنج و تێبینیەکانمان سەبارەت بە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ دەبێت ئاماژە بەزنجیرەی یەکەمی مادەی (٢٩) بکەین کە تیایدا هاتووە: **"لە دوای دڵنیابوونەوە لە لێهاتوویی دەنگدەر، لەوەی هەڵگری رەگەزنامەی عێراقییە، پسوڵەی دەنگدانی رادەست دەکرێت و ناوی نیشانە دەکرێت و بۆ پێگەی دیاریکراو بۆ دەنگدان رێنمایی دەکرێت".** [1] بە وردبوونەوە لە ناوەرۆکی ئەو ماددەیە دەبینین کەبوونی رەگەزنامەو هەڵگرتنی لە رۆژی دەنگدان کراوەتە مەرج کە کارتی دەنگدانی پێ بدرێت، لەم دەقە یاساییەدا هەست بە مەترسی قەوارەکان دەکرێت لەراستی و دروستی تۆماری دەنگدەران، لەهەمان کاتدا دژیەکییەك بەدیدەکرێت بەوەی کە مەرجە دەنگدەر سەرەڕای هەبوونی مەرجەکانی دەنگدەر ناوی لەتۆماری دەنگدەراندا هەبێت و لە رۆژی دەنگدان رەگەزنامەی عێراقی پێ بێت. کە دەبوایە لە بنچینەدا لەکاتی تۆمارکردنی ناوی دەنگدەران رەگەزنامەی عێراقی بکرایەتە بنەما بۆ تۆمارکردنی ناوی هاوڵاتیان. [2]

---

(١)–زنجیرەی (١)ی ماددەی (٢٩) یاسای هەلبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی سالی ١٩٩٢ ی هەموارکراو.

(٢)–وەرگیراوە لە : سلێمان مستەفا حەسەن: تۆماری دەنگدەران.

## تۆماری دەنگدەران لە یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان – عێراق

## یاسای ژمارە ( ٣ ) ی ساڵی ( ٢٠٠٩ )

لەمادەی چوارەمی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ دا هـاتووە: **"ئەنجومەنی پارێزگا لە ڕێگەی هەڵبـژاردنی ڕاستەوخۆ پێك دەهێنرێت و لە (٢٥) ئەندام پێکدێت بۆ هەر (٢٠٠٠٠٠) دووسەد هەزار کەس لەوانەی زیاد دەبن لـە (٥٠٠٠٠٠) پێنج سەد هەزار کەس ئەندامێکی تر دەخرێتە سەر، بەپێی نوێترین سەر ژمێری باوەڕ پێکراو، بەمەرجێك لیستی پاڵێوراوەکان بەشێوەیەك بێت کەڕێـژەی نوێنەرایـەتی ئـافرەت لـە ( ٣٠٪) ی ژمـارەی ئەنـدامانی کـەمتر نەبێ".** [١]

ئەوەی جێگەی سەرنجدانە لەناوەرۆکی ئەو مادده یاساییەدا دیاری کردنی ژمـارەی ئەنـدامانی ئەنجومـەنی پارێزگاکان بە پشت بەستن بە (نوێترین سەر ژمێری باوەڕ پێکراو )، نازانرێت مەبەستی لـە سـەرژمێری بـاوەڕ پێکراو چیە، ئەم ئامارە فەرمیە کـێ ئامـادەی دەکـات، کـام لایەنەیـە وەك ئامـاری فـەرمی پەسـەندیدەکات. هەروەها ئەگەر بۆ دیاریکردنی ژمارەی کورسیەکان نوێترین ئامار بکرێتە پێوەر، دەبوایە لەیاسای هەڵبـژاردنی ئەنجومـەنی پارێزگاکـانیش وەك کـارێکی لەپێشـینە بـۆ تۆمـاری دەنـگ دەرانـیش ئامـاژە بەسـەر ژمێـری بـاوەڕپێکراو بکرایـە، بـۆ ئـەوەی کۆمیسـیۆن پابەنـدبونی خـۆی بەیاسـا دوپـات بکردایەتـەوە لەڕێکخسـتن و نوێکردنەوەی تۆماری دەنگ دەران.

---

(١)– مادەی (٤)ی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان.

## تۆماری دەنگدەران لە یاسای ژمارە ( ٤ ) ساڵی ( ٢٠٠٩ )ی هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی پارێزگا و قەزاو ناحیەکان لە هەرێمی کوردستان- عێراق

لە زنجیرەی هەشتەم و نۆیەم مادەی یەکەمی یاسای (٤) ساڵی ٢٠٠٩ دا هاتووە مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریان بۆ مەبەستی ئەم یاسایە. زنجیرەی هەشتەم : تۆماری بەرای دەنگدەران: **"ئەو تۆمارەیە کە ناو و داتای دەنگ دەرانی تێدایە، لەلایەن دەستەوە ئامادە دەکرێت و بلاو دەکرێتەوە بۆ بینینی و پێشکەش کردنی تانە لەبارەیەوە"**. [1]

بەسەرنجدان لەناوەرۆکی ئەو برگەیە دورو نزیك باس لەو داتا فەرمیانە ناکات کە کۆمسیۆن بیانکاتە بنەمای کارکردن لەئامادەکردن و رێکخستن و نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەراندا. لەزنجیرەی نۆیەمدا هاتووە: **"تۆماری کۆتایی دەنگدەران : تۆمارێکە بۆ ناو و داتای دەنگدەران قابیلی تانە لێدان نییە، کە لەپاش کۆتایی هاتنی ماوەی پەڵپگرتن، بلاودەکرێتەوە"**.

ماددەی سێیەمی هەمان یاسا مەرجەکانی دەنگدەری باس کردووە بەم شێوەیەی خوارەوە: [2]

**یەکەم : بە رەگەزنامە عێراقی بێت.**

**دووەم : شیاوی تەواوی هەبێت.**

**سێیەم : (١٨) هەژدە ساڵی تەواو کردبێت.**

**چوارەم : تەنها لەتۆماری دەنگدەرانی ئەو پارێزگایەی کە هەڵبژاردنەکەی تێدادەکرێت تۆمار کرابێت بەگوێرەی حوکمەکانی ئەم یاسایە و ئەو رێنماییانەی لە دەستەوە دەردەچن.**

بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە، دەنگدەر مافی بەشداریکردنی بەستراوەتەوە بەبوونی ناوی لەتۆماری دەنگدەرانی پارێزگاکەی، بەڵام لەچۆنیەتی ئامادەکردنی تۆماری دەنگدەران باس لەداتای فەرمی و پشت پێبەستراو نەکراوە، جگە لەوە کەمەرجی رەگەزنامەی کردوەتە بنەما کە خۆی لەبنەرەتدا مافی هەر هاوڵاتییەك بەندە بەبوونی رەگەزنامەی وڵاتەکەی. بەڵام لە ئامادەکردنی تۆماری دەنگدەران ئەرکی دەزگاکانی هەرێمی تێدا ونە.

لەماددەی (٤)دا هاتووە: **"هەر کەسێك ئەمانەی خوارەوەی ئەنجامدا بۆ ماوەیەك بەند دەکرێت کە لە (٦) مانگ کەمتر نەبێ و غەرامەیەکیشی لێوەردەگیرێ کە لە (١٠٠٠٠٠) سەد هەزار دینار کەمتر نەبێ و (٥٠٠٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار زیاتر نەبێت.**

**یەکەم: بەئەنقەست ناوێك یان سیفەتی قەڵب لە تۆماری دەنگدەران دابنێت یاخود بە ئەنقەست ناوێك بە پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە دابنێت.**

**دووەم: هەر کەسێك ناوی خۆی یان ناوی غەیری خۆی بەبێ بونی مەرجی پێویستی یاسایی تۆمارکرد و دەرکەوت کە بەمە دەزانێت و کەسێکیش ناوێکی تری دانەنا یاخود لایدات.**

---

(١)- زنجیرەی (٨-٩)ی مادەی (١)ی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٠٩ی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا و قەزاو ناحیەکانی هەرێمی کوردستان- هەموار کراو.

(٢)-مادەی (٣)ی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٠٩ی هەلبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا و قەزاو ناحیەکانی هەرێمی کوردستان- هەموار کراو.

# تۆماری دەنگدەرانی پێکهاتەکان

بەمەبەستی چارەسەرکردنی گرفتی پێکهاتە نەتەوەییەکانی هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوەی نوێنەریان لە پەرلەماندا هەبێت ئەم پرسە بەکۆتا چارەسەری بۆ دۆزرایەوە، بە پێی دەقی ماددەی (٣٦)ی دووبارە لە یاسای ژمارە(١)ی ساڵی (١٩٩٢) یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی هەموارکراو، کورسی پێکهاتەکان بەم شێوەیە تەرخان کراون: "**بۆ پێکهاتەی تورکمان پێنج کورسی، پێکهاتەی سریان کلدان ئاشوری پێنج کورسی، بۆ پێکهاتەی ئەرمەن یەك کورسی**".

بەپێی دەقی ماددەی (٣٢)ی دووبارە لە یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٠٩) یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی پارێزگاکان و قەزاوناحیەی هەموارکراو، کورسی بۆ پێك هاتەکان بەمشێوەیە تەرخان کراون لە پارێزگای هەولێر (٢) کورسی بۆ سریان کلدان ئاشوری، (٣) کورسی بۆ تورکمان، لەپارێزگای سلێمانی (١) کورسی بۆ پێکهاتەی سریان کلدان ئاشوری، لەپارێزگای دهۆك (٢) کورسی بۆ پێکهاتەی سریان کلدان ئاشوری، (١) کورسی بۆ پێکهاتەی ئەرمەن.[1]

دەکرێت لێرەدا بپرسین ئایا مەبەست لە کورسی کۆتای پێکهاتەکان چییە؟ بێگومان وەڵامەکەی ڕوونە، کورسی کۆتای پێکهاتەکان ئەو کورسیەیە کە بۆ پێکهاتەیەکی دیاریکراو دەستنیشان دەکرێت بۆ ئەوەی دەنگدەرانی هەر پێکهاتەیەك دەنگ بۆ کاندیدانی خۆیان بدەن و کاندیدی ڕاستەقینەی خۆیان دەستنیشان بکەن. واتە نوێنەری هەر پێکهاتەیەك تەنها بەدەنگی پێکهاتەکەی خۆی بگاتە نوێنەرایەتی لەپەرلەمان و ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان. بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم پرسە بەکراوەیی هێڵدرایەوە تا ڕادەیەك ڕاو بۆچونی جیاجیای لەسەر دروستبوو، گومان لە حیکمەتی بوونی کورسی کۆتاکان هاتە ئارا، بەوەی چۆن دەبێت دەنگدەری ئەو پێکهاتانەی دەنگدەریان زۆرە بتوانن دەنگ بەکاندیدی پێکهاتەکانی تریش بدەن. ئەمەش وای کرد کە ئەم پرسە ئامانجی ڕاستەقینەی خۆی نەپێکێت. ئەوەی جێگای نیگەرانییە زۆر جار لەلایەن قەوارە گەورەکان تاڕادەیەك ئەم پرسە قۆزراوەتەوە و ناکۆکی و دەنگی جیاجیای دروست کردووە.[2]

بۆ ئەوەی تەرخانکردنی کورسی کۆتا ئامانجی خۆی بپێکێت، گرنگە کە تۆماری دەنگدەرانی پێکهاتەکان جیابکرێتەوە، بۆ ئەوەی ڕۆڵەکانی هەر پێکهاتەیەك ئازادانە بتوانن تەنها دەنگ بە کاندیدی پێکهاتەی خۆیان بدەن و نوێنەرانی پێکهاتەکەش نوێنەرایەتی ڕاستەقینەیان بکەن. هەر چەندە لەخاڵی پێنجەمی ماددەی (٣٢)ی دووبارە لەیاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا و قەزا و ناحیەکاندا ئاماژە دراوە بەوەی کە دەنگدەرانی هەر پێکهاتەیەك دەنگ بەپاڵێوراوانی پێکهاتەی خۆیان بدەن، بەڵام بەپێی دەقی ماددەی (١)ی یاسای ژمارە (١٦)ی ساڵی (٢٠١٣) یاسای دووەمین هەمووارکردنی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا و قەزا و ناحیەکان ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٠٩) کارکردن بەم بڕگەیە ڕاگیرا لەخولی دووەمی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا و قەزا و ناحیەکاندا.[3]

---

(١)–مادەی (٣٢)ی دووبارە یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٠٩ی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا و قەزاو ناحیەکانی هەرێمی کوردستان– هەموار کراو.

(٢)–سلێمان مستەفا: تۆماری دەنگدەران، ل١٧.

(٣)–ماددەی (١)ی یاسای ژمارە (١٦)ی ساڵی (٢٠١٣) یاسای دووەمین هەمووارکردنی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا و قەزا و ناحیەکان ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٠٩).

## تۆماری دەنگدەران لە هەڵبژاردنەکانی ساڵانی ٢٠١٣ و ٢٠١٤ دا

بەهۆی گومانی لایەنە سیاسییەکان لەتۆماری دەنگدەران و بوونی ژمارەیەکی زۆری ناوی ساختە لەتۆمارەکە، لەخولی سێیەمی پەرلەماندا، پەرلەمانتاران لەیاداشتێکدا کە ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانیان کردبوو و (٣٩) ئیمزای بەسەرەوە بوو داوای پاککردنەوەی تۆمارەکەیان دەکرد، لەئەنجامدا لەمانگی تەمموزی ٢٠١٣ دا بە بڕیاری ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٣ی پەرلەمان لە (٢٠١٣/٧/٧) لیژنەیەک پێکهات لەنوێنەرانی فراکسیۆنە جیاجیاکان بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لەو مەسەلەیە، لیژنەکە دووای دوو مانگ ئیشکردن لەسەر کەیسەکەو کۆبوونەوە و بەدواداچوون لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی وەک: (کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن، وەزارەتەکانی ناوخۆ و بازرگانی و تەندروستی) راپۆرتی خۆیان بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان نوسییەوە و تیایدا داواکرابوو کە ئەم تۆمارە سەدان هەزار ناوی مردوو و دووبارەو ساختەی تیایەو دەبێت پاک بکرێتەوە، بەپێی یاسا دەبوایە پەرلەمان کۆبوونەوە لەسەر ئەم راپۆرتە بکات و دووای خوێندنەوەی راسپاردەکانی بخرێتە دەنگدانەوە کە ئاخۆ ئەم تۆمارە پێویستە پاک بکرێتەوە یان نا؟ بەڵام بەهۆی بارودۆخی سیاسیی ئەوکاتە و گرژی و ململانێی لایەنە سیاسیەکان، سەرۆکایەتی پەرلەمان کەمتەرخەمیی کرد و گوێی لە راسپاردەکانی لیژنەکە نەگرت و راپۆرتەکەی پشتگوێ خست و کۆبوونەوەکەی ئەنجام نەدا. لە ئەنجامدا هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان بەهەمان تۆماری پڕ لە ساختەکاری بەڕێوە چوو، ئەو تۆمارەی کەبەپێی راپۆرتی لیژنەکە سەدان هەزار لە ناوی مردوو و دووبارە و کەسانی دەرەوەی هەرێم ناویان لە تۆمارەکەدا هەبوو. ئەمەش بووە مایەی ئەوەی کە ئەو جۆرە لە ساختەکارییە بە یاسایی بکرێت. دواتر هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیش لە نیسانی ٢٠١٤ بەهەمان تۆمار ئەنجامدرا بەبێ ئەوەی هیچ کام لە لایەنە سیاسیەکان هەوڵی پاک کردنەوەی بدەن!

وێرای گزیی و ساختەکارییەکانی تر لەم دوو هەڵبژاردنەدا کە شاراوە نەبوو و هەم حزبە سیاسیەکان و هەم رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی کە چاودێر بوون دەستنیشانیان کردوو و لەو سەردەمدا باسیان لێوە کرد، تۆماری دەنگدەرانیش بەشێکی سەرەکی و هۆکارێکی ساختەکارییەکە بوو.

## تۆماری دەنگدەران لای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و را پرسی

دروستکردنی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی لە هەرێمی کوردستاندا، وێرای ئەو تێبینیانەی لە شێوازی دروستکردنیدا لەسەری بوو، هەنگاوێکی بوێرانەو لەشوێنی خۆیدا بوو کە هەرێم دامودەزگای لەم شێوەیەی خۆی هەبێت و بۆ هەموو مەسەلەیەك روو لە ناوەند نەکات.

بەپێی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٤ ی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی کوردستان پێکهێنرا، لە رۆژی (٢٠١٤/١٢/٣) ئەندامانی کۆمسیۆن لەپەرلەمان دەنگیان پێ دراو سوێندی یاساییان خوارد و دەستبەکار بوون.

بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت سەرباری بوونی کۆمەڵێك کەسانی پسپۆر و شارەزاو دڵسۆز لەم کۆمسیۆنەدا، هەر لەسەرەتای دامەزراندنیەوە ئاستەنگ و لەمپەر لەبەردەم کارەکانی دروستکراوە، بودجەی پێویستی بۆ دابین نەکراوە، هەماهەنگی نێوان کۆمسیۆن و دامودەزگا فەرمیە پەیوەندارەکان نەبوو، دامەزراندنی بەڕێوەبەرە گشتیەکانی و بەڕێوەبەر و فەرمانبەرەکانی زۆر دواخرا، لەکاتێکدا کە کۆمسیاران لە (٢٠١٤/١٢/٣) دا لە پەرلەمان متمانەیان پێ بەخشرا، بەڕێوەبەرە گشتیەکان لە (٢٠١٧/٣/١٥) فەرمانی دەستبەکاربوونیان بۆ کرا، فەرمانبەرەکانیش لە (مانگی پێنجی ٢٠١٧) فەرمانی دامەزراندنیان بۆ دەرچوو، هەر بۆیە نەیانتوانی تۆمارێکی دەنگدەرانی پاك لەکاتی خۆی ئامادە بکەن، لەکاتی پێویستدا رێگەی لێ گیرا کارەکانی خۆی بکات، دواتر کە کات نەمابوو لێیان کەوتنە پەلەپروزێ بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن کەکۆمسیۆن ئامادەکاریی نەبوو، ئەمەش کاریگەریی خراپی بەسەر پرۆسەی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکانەوە دەبێت.

کاتێك سەیری یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٤ دەکەین پەیوەندیدار بە ئامادەکردنی تۆماری دەنگدەران کۆمەڵێك کەلێن و کەموکوڕی بەرچاودەکەوێت، لە یاساکەدا ئەرکی کۆمسیۆنە راستەوخۆ هەڵسێت بەئامادەکردنی تۆماری دەنگدەران لە هەرێمی کوردستاندا، بەڵام بەوردی باس لە تۆماری دەنگدەران نەکراوە، لەهەمان کاتدا ئاماژەی بەوە نەکردووە کەکۆمسیۆن لە نوێکردنەوەی تۆمارەکەدا پشت بەکامە لەداتاو بەلگەنامەکانی وڵات ببەستێت، لێرەدا هەست بەکەموکوڕییەکی زۆر گەورە دەکرێت، چونکە کۆمسیۆن دەبێت لە ئامادەکردن و رێکخستن و نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەراندا پشت بە سەرژمێرییەکی پشتڕاستکراوە ببەستێت، بۆ ئەوەی نەبێتە شوێنی تانە لێدان لەلایەن قەوارە سیاسییەکان و چاودێران و رێکخراوەکانی بواری هەڵبژاردن، جا ئاماری سەرژمێری گشتی یان زانیارییەکانی فەرمانگەکانی تۆماری باری کەسێتی هەرێمی کوردستان بن.

هەر لە هەمان یاسادا ئەنجومەنی کۆمسیاران سەرپشك کراوە لە گرتنەبەری رێگەو شێوازی تازە بۆ ئامادەکردنی تۆماری دەنگدەران، چۆنیەتی ئامادەکردن و نوێکردنەوەشی سپاردووە بەکۆمسیۆنی هەڵبژاردن و راپرسی. بۆ ئەم کارەش کۆمسیۆن دەبێت سیستم و رێکاری تایبەت دەربکات بۆ رێکخستن و ئامادەکردن و

نوێکردنەوەو چۆنیەتی تانەلێدان لە تۆماری دەنگدەران. بەڵام نازانرێت ئایا کۆمسیۆن پشت بە کام داتا و زانیاری ببەستێت. بۆ بەرچاو روونی زیاتر لەو بارەیەوە هەوڵدەدەین شرۆڤەی ماددەو برگە پەیوەندارەکان بەتۆماری دەنگدەرانەوە لە یاساکەدا بکەین:

یەکەم: لەزنجیرەی یەکەمی مادەی (٢)ی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٤ دا هاتووە: **"بەگوێرەی ئەم یاسایە دەستەیەك دادەمەزرێت لەژێر ناوی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی بۆ ئەوەی ببێتە تاکە دەسەڵات کەرێکاری هەموو هەڵبژاردن و راپرسییە گشتیەکان ئەنجام دەدات لەسەر ئاستی سەرتاسەری کوردستان-عێراق"**.[1] بەپێی دەقی مادەی سەرەوە کۆمسیۆن تاکە دەسەڵاتە لە رێکخستن و ئامادەکردن و نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران.

لە مادەی (٤)ی هەمان یاسادا داتووە: **"کۆمسیۆن ئەمانەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ"** و لە زنجیرەی پێنجەمی مادەی (٤)دا هاتووە: **"بەرێوەبردنی پرۆسەی تۆمارکردنی دەنگدەران و رێکخستن و نوێکردنەوەی تۆمارەکانیان بۆ مسۆگەرکردنی مافی هەڵبژاردنیان"**[2] ناوەرۆکی ئەم ماددەیەش دووپاتی دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کۆمسیۆن تاکە دەسەڵاتە لە رێکخستن و ئامادەکردن و نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران.

دووەم: لە زنجیرەی یەکەمی ماددەی (٦)ی یاساکەدا هاتووە: **"ئەنجومەن ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوە پیادە دەکات"**، لە برگەی یەکەمی زنجیرەی یەکەمی مادەی (٦)دا هاتووە: **"دامەزراندن و نوێکردنەوەو بژارکردنی تۆماری دەنگدەران لە رێی هەموو جۆرە شێوازێکی تازەی بەردەست، لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکانیش پێویستە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ ئەنجومەندا بکەن بۆ گەیشتن بەم مەبەستە"**.[3]

سێیەم: لە زنجیرەی چوارەم لە ماددەی (١٦)ی هەمان یاسادا هاتووە: **"دەرکردنی پەیرەوی پێویست بۆ ئاسانکاری جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە"**.[4] لێرەدا ئەو راستیەمان بۆ ئاشکرا بوو کە لە یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٤ دا ئەرکێکی گران خراوەتە ئەستۆی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی، بێگومان ئامادەکردن و رێکخستنی تۆماری دەنگدەران لەحاڵەتێکی وەك ئێستادا کە هیچ داتا و زانیارییەکی باوەڕ پێکراو لەبەردەست نییە، کارێکی سەخت و گرانە و لە ئایندەش کەم و کورییەکان بەئاسانی چارەسەر ناکرێن.

سەبارەت بە نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران بۆ هەریەك لە راپرسیی گشتی و هەڵبژاردنی پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێم، کۆمسیۆن دوو پەیرەوی دەرکردووە.

---

(١)–مادەی (٢) لە یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٤ ی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی.

(٢)–مادەی (٤) لە یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٤ ی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی.

(٣)–مادەی (٦) لە یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٤ ی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی.

(٤)– مادەی (١٦) لە یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٤ ی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی.

أ-پەیرەوی ئامادەکردن و نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران و خستنەروو و تانەکان بۆ پرۆسەی راپرسی سەربەخۆیی کوردستان ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠١٧ لە ٢٠١٧/٨/١٥ لەلایەن ئەنجومەنی کۆمسیارانەوە پەسەند کراوە. بەڵام وەك پێویست کار بەو پەیرەوە نەکراو ئەو مەرجە یاساییانەی کە پێویست بوو بۆ نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران لەرووی کردارییەوە نەگیرایە بەر و پێشێلکاری کرا.

بۆ نمونە:

١-کاتی نوێکردنەوە ٢٠-٢٠١٧/٨/٢٧ دەستنیشان کرا کە ئەمەش کاتێکی زۆر کەمەو لەگەڵ هیچ پێوەرێکدا ناگونجێت.

٢-ژمارەی بنکەکانی تۆماری دەنگدەران لە پارێزگاکاندا کەم بوو و لەگەڵ ژمارەی بنکەکانی دەنگدان و ژمارەی دەنگدەراندا وێك نەدەهاتەوە.

٣-پرۆسەی تۆماری دەنگدەران لەپارێزگاکانی (نەینەوا، کەرکوك، سەلاحەدین و دیالە) ئەنجام نەدرا، هۆکارەکەشی ئەوەبوو لەو ماوەیەدا کە کۆمسیۆن بۆ نوێکردنەوەی تەرخان کردبوو هیچکام لەو پارێزگایانە نەئۆفیسی کۆمسیۆن تیایاندا دامەزرابوو و نە هیچ بنکەیەکی دەنگدانیان تیادا کرابوویەوەو نە هیچ فەرمانبەرێکیش بۆ ئەم مەبەستە دامەزرێنرابوو.

٤-لەماوەی پرۆسەی نوێکردنەوەدا کۆمسیۆن ناوی مردووانی لەتۆمارەکەدا نەسڕیەوە.

٥-لەماوەی پرۆسەی نوێکردنەوەدا کۆمسیۆن ناوە دووبارەکانی لەتۆمارەکەدا نەسڕیەوە.

٦-لەماوەی پرۆسەی نوێکردنەوەدا کۆمسیۆن ئەو ناوە ساختانەی لە تۆمارەکەدا بوون نەسڕیەوە.

ب-پەیرەوی ئامادەکردن و نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران و خستنەروو و تانەکان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمانی کوردستان-عێراق ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠١٧ لە ٢٠١٧/٨/٣٠ لەلایەن ئەنجومەنی کۆمسیارانەوە پەسەند کراوە.

سەبارەت بەم پەیرەوشیان کۆمسیۆن لە کاتی خۆیدا هیچ هەنگاوێکی نەنا و کاتی نوێکردنەوەش دەستنیشان نەکرا، هەرچەندە کۆمسیۆن ئەوەی راگەیاند ئامادەیە بۆ ئەنجامدانی هەلبژاردن بەلام تۆماری دەنگدەرانی نوێ نەکردەوەو دەیویست بەبێ نوێکردنەوەو پاك کردنەوە بچێتە نێو پرۆسەی هەڵبژاردنەوە، ئەمەش پێچەوانەی یاساو تەنانەت ئەو پەیرەوەش بوو کە خۆیان دەریانکردبوو و خودی کۆمسیارەکان ئیمزایان لەسەر کردبوو.

دووای ئەوەی پەرلەمانی کوردستان لە کۆبوونەوەی رۆژی (٢٠١٧/١٠/٢٤) دا تەمەنی خۆی بۆ دوو خولی گرێدان درێژ کردەوەو بەمەش هەلبژاردنەکان بۆ ساڵی داهاتوو (٢٠١٨) دواخران.

ئێستاش کات لەبەردەستدایە ئەگەر کۆمسیۆن کار بۆ نوێکردنەوەو پاك کردنەوەی تۆماری دەنگدەران بکات، ئەمە لەکاتێکدایە ئەگەر ئیرادە هەبێت و پاڵپشتی بکرێن و رێگەیان لێ نەگیرێت.

بۆ ئەم مەبەستەش مایەی خۆشحاڵیە کە کۆمسیۆن لە رۆژی (٢٠١٧/١١/٢٧) دا پەیرەوی ژمارە (١)ی دەرکرد سەبارەت بە (بژارکردنی تۆماری دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان). کە ئەم پەیرەوە هەنگاوێکی بەجێ و بوێرانەیە، بەومەرجەی رێکاری باشی بۆ دەربکرێت و لەجێبەجێکردندا بەتەواوی پەیرەو بکرێت.

## خەوشەکانی تۆماری دەنگدەرانی هەرێم

تۆماری دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان پڕە لە خەوش و کەموکوڕی و شیاو نیە بۆ هەڵبژاردنی پاك و بێگەرد، لێرەدا کەموکوڕییەکان لە چەند خاڵێکدا چڕ دەکەینەوە:

١-تا ئێستا ئامارێکی ورد لەبەردەستدا نیەو نازانرێت هەم ژمارەی دانیشتووانی هەرێم چەندەو هەم چەند کەس مافی دەنگدانی هەیە تا ناوی لە تۆماری دەنگدەراندا تۆمار بکرێت. هەر بۆ ئەم مەبەستەش ژمارەی جیاجیا هەیە.

بۆ نمونە: جیاوازییەکی بەراوردکاری لە نێوان ژمارەی دەنگدەر بۆ تۆماری دەنگدەرانی ساڵی ٢٠١٧ی عیراق لەهەر سێ پارێزگاکەی هەرێم لەگەڵ تۆماری دەنگدەرانی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن و راپرسیدا هەیە، تۆماری دەنگدەرانی هەرێم (٢٧٥٤٢٣) دووسەدو حەفتاو پێنج هەزارو چوارسەدو بیستوسێ ناوی لەو تۆمارە زیاترە کە کۆمسیۆنی **باڵای** هەڵبژاردنەکانی عێراق لە مانگی ئابی ٢٠١٧ دا بڵاوی کردۆتەوە. نازانرێت ئەم جیاوازییە زۆرە چیەو پێویستی بەبەدواداچوون هەیە، ئەگەر ئەم جیاوازییە چارەسەر نەکرێتو وادابنێین بەرکەوتەی هەڵبژاردن بۆ هەرکورسییەك (٢٠٠٠٠) بیست هەزار دەنگ بێت، ئەوا ئەو رێژەیە دەکاتە نزیکەی (١٣) کورسی ساختە لە هەڵبژاردندا.

| پارێزگا | داتای بایۆمەتری عێراق | داتای کۆمسیۆنی کوردستان | جیاوازی |
|---|---|---|---|
| سلێمانی | 1.241.954 | 1.343.521 | 101.567 |
| هەولێر | 1.041.837 | 1.147.123 | 105.286 |
| دهۆك | 688.127 | 756.697 | 68.570 |
| کۆی گشتی | 2.971.918 | 3.247.341 | 275.423 |

٢-تۆماری دەنگدەران لە هەرێم پشت بە فۆرمی کۆمپانیای خۆراك دەبەستێت و ئەم فۆرمەش کە لەساڵی ١٩٩٦ وە دروستکراوە بەڵام تا ئێستا ئەو کەسانەی مردوون لە ساڵی ١٩٩٦ وە دەگمەن نەبێت ناویان لە تۆمارەکە نەسراوەتەوە کە بە سەدان هەزار کەس دەخەملێنرێن.

بۆ نمونە: تەنها ئەو کەسانەی تەمەنیان لە نێوان (١٠٠) تا (١٦٤) ساڵدایە، واتە لەدایکبوونیان لەنێوان ساڵانی (١٨٥٣ – ١٩١٨) کە لە تۆمارەکەدا ناویان هاتووە (١١٧٩٩) یانزە هەزار و حەوت سەد و نەوەد و نۆ کەسن لەهەرێمی کوردستاندا. بەم شێوەیە: هەولێر (٣٤٩٩) کەس، دهۆك (٢١٢٩) کەس، سلێمانی (٦١٧١) کەس.















هەروەها بەپێی ئاماری ساڵی وەزارەتی تەندروستی لە ساڵانی (٢٠٠١–٢٠١٧) لە هەرێمی کوردستاندا (٢١٧٦٤٤) کەس مردوون و کەسیان ناویان لە تۆماری دەنگدەراندا نەسڕاوەتەوە. ئەمە جگە لە مردوانی ساڵانی (١٩٩٦–٢٠٠١) ناوەکانیان دەست نەکەوتوون و لەو ژمارەیەدا نیە.

**ژمارەی مردوان بە پێ ی پارێزگا لە ساڵانی ٢٠٠١- ٢٠١٧**

| ساڵ | هەولێر | دهۆک | سلێمانی | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| 2001 | 2265 | 1198 | 5231 | 8694 |
| 2002 | 2240 | 1297 | 5987 | 9524 |
| 2003 | 2500 | 2500 | 6730 | 11730 |
| 2004 | 3069 | 2987 | 6023 | 12079 |
| 2005 | 2820 | 2541 | 6432 | 11793 |
| 2006 | 3082 | 3510 | 6480 | 13072 |
| 2007 | 3365 | 3211 | 7057 | 13633 |
| 2008 | 3275 | 4957 | 6898 | 15130 |
| 2009 | 3495 | 5972 | 7084 | 16551 |
| 2010 | 4333 | 5359 | 7040 | 16732 |
| 2011 | 4997 | 6706 | 8275 | 19978 |
| 2012 | 8077 | 7037 | 8671 | 23785 |
| 2013 | 3283 | 1260 | 1341 | 5884 |
| 2014 | 4105 | 1678 | 2900 | 8683 |
| 2015 | 3450 | 4463 | 925 | 8838 |
| 2016 | 5725 | 6135 | 4674 | 16534 |
| 2017 | 2861 | 1785 | 1670 | 6316 |
| کۆی گشتی | 62.942 | 62.596 | 93.409 | 218.956 |

٣–ئەو کەسانەی دانیشتووی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم بوون و پێشتر لە هـەرێم نیشـتەجێ بوون بـەڵام دواتـر لەئـەنجامی رێکارەکـانی مـادەی (١٤٠) گەڕاونەتـەوە ناوچـەکانی خۆیـان وەك پارێزگاکـانی (کەرکوك، موسڵ، سەڵاحەدین، دیالە و قەزای مەخمور) سەرباری ئەوەی ناویان لە تۆماری ناوچەکانی خۆیـان هەیە لە تۆماری هەرێمی کوردستانیشدا ناویان هەر ماوەو نەسراوەتەوە کە ئەمانەش بەسەدان هەزار مەزەندە دەکرێن.

بۆ نمونە: بـەپێی لیسـتێك کـە لەبەردەسـتدایە (٦٣٠٢٠) شەسـت و سـێ هـەزار و بیسـت دەنگـدەر ناویـان لەتۆماری دەنگدرانی پارێزگای (موصلّ)دا هەیە و بە هەمان شێوە ناویان لە تومـاری دەنگـدرانی پارێزگاکـانی (هەولێر و دهۆك)یشدا دووبارە هەیە، لەم لیستەدا بۆ بەراوردکردنەکە تەنها پشت بەناوی سـیانی نەبەسـتراوە، بەلکو سالّی لەدایك بونیانیش هاوشێوەیە. هەروەها (٣١٥٤٧) سی و یەك هەزار و پێـنج سـەد و چـل و حـەوت دەنگدەر ناویان لە تومـاری دەنگـدرانی پارێزگـای (کـەرکوك)دا هەیـە و بـە هـەمان شـێوە ناویـان لـە تومـاری دەنگدرانی پارێزگاکانی (هەولێر و دهوك)یشدا دووبارە بۆتەوە. ئەمە جگە لـەوەی نـاوی دووبـارە بـووەی لـەم شێوازە لەنێوان پارێزگای سلێمانی و پارێزگاکانی کەرکوك و دیالە و سەلاحەدیندا هەیە کە ئێمە ژمارەکـەیمان دەست نەکەوت.

واتە کۆی گشتی ناوی دووبارە بۆوە لە نێوان پارێزگاکانی هەولێرو دهۆك بـە بـەراورد بـەناوی دەنگـدەرانی پارێزگاکانی موصلّ وکەرکوك (٩٤.٥٦٧) نەوەد و چوار هەزار و پێنج سەد و شەست و حەوت دەنگدەرە.

| | A | B | C | D | E | F | G | H | I | J |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | الاسم في اربيل ودهوك | التولد | رمز المحافظ | رقم العائلة | | الاسم في نينوى | التولد | رمز المحافظ | رقم العائلة | |
| 2 | نهاية احمد صباح | 1994 | 4 | 4306376 | | نهاية احمد صباح | 1994 | 12 | 64668 | |
| 3 | محمد خالد علي | 1993 | 5 | 302747 | | محمد خالد علي | 1993 | 12 | 64678 | |
| 4 | محمد علي محمد | 1953 | 5 | 501030 | | محمد علي محمد | 1953 | 12 | 64601 | |
| 5 | محمد علي محمد | 1953 | 5 | 1406342 | | محمد علي محمد | 1953 | 12 | 64601 | |
| 6 | محمد علي محمد | 1953 | 4 | 4206764 | | محمد علي محمد | 1953 | 12 | 64601 | |
| 7 | محمد علي محمد | 1953 | 4 | 3505569 | | محمد علي محمد | 1953 | 12 | 64601 | |
| 8 | شهاب احمد حسن | 1979 | 4 | 3806871 | | شهاب احمد حسن | 1979 | 12 | 65905 | |
| 9 | سعدون فاضل احمد | 1990 | 5 | 1205589 | | سعدون فاضل احمد | 1990 | 12 | 66202 | |
| 10 | محمد احمد محمد | 1986 | 5 | 9500021 | | محمد احمد محمد | 1986 | 12 | 66243 | |
| 11 | محمد احمد محمد | 1986 | 5 | 2002734 | | محمد احمد محمد | 1986 | 12 | 66243 | |
| 12 | محمد احمد محمد | 1986 | 5 | 2501751 | | محمد احمد محمد | 1986 | 12 | 66243 | |
| 13 | محمد احمد محمد | 1986 | 4 | 3703012 | | محمد احمد محمد | 1986 | 12 | 66243 | |
| 14 | محمد احمد محمد | 1986 | 4 | 3200902 | | محمد احمد محمد | 1986 | 12 | 66243 | |
| 15 | نهلة محمد محمود | 1985 | 5 | 201187 | | نهلة محمد محمود | 1985 | 12 | 65326 | |
| 16 | ابراهيم محمد ابراهيم | 1982 | 4 | 3708397 | | ابراهيم محمد ابراهيم | 1982 | 12 | 65330 | |
| 17 | ابراهيم محمد ابراهيم | 1982 | 4 | 3506399 | | ابراهيم محمد ابراهيم | 1982 | 12 | 65330 | |
| 18 | زينب علي احمد | 1986 | 4 | 3805625 | | زينب علي احمد | 1986 | 12 | 64631 | |
| 19 | احمد سليمان احمد | 1985 | 5 | 1004751 | | احمد سليمان احمد | 1985 | 12 | 33317 | |
| 20 | محمد احمد محمد | 1977 | 4 | 371625 | | محمد احمد محمد | 1977 | 12 | 605163 | |
| 21 | محمد احمد محمد | 1977 | 4 | 3900229 | | محمد احمد محمد | 1977 | 12 | 605163 | |
| 22 | محمد احمد محمد | 1977 | 4 | 0 | | محمد احمد محمد | 1977 | 12 | 605163 | |
| 23 | محبة ايوب حسن | 1984 | 5 | 1302592 | | محبة ايوب حسن | 1984 | 12 | 71031 | |
| 24 | زيرفان انور يوسف | 1991 | 4 | 3502385 | | زيرفان انور يوسف | 1991 | 12 | 77960 | |
| 25 | احمد جاسم محمد | 1995 | 5 | 1406836 | | احمد جاسم محمد | 1995 | 12 | 112509 | |

٤-کاتێك وردبینی لە تۆمارەکە دەکرێت ژمارەیەکی زۆر ناوی دووبارەو سێ بارەو تەنانەت تا بیست بارەشی تیایە، هەرچەندە کۆمسیۆن پێی وایە ئەم ناوانە لەیەکچوون نەك دووبارە، بەڵام لەراستیدا ناوەکان بەهەموو پێوەرەکانی (ناوی سیانی، ساڵ و شوێنی لەدایکبوون، کۆدی پارێزگاو کۆدی دەنگدانیشەوە) وەکو یەکن، کە ئەمانەش بە نزیکەی سەد هەزار کەس مەزەندە دەکرێن.

| | A | B | C | D | E | F | G | H | I |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1294 | محمد احمد م | 1995 | 4 | 179971 | | محمد احمد محمد | 1995 | 12 | 224652 |
| 1295 | محمد احمد م | 1995 | 5 | 3902171 | | محمد احمد محمد | 1995 | 12 | 224652 |
| 1296 | محمد احمد م | 1995 | 5 | 709016 | | محمد احمد محمد | 1995 | 12 | 224652 |
| 1297 | محمد احمد م | 1995 | 5 | 907669 | | محمد احمد محمد | 1995 | 12 | 224652 |
| 1298 | محمد احمد م | 1995 | 4 | 3400983 | | محمد احمد محمد | 1995 | 12 | 224652 |
| 1299 | محمد احمد م | 1995 | 5 | 1705059 | | محمد احمد محمد | 1995 | 12 | 224652 |
| 1300 | محمد احمد م | 1995 | 5 | 3000328 | | محمد احمد محمد | 1995 | 12 | 224652 |
| 1301 | احمد محمد ا | 1994 | 5 | 501531 | | احمد محمد احمد | 1994 | 12 | 236369 |
| 1302 | احمد محمد ا | 1994 | 5 | 721168 | | احمد محمد احمد | 1994 | 12 | 236369 |
| 1303 | احمد محمد ا | 1994 | 5 | 1310266 | | احمد محمد احمد | 1994 | 12 | 236369 |
| 1304 | احمد محمد ا | 1994 | 5 | 1308051 | | احمد محمد احمد | 1994 | 12 | 236369 |
| 1305 | احمد محمد ا | 1994 | 5 | 2605486 | | احمد محمد احمد | 1994 | 12 | 236369 |
| 1306 | احمد محمد ا | 1994 | 5 | 2607949 | | احمد محمد احمد | 1994 | 12 | 236369 |
| 1307 | جاسم محمد ا | 1989 | 4 | 4105134 | | جاسم محمد احمد | 1989 | 12 | 236369 |
| 1308 | جاسم محمد ا | 1989 | 4 | 3603214 | | جاسم محمد احمد | 1989 | 12 | 236369 |
| 1309 | جاسم محمد ا | 1989 | 4 | 3601972 | | جاسم محمد احمد | 1989 | 12 | 236369 |
| 1310 | محمد احمد م | 1966 | 5 | 101411 | | محمد احمد محمد | 1966 | 12 | 222394 |
| 1311 | محمد احمد م | 1966 | 4 | 3702625 | | محمد احمد محمد | 1966 | 12 | 222394 |
| 1312 | محمد احمد م | 1966 | 4 | 4406536 | | محمد احمد محمد | 1966 | 12 | 222394 |
| 1313 | محمد احمد م | 1966 | 4 | 3502153 | | محمد احمد محمد | 1966 | 12 | 222394 |

٥-هەندێك لە ناوە دووبارەکان بەهەمان زانیارییەوە دووبارەیە تەنها لەوە نەبێت کە ژمارەی دەنگدانەکانیان جیاوازە و دوو کارتی دەنگدانیشیان وەرگرتووە.

٦-ژمارەیەك لە کوردانی باکور (تورکیا) و رۆژئاوا (سوریا) و رۆژهەڵات (ئێران) فۆرمی خۆراکیان بۆ دروستکراوە، ئەوانەی لەهەرێمدا نیشتەجێن و بەپێی یاسا ئیقامەیان هەیەو رەگەزنامەیان وەرگرتووە ئاساییە، بەڵام بەشێکیان بەساختە ناسنامەی باری شارستانیان بۆ دروستکراوەو (تعداد الفرعی)یان بۆ کراوەو ناویان خزێنراوەتە نێو تۆماری دەنگدەرانەوە کە لەراستیدا مافی دەنگدانیان نیە.

٧-دەنگدەرانی تایبەت (لە هێزەکانی ناوخۆ و ئاسایش و پێشمەرگە) کە ژمارەیان بە سەدان هەزار دەخەملێنرێت دوو جار ناویان تۆمار کراوە، هەم لیستی تایبەت بەخۆیان (تۆماری دەنگدەرانی تایبەت) دا هەیە و هەم لە تۆمارە گشتیەکەش ناویان نەسڕاوەتەوەو دووجار دەنگ دەدەن.

بەپێی لیستێك کە تۆماری دەنگدەرانی تایبەت ریزبەند کراوە زیاد لە (١٨٤٠٠٠) کەسە لە هەرێمدا و لەهەمان کاتدا لیستی دەنگدەرانی هەرێم کە لە بەغداوە هاتووە (١٧٩٠٠٠) کەسە، ئەمانەش زۆرینەیان ئەگەر هەمووشی نەبێت ناوەکانیان دووبارە بۆتەوە لە تۆماری دەنگدەرانی گشتیدا.

بەپێی ئەمە دەتوانین بڵێین بە مەزەندە ئەم ڕێژەیە لەناوی دووبارەو ساختە لە تۆماری دەنگدەراندا هەیە:

| ژ | جۆر | ژمارە |
|---|---|---|
| ١ | لیستی دەنگدەرانی تایبەت کە دووبارە ناویان هەیە | 184.000 |
| ٢ | کوردانی پارچەکانی تر کە ناویان خزێنراوەتە نێو تۆمارەکەوە | ? |
| ٣ | دووبارەبووەوەی نێو خودی هەرێم | 100.000 |
| ٤ | دووبارەبووەوەی نێوان هەرێم و ناوچەکانی مادەی ١٤٠ | 94.567 |
| ٥ | ژمارەی مردووان | 218.965 |
| ٦ | لەدایکبووانی ساڵی ٢٠٠٠ کە تەمەنیان بەر لە وادەی دەنگدانەو نەگەیشتوونەتە ١٨ ساڵ. | 60.000 |
| ٧ | جیاوازی لەنێوان تۆماری بایۆمەتری عێراق و تۆماری هەرێم | 275.423 |
| | **کۆی گشتی** | 932.955 |

ئەم ژمارانە مەرج نیە سەد لە سەد تەواو بن، لەوەیە هەندێکیان زیاتر و هەندێکیشیان کەمتر بێت. بۆ نمونە ژمارەی مردوان ئەوانەشی تیایە کەتەمەنیان نەگەیشتۆتە ١٨ ساڵ تا دەنگ بدەن، بەلام دەبێت ئەوەشمان لەبەر چاو بێت کە ئەو ژمارەیە تەواو نیە و تەنها ئەوانەن کە لەوەزارەتی تەندروستی تۆمار کراون، یا لە وەزارەتی داد و دادگاکان تۆمار کراون، یا ئەوانەی هەر تۆمار نەکراون، هەروەها ژمارەکە تەنها مردووانی سالانی (٢٠٠٠–٢٠١٧) یە، ناوی ئەوانەشی تیادا نیە کە سالانی پێشووتر مردوون و ناویان لە تۆمارەکەدا هەبووە، ئەمە جگە لە تێبینی لەسەر ژمارەکان کە لەپارێزگایەکەوە بۆ پارێزگایەکی تر و لەساڵێکەوە بۆ ساڵێکی تر گومانی دەسکاری کردن هەیە. هەروەها ناوی ئەو کەسانەشی تیادا نیە کە کوردانی پارچەکانی تری کوردستانن و ناویان لە تۆمارەکەدا هەیەو ژمارەکەیمان دەستنەکەوتووە، بەلام جێگەی سەرسوڕمانە کە هێزە سیاسیەکان یا پەرلەمان و کۆمسیۆن ئامادەبن بە تۆمارێك هەڵبژاردن ئەنجام بدەن کە نزیکەی ٣/١ ی ناوەکانی گومانیان لەسەر بێت.

## پێشێلکارییەکانی کۆمسیۆن لە تۆماری دەنگدەراندا

بەپێی یاسا کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی دەبوایە لەو ماوەیەدا کار بۆ پاك کردنەوەو ئامادەکردنی تۆمارێکی پوخت بکات، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت نە بۆ ریفراندۆمی ٢٠١٧/٩/٢٥ و نە بۆ هەڵبژاردنی ٢٠١٧/١١/١ ی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکایەتی هەرێم ئەگەر بکرابووایە کۆمسیۆن هیچ هەنگاوێکی بۆ ئەم مەبەستە نەنابوو:

١–پێویست بوو کۆمسیۆن داوا لە وەزارەتی تەندروستی هەرێم بکات بەفەرمی ناوی مردووەکانیان پێ بدات تا لە تۆمارەکەی دەربێنن، بەڵام ئەم پرۆسەیەیان ئەنجام نەداوە. تا لە مانگی تەمووزی ٢٠١٧ دا (کەکاتەکەی درەنگە سەبارەت بەپرۆسەکانی راپرسی و هەڵبژاردن) نوسراویان ئاراستەکردوون و وەزارەتیش هیچ وەڵامێکی نەداونەتەوە.

٢–پێویست بوو کۆمسیۆن داوا لەوەزارەتی دادی هەرێم و ئەنجومەنی دادوەری بکات بەفەرمی ناوی مردووەکانیان پێ بدات کە لەدادگاکاندا تۆمار کراون، تا لە تۆمارەکەی دەربێنن، بەڵام ئەم پرۆسەیەیان ئەنجام نەداوە.

٣–دەبوایە کۆمسیۆن وردبینی لە تۆمارەکەدا بکات بەوەی ناوە دووبارەو چەند بارەکان بسڕێتەوە، بەڵام ئەوەشی نەکردوە.

٤–دەبوایە کۆمسیۆن لیستی تۆماری دەنگدەرانی تایبەت زوو ئامادە بکات و لەهەمان کاتدا سەرجەم ناوەکان لە تۆمارە گشتیەکەدا بسڕێتەوە بەڵام ئەوەشی نەکردوە.

٥–دەبوایە کۆمسیۆن کاتی پێویست دابنێت بۆ پرۆسەی نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران، کە بەلای کەمەوە دەبێت لە دوو مانگ کەمتر نەبێت، بەڵام تەنها یەك هەفتەی بۆ تەرخان کرد و تەنانەت لە پارێزگای سلێمانی تەنها پێنج رۆژ بوو، هەر بۆیەش بەپێی لێدوانی خودی کۆمسیۆن لە کۆی (٣.٢٤٧.٣٤١) دەنگدەر لە سەرجەم هەرێمی کوردستان تەنها نزیکەی (١١٠.٠٠٠) کەس سەردانی بنکەکانیان کرد بەمەبەستی نوێکردنەوەی ناوەکانیان.

٦–دەبوایە کۆمسیۆن داوا لە وەزارەتی بازرگانی بکات دووا لیستی زانیاریی فۆرمی خۆراکیان پێ بدات بەمەبەستی پاك کردنەوەی تۆمارەکە بەڵام ئەوەشیان نەکردووە.

٧–دەبوایە کۆمسیۆنی هەرێم لەگەڵ کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراقدا هەماهەنگی بکات و بەفەرمی دووا تۆماری دەنگدەرانی هەرێم وەربگرێت، نەك ئەو تۆمارەی ئێستا کاری پێ دەکەن کە هیچ رەسمیاتێکی نیەو بەفەرمی وەرنەگیراوە.

٨-کۆمسیۆن کە ئامادەکاریی نەکردبوو جا بەهۆی نەبوونی کاتی پێویستی یان هەر هۆکارێکی تر، نەدەبوو رەزامەندی پیشان بدات لەسەر ئەو وادەیەی بۆ راپرسی و هەڵبژاردن لە ٩/٢٥ و ١١/١ دەستنیشان کرابوو. دەبوایە هۆکارەکانی ئامادە نەبوونیان و رێگرییەکانی بەردەمیان بخستایەتەڕوو.

## هەڵوێستی پەرلەمان لەهەمبەر تۆماری دەنگدەران

لە مادەی (٣)ی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٤ دا هاتووە: **"کۆمسیۆن دەستەیەکی پیشەیی سەربەخۆ و بێلایەنە و خاوەن کەسایەتی مەعنەویی خۆیەتی و ملکەچە بۆ چاودێریی پەرلەمان و بەرپرسیاریشە لەبەرامبەریدا".** [(١)]

کەواتە تەنها پەرلەمان بۆی هەیە لەکاتی سەرپێچی و کەمتەرخەمی و بوونی کەموکوڕیدا بەدواداچوون بۆ کارەکانی بکات و لێپێچینەوە لەگەڵ کۆمسیۆن بکات، وە کۆمسیۆنیش تەنها بەرامبەر پەرلەماندا بەرپرسیارە. بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت خودی کۆمسیۆن نەیتوانیوە بەکارەکانی خۆی هەڵسێت، یاخود کەمتەرخەم بووە، یا سەرپێچی کردووە، یا ناراستەوخۆ رێگری لێ کراوە، بەڵام پەرلەمان هیچ لێپێچینەوەو بەدواداچوونێکی بۆ نەکردووە.

لە کاتێکدا لەکۆتایی خولی پێشوویدا پەرلەمان لیژنەی لێکۆڵینەوەی سەبارەت بە تۆماری دەنگدەران دروست کردبوو، سەرباری ئەوەی لیژنەکە کارەکانی خۆی ئەنجامدا، بەڵام بەبیانووی نەبوونی کات و نزیکبوونەوەی وادەی هەڵبژاردن هیچ هەنگاوێك نەنرا، کەچی ئەم خولەی پەرلەمانیش (خولی چوارەم) بەهەمان شێوەی پێشوو هەوڵی پاك کردنەوەی تۆمارەکەی نەدا، داوای لە کۆمسیۆن نەکرد تۆمارەکە پاك بکەنەوە، لێپێچینەوەی لەگەڵ نەکردن کە بەئەرکی خۆیان هەڵنەستان، پەرلەمان نەك بەئەرکی خۆی هەڵنەسا بەڵکو گوێی لەو ئەندام پەرلەمانانەش نەگرت کە یاداشت و بەڵگەی پێویستیان ئاراستەی سەرۆکایەتیەکەی کردبوو و تەنانەت یاداشتەکان نەك هەر نەخوێنرانەوە بەڵکو سەرنگومیش کران. [(٢)]

---

(١)-مادەی (٣) لە یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٤ ی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی.

(٢)-بەپێی زانیاریی ئێمە پەرلەمانتار (گەشە دارا حەفید) لە رۆژی (٢٠١٥/٦/١٥) یاداشتێکی (١٢٠) لاپەرەیی پشت ئەستور بە کۆمەڵێك بەڵگەو دەکۆمێنت داوە بەسەرۆکی پەرلەمان بەمەبەستی بەدواداچوون و کارکردن لەسەر پاك کردنەوەی تۆماری دەنگدەران، بەڵام کاری لەسەر نەکراوە، هەرچەندە لەرۆژی (٢٠١٥/٧/١) بە ئیمزای جێگری سەرۆکی پەرلەمان یاداشتەکە ئاراستەی لیژنەی کاروباری پەرلەمان و کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی کراوە، بەڵام هیچ ئەنجامێکی نەبوو، ناوبراو هەمان نوسراوی بەیاداشتی جەختکردنەوەوە لە (٢٠١٧/٧/١٩) ئاراستەی پەرلەمان کردۆتەوە، بەڵام دیسانەوە وەك جاری پێشوو بێ ئەنجام بوو. هەروەها لەهەمان مێژوو نوسراوی ئاراستەی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن و وەزارەتەکانی (تەندروستی، بازرگانی، پێشمەرگە و ناوخۆ) کردۆتەوە، بەڵام هیچ کام لەو وەزارەتانە وەڵامیان نەداوەتەوە. هەروەها لە ٢٠١٧/١١/٢٩ بۆ جاری سێیەم لەرێگەی پەرلەمانەوە نوسراوی ئاراستەی کۆمسیۆن و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتە پەیوەندیدارەکان کردۆتەوە، بەڵام وەڵامی دەستنەکەوتووە. هەروەها لە رۆژی ٢٩ ٨/ ٢٠١٧ شاندێکی پەرلەمان کە پێکهاتبوو لە پەرلەمانتاران: (ئەبوبەکر هەڵەدنی، گەشە دارا حەفید، بێستون فایەق، سۆران عومەر، عەلی حەمەساڵح، ساڵح فەقێ، د.پەری ساڵح، د.شوان قەڵادزێی، د.شێرکۆ حەمەئەمین)، سەردانی کۆمسیۆنیان کرد و لە رۆژی ٢٠١٧/٩/٦ لەبارەی سەردان و بەدواداچوونەکەیانەوە یاداشتێکیان پێشکەش بە سەرۆکی پەرلەمان کردووە، بێئەوەی هەوڵەکەی ئەوانیش هیچی لێ سەوز ببێت.

له مادەی (١٣)ی هەمان یاسادا هاتووە: **"پێویستە ئەنجومەن: یەکەم: راپۆرتی وەرزی ئامادە بکات لەبارەی ئەرکەکانی و پێشکەشی پەرلەمانی بکات"**. [1] بەڵام کۆمسیۆن هیچ راپۆرتێکی لەم جۆرەی پێشکەش بەپەرلەمان نەکرد و پەرلەمانیش بێدەنگیی هەڵبژارد لە بەرامبەریدا.

بۆیە لێرەدا دەتوانین بڵێین بەرپرسی یەکەم لەئاست ئەم پێشێلکارییە پەرلەمانی کوردستانە چونکە تاکە دەزگایە کە بەپێی یاسا بتوانێت لێپێچینەوە لەکۆمسیۆن بکات و حکومەت و دام و دەزگا فەرمییە پەیوەندارەکان مولزەم بکات لەدابینکردنی پێداویستیەکاندا هاوکاریی کۆمسیۆن بکەن و کارئاسانیی بۆ بکەن. ئەگەر بیانوو ئەوەیە پەرلەمان پەکی خراوە، بەڵام ئەوکاتەی پەرلەمان لەکاریشدا بوو هەر هیچی نەکرد و بەئەدای کاری خۆی هەڵنەستاو ئەرکەکانی خۆی لەم بوارەدا جێبەجێ نەکرد.

ئێستاش پەرلەمان دەتوانێت ئەم کارە بکات، هیچنا دەستەی سەرۆکایەتی دەیتوانی لیژنەیەکی لێکۆلینەوە پێك بهێنێت بەمەبەستی بەدواداچوون و دروستکردنی فشار و رێگری کردن لەو رەوشە نایاساییەی کە بەرێوە دەچێت. ئەمە لەکاتێکدا کە دروستکردنی لیژنە لەدەسەڵاتی سەرۆکایەتی پەرلەمانە و دوو لەئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی (سەرۆك و سکرتێر) هاورِا بوون، بەڵام ئەم ئەرکەشیان ئەنجام نەداو لیژنەکەیان پێك نەهێنا. هەروەها پێویستە ئێستا پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنێکی تایبەتدا حکومەت و کۆمسیۆنی باڵای هەلبژاردن و راپرسی بانگهێشت بکات بۆ دانانی رێکارەکانی هەڵبژاردن و ئامادەکاریی پێویست تا وەکو جارەکانی تری رابردوو توشی پەلەپروزێ نەبن و پرۆسەکە بەنەنگی و کرچ و کاڵی بەرێوە نەچێت.

بۆ ئەم مەبەستە لە یاداشتێکدا کە (٤٠) ئەندامی پەرلەمان ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانیان کردووەو داوای بانگهێشتی ئەنجومەنی وەزیران و کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسیان کردووە کە لەهۆڵی پەرلەمان ئامادەبن بەمەبەستی بەرچاو روونی و دانانی رێکارەکانی هەڵبژاردن، بەڵام تا ئێستاشی لەگەڵدابێت هیچ وەڵامێکی ئەو ئەندامانەی پەرلەمان نەدراوەتەوە لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتیەوە.

(١)–مادەی (١٣) لە یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٤ ی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی.

## هەڵوێستی حزبە سیاسیەکان لەهەمبەر تۆماری دەنگدەران

حزبە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان بێخەم و خەمسارد بوون لەهەمبەر کەموکوڕی و کارە نایاساییەکانی تۆماری دەنگدەران، هیچ کامیان تا ئێستاشی لەگەڵدابێت سەرباری ئەوەی راستیەکان دەزانن و بەڵگەو دەکۆمێنتەکانی ساختەکاریی تۆمارەکەیان لەبەردەستدایە کەچی نەك هەر هەوڵی پاك کردنەوەیان نەداوەو نایدەن بەڵکو بێدەنگن لەئاستیدا و ئامادەن بەو تۆمارەوە هەروەك چۆن لەرابردوودا هەڵبژاردنی پێ کراوە لە ئێستاو داهاتووشدا هەڵبژاردنی پێ بکەنەوە.

هۆکاری ئەم هەڵوێستەشیان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە:

١-لەوە دەچێت هەندێك لەحزبە سیاسیە باڵادەستەکان ئەم ناڕوونیەو بوونی ئەم ژمارە زۆرەی ناوی ساختەو مردوو و دووبارەیە لەبەرژەوەندییاندا بێت و لەکاتی هەڵبژاردندا بەکاری بێنن!

٢-پاك کردنەوەی تۆماری دەنگدەران کاتی پێویستە، لەکاتی ئاساییدا کاریان لەسەر نەکردووەو لەئێستاشدا بەبیانووی دووانەخستنی هەڵبژاردن بۆ ئەوەی ئۆباڵەکەی نەکەوێتە ئەستۆیان، هەندێك لەحزبەکان جۆرێك لە موزایەدە دەکەن کە گوایە رێگەنادەن هەڵبژاردن دووا بکەوێت!

جگە لەم خاڵانە هۆکارێکی لۆژیکی تر نیە کە هیچ کام لە حزبە سیاسیەکان هەولۆێستێکیان بەدی ناکرێت. ئەمە لەکاتێکدا کەرازی بوون بە هەڵبژاردن بەم تۆماری دەنگدەرانە بەیاسایی کردنی گزی و ساختەکارییەو ئۆباڵەکەشی لە ئەستۆی هەموو ئەو حزبانەیە کە پێی رازین و چەسپاندنی ئەم تۆمارەیە پڕ لە پۆخڵەواتەیە کەسیستەمی سیاسیی هەرێم و دامودەزگا فەرمی و شەرعیەکانی لەسەر بنیات دەنرێت.

ئەگەر وانیە بۆچی لە خولی سێیەمی پەرلەماندا (٢٠١٣) کاتێك لیژنەیەکی پەرلەمانی بۆ ئەم مەسەلەیە پێکهات، بڕیاری لیژنەکەو راسپاردەکانی لە راپۆرتێکدا ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کرا، ئەوکاتە سەرۆکایەتی بەدەست پارتی و یەکێتیەوە بوو، هەردوو حزب هاوهەلۆێست ئامادەنەبوون کۆبوونەوەی پەرلەمانی لەسەر بکەن و راپۆرتەکە بخەنە دەنگدانەوە! ئەگەر وا نیە بۆچی هەمان کات حزبەکانی گۆڕان و کۆمەڵ و یەکگرتوو بێدەنگیان هەڵبژارد و هیچ هەڵوێستێکیان لەسەر ئەم هەموو ساختەکارییەی تۆماری دەنگدەران نەبوو!

ئەگەر وانیە بۆچی لەخولی چوارەمی پەرلەماندا کە چوار ساڵ لەبەردەستدابوو، نە سەرۆکایەتی پەرلەمان و نە هیچکام لە فراکسیۆنەکان هەوڵی پاك کردنەوەیان نەدا و یاداشتێکیان ئاراستەی لایەنە بەرپرس و پەیوەندیدارەکان نەکرد!

ئەگەر وانیە بۆچی لەماوەی کابینەی هەشتەمدا ئەو حزبانە هەموویان لەحکومەتدابوون، پارتی سەرۆکی حکومەت و وەزارەتەکانی ناوخۆ و پلاندانانی بەدەستەوە بوو و یەکێتی جێگری سەرۆکی حکومەت و وەزارەتی تەندروستی بەدەستەوە بوو، گۆڕان وەزارەتەکانی پێشمەرگە و بازرگانی و دارایی بەدەستەوە بوو،

خۆیان دەیانتوانی ئەم ئەركە جێبەجێ بكەن، بەڵام نەیانكرد. خۆ حزبەكانی تری وەك كۆمەڵ و یەكگرتووش هەریەكەیان چەند وەزیرێكیان لەم كابینەیەدا هەبوو، بەڵام یەك یاداشتیشیان لەم بارەیەوە نەنوسی!

ئەگەر وانیەو حزبەكان كەمتەرخەم نین، خۆ هەر پێنج حزب (پارتی، یەكێتی، گۆڕان، كۆمەڵ و یەكگرتوو) نوێنەریان لە كۆمسیۆن هەیەو كۆمسیۆنەكە سەربەخۆ نیە بەڵكو سەربەخۆیانە! چ رۆژێك بانگی نوێنەرەكانیان كرد لەكۆمسیۆن بۆ ئەوەی ئەم تۆمارە پاك بكەنەوەو لەرێگەی خۆیانەوە فشار دروست بكەن! مەگەر وەڵامی رەخنەكان لەسەر بێلایەن بوونی كۆمسیۆن ئەوە نەبوو كە لایەنەكان خۆیان راستەوخۆ لەرێگەی كادرەكانیانەوە ئەركی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پاك بگرنە ئەستۆ !

بێگومان یەرپرسیارییەتی ئەم رەوشە نایاساییە لەئەستۆی هەر پێنج حزبە بەپێی سەنگ و قورساییان و هیچ كامیان لێی بەدەر نین.

## ئەنجام

پاش تاوتوێکردنی یاسا پەیوندیدارەکانی بواری هەڵبژاردن و تۆماری دەنگدەران، هەروەها پشت بەستو بەئەزمونی هەڵبژاردنەکانی رابردوو، لێرەدا بەکورتی ئەنجامەکانی ئەم راپۆرتە دەخەینە ڕوو:

### یەکەم: ئەنجامە یاساییەکان:

١–لە (یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی)دا بە وردی باس لە تۆماری دەنگدەران نەکراوە، ئاماژەی بەوە نەکردووە کە کۆمسیۆن لە نوێکردنەوەی تۆمارەکەدا پشت بەکام داتا و بەڵگەنامە ببەستێت. و هەست بە کەموکورییەکی زۆر دەکرێت، چونکە کۆمسیۆن دەبێت لە ئامادەکردن و ڕێکخستن و نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران پشت بەسەرژمێریەکی پشتڕاست کراوە ببەستێت. جا ئاماری سەرژمێری گشتی بێت یان زانیاریەکانی فەرمانگەکانی تۆماری باری کەسیەتی هەرێمی کوردستان.

٢–لەیاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسیدا، ئەنجومەنی کۆمسیاران سەر پشککراوە لە گرتنەبەری ڕێگە و شێوازی تازە بۆ ئامادەکردنی تۆماری دەنگدەران، چۆنیەتی ئامادەکردن و نوێکردنەوەشی سپاردووە بەکۆمسیۆنی هەڵبژاردن و راپرسی. بۆ ئەم کارەش کۆمسیۆن دەبێت سیستم و ڕێکاری تایبەت دەربکات بۆ ڕێکخستن و ئامادەکردن و نوێکردنەوەو چۆنیەتی تانە لێدان لەتۆماری دەنگدەران. لەمەشیاندا نازانرێت ئایا کۆمسیۆن پشت بە کام داتاو زانیاری ببەستێت.

٣–لەماددەی پانزەهەمی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢) هاتووە کە دەبێت تۆماری دەنگدەران، ناو، ناونیشان پیشە، بەروار و شوێنی لەدایکبونی تێدا بنوسرێت و لیستەکەش بەپێی پیتی ئەبجەدی ڕیز دەکرێت، بەڵام ئاماژە بەوە نەدراوە کە دەبێت (کۆمیسۆن ) کام تۆمار و سەرژمێری بکاتە بنەمای ڕێکخستنی تۆماری دەنگدەران، هەروەها لە دەقی ماددەکەدا هاتووە ئەگەر ئەو ڕێگە نەکرا، ڕێگایەکی دیکەی لەبار بۆ وەدەست هێنانی ئەو مەبەستە بدۆزێتەوە، ئەم برگەیە بەم شێوازە گونجاو نیە لەڕێکخستنی تۆماری دەنگدەراندا، چونکە ئەرکی دەوڵەت (هەرێم ) لێرەدا دیاروو ڕوون نیە، کە تۆماری هاوڵاتیانی نەبێت کە بتوانێت کۆمسیۆن پابەندبکات پێیەوە.

٤–بە سەرنجدان لەناوەرۆکی ماددەی (١٦)ی یاساکەدا ڕوبەڕوی پرسیارێك ئەبینەوە، ئایا چۆن دەکرێت (١٥) ڕۆژ پێش دەنگدان تۆمارەکان بەسەر ناوەندەکان دابەش بکرێن بۆ دڵنیابوون لەناوەکانیان و شوێنی دەنگدان، جا گواستنەوەی ناو بێت، یان سڕینەوەی، یاخود زیادکردنی، چونکە لەو ماوەیەدا کۆمیسۆن ناتوانێت بەم کارە هەستێت، لەڕوی هونەری و کاتەوە، لەتوانادا نابێت بەپێی ناوەرۆکی ئەم ماددەیە کارەکان ئەنجام بدرێن، بۆیە باشتر وایە پێداچونەوە بەم مادەیەدا بکرێتەوە، چونکە ئەم کارە دەکرێت لە قۆناغی تۆماری سەرەتایی ئەنجام بدرێت، بەڵام گەر مەبەستی ئەوە بێت کۆمسۆن تۆماری کۆتایی بگەێنێتە

ناوەنـدەكان (١٥) ڕۆژ پـێش وادەی دەنـگ دان ئەمـەش كارێكـە ئەنجامـدانی ئاسـان نیـە لەگـەڵ ڕێكارەكـانی كۆمسیۆن نایەتەوە.

٥–لە ماددەی (١٨)ی یاسای هەڵبژاردنی پەرلـەمانی كوردسـتان مـافی داوە بـەهاوڵاتیان بـۆ هـەر كەسـێك مەرجەكانی دەنگدەری تێدابێت و تۆماركردنی نـاوی فـەرامۆش كرابێـت لـە خشـتەی دەنگدەرانـدا، دەتوانێـت داوای تۆمـاركردنی نـاوی بكـات، بـۆ هـەر دەنگـدەرێك هەیـە داوای زیـادكردنی نـاوی هـەر هاوڵاتیـەك بكـات كەبەناحەق تۆماركردنی ناوی فەرامۆشكراوە یـان داوای زیـادكردنی نـاوی هـەر هاوڵاتیـەك بكـات كـە بەناحـەق لەخشـــتەی دەنگدەرانـــدا ســـڕدراوەتەوە، لـــەماوەی (١٠) دە ڕۆژدا لەبـــەرواری بڵاوكردنـــەوەی خشـــتەی دەنگدەرانەوە. داواكە لەگەڵ ڕای لیژنەی مەركەزی پەیوەندیداری هەڵبژاردن پێشكەش بەهەیئەی باڵادەكرێت، هەیئەی باڵاش، لەماوەیەكدا كە لە سێ ڕۆژ نەترازێت كە لەڕۆژی پێشكەشكردنی داواكە وە دەست پیێ دەكـات سەیر دەكا و یەكلای دەكاتەوە). نـاوەرۆكی دەقـی مـادەی هەژدەیـەم ئـەو ڕاسـتیە دوپـات دەكاتـەوە كـە دژ یەكیەك بەدی دەكرێت لەنێوان مادەی شانزەهەم و هەژدەهەمدا، چونكە لانیكەم دەبێـت تۆمـاری دەنگـدەران بەشێوە كلاسیكیەكە مانگێك بـەر لـەوادەی دەنگـدان سـەرجەم قۆناغـەكانی تێپەڕانـدبێت و ئامادەكرابێـت بـۆ چاپكردن، دەكرێت ئاماژە بەتۆماری سەرەتایی و تۆماری كۆتایی بدرێت.

٦–لەمادەی (٥٩)دا هاتووە (هاوڵاتیانی هەرێمی كوردستان –عێراق، كەلـەدەرەوە دادەنیشـن (المقـیمین) مافی بەشداربونیان لەهەڵبژاردنەكانی پەرلەمانی كوردستان– عێراقدا هەیە)، بێگومـان یاسـا مـافی دەنگـدانی داوە بەهاوڵاتیان بەڵام مەرجی دەنگدەریان تیا فەراهەم بێت، بەڵام بەشـداری پێكردنـی هاوڵاتیـانی دەرەوەی وڵات، بەچ شێوەیەك بەشداری بكەن، چۆن تۆماری دەنگدەرانیان بۆ ڕێك بخرێت، ئەو لایەنە كێیـە كـە ئـەركی ڕێكخستنی وەردەگرێت، پشت بەكام داتا و زانیاری ببەستێت، ئایا كام بەڵگە نامە بكرێتە بنەما، لەچەند وڵات و شار ناوەندی دەنگدان بكرێنەوە ئەمانە ئەو پرسانەن كە لەدەقی ماددەكەدا بونیـان نیـە كـە پێویسـتە ئـەم پرسە لە یاسادا بەڕونی ئاماژەیان پێبدرێت.

٧–پرسی تۆماری دەنگدەرانی تایبـەت وەك لـە مـاددەی (٦٠)ی یاسـای پەرلـەمانی كوردسـتاندا هـاتووە، دەنگدانی هێزە چەكدارەكان پێش وادەی دەنگدانی گشتی كارێكی باشە بۆ ئەوەی دەسـت كـراوەبن لـە ڕۆژی دەنگدانی گشتیدا و ئاسایش و ئارامی وڵات بپارێزن و دەنگـدەران بتـوانن بـەبێ تـرس سـەردانی ناوەنـدەكانی دەنگدان بكەن، بەڵام جیانەكردنەوەی تۆماری دەنگدەرانی هێزە چەكدارەكان لەكات و سـاتی خۆیـدا كـارێكی خـوازراو نییـە، بۆیـە پێویسـتە وەزارەتـی نـاوخۆ و وەزارەتـی پێشـمەرگە و ئەنجومـەنی ئاسـایش، پاڵپشـت بەلیستی موچە تەواوی زانیاریەكان بـدات بەكۆمیسـیۆن بـۆ ئـەوەی تۆمـاری دەنگـدەرانی هێـزە چـەكدارەكان بەتەواوی و یەكجاری لە تۆماری گشتی جیابكرێتەوە.

٨–بە وردبونەوە لە ناوەرۆکی زنجیرەی یەکەمی ماددەی (٢٩) دەبینین کە بونی ڕەگەزنامە و هەڵگرتنی لە ڕۆژی دەنگدان کراوەتە مەرج کە کارتی دەنگدانی پێبدرێت، لەم دەقە یاساییەدا هەست بەمەترسی قەوارەکان دەکرێت لەڕاستی و دروستی تۆماری دەنگدەران، لەهەمانکاتدا دژیەکیەك بەدیدەکرێت بەوەی کەمەرجە دەنگدەر سەرەڕای هەبونی مەرجەکانی دەنگدەر ناوی لە تۆماری دەنگدەراندا هەبێت و لەڕۆژی دەنگدان ڕەگەزنامەی عیراقی پێبێت، کە دەبوایە لەبنچینەدا لەکاتی تۆمارکردنی ناوی لە لیستی دەنگدەرانیشدا ڕەگەزنامەی عێراقی بکرایەتە بنەما بۆ تۆمارکردنی ناوی هاوڵاتیان.

٩–ئەوەی جێگەی سەرنجدانە لەناوەرۆکی ماددەی (٤)ی یاسای ژمارە (٣) ی یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان دیاری کردنی ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاکان بەستۆتەوە بە (نوێترین سەرژمێری باوەڕپێکراو)، نازانرێت مەبەستی لە سەرژمێری باوەڕ پێکراو چیە؟ ئەم ئامارە فەرمیە کێ ئامادەی دەکات، کام لایەنە پەسەندی دەکات وەك ئاماری فەرمی، ئەگەر بۆ دیاری کردنی ژمارەی کورسیەکان نوێترین ئامار بکرێتە پێوەر، کەواتە دەبوایە لە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانیش وەك کارێکی لە پێشینە بۆ تۆماری دەنگدەرانیش ئاماژە بەسەرژمێری باوەڕ پێکراو بکرایە، بۆ ئەوەی کۆمیسیۆن پابەند بونی خۆی بەیاسا دوپات بکردایەتەوە لەڕێکخستن و نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران.

١٠–لەزنجیرەی هەشتەم و نۆیەمی ماددەی یەکەمی یاسای ژمارە (٤) ی ساڵی (٢٠٠٩) یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان و قەزاو ناحیەکان لەهەرێمی کوردستان – عێراق باس لە تۆماری بەرایی دەنگدەران دەکات، کە ئەو تۆمارەیە ناو و داتای دەنگدەرانی تێدایە، لەلایەن دەستەوە ئامادە دەکرێت و بڵاودەکرێتەوە بۆ بینینی پێشکەش کردنی تانە لەبارەیەوە، بەڵام بەسەرنجدان لەناوەرۆکی ماددەکە دوور و نزیك باس لەو داتا فەرمییە ناکات کە کۆمسیۆن بیانکاتە بنەمای کارکردنی لە ئامادەکردن و ڕێکخستن و نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەراندا.

١١–سەبارەت بەمەرجەکانی دەنگدەر وەك لەماددەی (٣)ی یاسای ژمارە (٤) ی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا و قەزا و ناحیەکان دا هاتووە دەنگدەر مافی بەشداری کردنی بەستراوەتەوە بەبوونی ناوی لە تۆماری دەنگدەرانی پارێزگاکەی، بەڵام لە چۆنیەتی ئامادەکردنی تۆماری دەنگدەران باس لەداتای فەرمی و پشت پێبەستراو نەکراوە، جگە لەوەی کە مەرجی ڕەگەزنامەی کردوەتە بنەما کە خۆی لەبنەڕەتدا مافی هەر هاوڵاتیەك بەندە بەبوونی ڕەگەزنامەی وڵاتەکەی. بەڵام لە ئامادەکردنی تۆماری دەنگدەران ئەرکی دەزگاکانی هەرێمی تێدا ونە.

١٢–بۆ ئەوەی تەرخانکردنی کورسی کۆتا ئامانجی خۆی بپێکێت، گرنگە کە تۆماری دەنگدەرانی پێکهاتەکان جیابکرێتەوە، بۆ ئەوەی ڕۆڵەکانی هەر پێکهاتەیەك ئازادانە بتوانن تەنها دەنگ بەکاندیدی پێکهاتەی خۆیان بدەن و نوێنەرانی پێکهاتەکەش نوێنەرایەتی ڕاستەقینەیان بکەن. هەرچەندە لە خاڵی

پێنجەمی ماددەی (٣٢)ی دوبارە لەیاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا و قەزا و ناحیەکاندا ئاماژە دراوە بەوەی کە دەنگ دەرانی هەر پێکهاتەیەك دەنگ بەپاڵێوراوانی پێکهاتەی خۆیان بدەن، بەڵام بەپێی دەقی ماددەی (١)ی یاسای ژمارە (١٦)ی ساڵی (٢٠١٣) یاسای دووەمین هەمووارکردنی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا و قەزا و ناحیەکان.ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٠٩) کارکردن بەم بڕگەیە ڕاگیرا لەخولی دووەمی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا و قەزا و ناحیەکاندا، و لە یاسای پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢) هەموارکراویش، باس لە تۆماری دەنگدەران نەکراوە بۆ پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان. ئەوەی جێگای سەرنجە زۆر جار لەلایەن قەوارە گەورەکان تاڕادەیەك ئەم پرسە قۆستراوەتەوە و ناکۆکی و دەنگی جیاجیای دروست کردووە.

### دووەم: تۆماری دەنگدەرانی کارپێکراو بۆ را پرسی و هەڵبژاردنەکان

١-تۆمارەکە هیچ بنەمایەکی فەرمی نیە و بەفەرمی لە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق یا هیچ کام لە دام و دەزگا فەرمیەکان وەرنەگیراوە.

٢-تۆماری دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان پڕە لە خەوش و کەموکوڕی و بەکەڵکی هەڵبژاردنی پاك و بێگەرد نایەت.

٣-تا ئێستا ئامارێکی ورد نیەو نازانرێت هەم ژمارەی دانیشتووانی هەرێم چەندەو هەم چەند کەس مافی دەنگدانی هەیە تا ناوی لە تۆماری دەنگدەراندا هەبێت. هەر بۆ ئەم مەبەستەش ژمارەی جیاجیا هەیە.

٤-تۆماری دەنگدەران لە هەرێم پشت بە فۆرمی کۆمپانیای خۆراك دەبەستێت و ئەم فۆرمەش کە لەساڵی ١٩٩٦ ەوە دروستکراوە بەڵام تا ئێستا ئەو کەسانەی مردوون لە ساڵی ١٩٩٦ ەوە دەگمەن نەبێت ناویان لە تۆمارەکە نەسراوەتەوە کە بەسەدان هەزار کەس دەخەملێنرێن.

٥-ئەو کەسانەی دانیشتووی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم بوون و پێشتر لە هەرێم نیشتەجێ بوون، بەڵام دواتر لەئەنجامی رێکارەکانی مادەی (١٤٠) گەڕاونەتەوە ناوچەکانی خۆیان وەك پارێزگاکانی (کەرکوك، موسڵ، سەلاحەدین، دیالە و قەزای مەخمور) سەرباری ئەوەی ناویان لە تۆماری ناوچەکانی خۆیان هەیە لە تۆماری هەرێمی کوردستانیشدا ناویان هەر ماوەو نەسراوەتەوە کە ئەمانەش بە سەدان هەزار مەزەندە دەکرێن.

٦-کاتێك وردبینی لە تۆمارەکە دەکرێت ژمارەیەکی زۆر ناوی دووبارەو سێ بارەو تەنانەت تا بیست بارەشی تیایە، هەرچەندە کۆمسیۆن پێی وایە ئەم ناوانە لەیەکچوون نەك دووبارە، بەڵام لەراستیدا ناوەکان بەهەموو پێوەرەکانی (ناوی سیانی، ساڵ و شوێنی لەدایکبوون، کۆدی پارێزگاو کۆدی دەنگدانیشەوە) وەکو یەکن، کە ئەمانەش بە نزیکەی سەد هەزار کەس مەزەندە دەکرێن.

٧–هەندێك لە ناوە دووبارەکان بەهەمان زانیارییەوە دووبارەیە تەنها لەوە نەبێت کە ژمارەی دەنگدانەکانیان جیاوازە و دوو کارتی دەنگدانیشیان وەرگرتووە.

٨–ژمارەیەك لە کوردانی باکور (تورکیا) و رۆژئاوا (سوریا) و رۆژهەلات (ئێران) فۆرمی خۆراکیان بۆ دروستکراوە یان بەساختە ناسنامەی باری شارستانیان بۆ دروستکراوەو ناویان خزێنراوەتە نێو تۆماری دەنگدەرانەوە کە لەراستیدا مافی دەنگدانیان نیە.

٩–دەنگدەرانی تایبەت (لە هێزەکانی ناوخۆ و ئاسایش و پێشمەرگە) کە ژمارەیان بە سەدان هەزار دەخەملێنرێت دوو جار ناویان تۆمار کراوە، هەم لیستی تایبەت بە خۆیان (تۆماری دەنگدەرانی تایبەت) دا هەیە و هەم لە تۆمارە گشتیەکەش ناویان نەسڕاوەتەوەو دووجار دەنگ دەدەن.

## سێیەم: کۆمسیۆن:

١–بەپێی یاسا کۆمسیۆنی بالای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی دەبوایە لەو ماوەیەدا کار بۆ پاك کردنەوەو ئامادەکردنی تۆمارێکی پوخت بکات، بەلام تا ئامادەکردنی ئەم راپۆرتە هیچی نەکردووە.

٢–نەبوونی هەماهەنگی و بەدواداچوون لەنێوان کۆمسیۆن و وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی داد و ئەنجومەنی دادوەری بۆ سڕینەوەی ناوی مردووەکان.

٣–ژمارەیەکی یەکجار زۆر ناوی دووبارە بووەوە لە تۆمارەکەدا هەیە، بەلام کۆمسیۆن وردبینی نەکردووەو نەیسڕیوەتەوە.

٤– کۆمسیۆن کەموکوڕیی هەیە لە ئامادەکردن و جیاکردنەوەی لیستی تۆماری دەنگدەرانی تایبەت سڕینەوەی ناوەکان لە تۆمارە گشتیەکەدا، (یاخود رێگریی لێکراوەو لەلایەن دامودەزگاو وەزارەتە پەیوەندارەکانەوە لیستەکەی نەخراوەتە بەردەست).

٥–کەمیی ماوەی پێویست بۆ نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران بۆ راپرسی، بەلای کەمەوە دەبوایە لە دوو مانگ کەمتر نەبێت، بەلام تەنها (یەك هەفتە)ی بۆ تەرخان کرد، لە پارێزگای سلێمانی لەوەش کەمتر بوو تەنها پێنج رۆژ بوو، هەر بۆیەش بەپێی لێدوانی خودی کۆمسیۆن لە کۆی (٣.٢٤٧.٣٤١) دەنگدەر لە سەرجەم هەرێمی کوردستان تەنها نزیکەی (١١٠,٠٠٠) کەس سەردانی بنکەکانیان کرد بەمەبەستی نوێکردنەوەی ناوەکانیان. هەروەها بۆ هەڵبژاردنی ٢٠١٧/١١/١ ئەگەر بکرایە تۆماری دەنگدەرانیان نوێ نەکردبووە.

٦–نەبوونی هەماهەنگی لەنێوان کۆمسیۆن و وەزارەتی بازرگانی بۆ سودوەرگرتن لەدووا لیستی زانیاریی فۆرمی خۆراك بەمەبەستی پاك کردنەوەی تۆمارەکە.

٧–نەبوونی هەماهەنگی لەنێوان کۆمسیۆنی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆمسیۆنی بالای هەڵبژاردنەکانی عێراقدا، بەمەبەستی وەرگرتنی تۆماری دەنگدەرانی هەرێم بەشێوەیەکی فەرمی.

**چوارەم: کەموکوڕی لایەنە پەیوەندیدارەکان:**

١-پەرلـەمانی کوردسـتان بـە کارەکـانی خـۆی هەڵنەسـتاوە لـە ئامـادەکردن و پـاک کردنـەوەی تۆمـاری دەنگدەراندا کە تاکە دەزگایە بتوانێت چاودێری کۆمسیۆن بکات و بەدواداچوون بۆ کارەکانی بکات.

٢-حکومەت هاوکار نەبووە و ئەرکی خۆی بەجێ نەگەیاندووە لـە ئامـادەکردن و پـاک کردنـەوەی تۆمـاری دەنگدەرانـدا، بەتایبـەت (وەزارەتـی بازرگـانی، وەزارەتـی داد، وەزارەتـی نـاوخۆ، وەزارەتـی پێشـمەرگە، وەزارەتی دارایی، ئەنجومەنی ئاسایش).

٣-هیچ کـام لـە حزبـە سیاسـیەکان لـەماوەی ئـەم چـوار سـاڵەدا (٢٠١٣-٢٠١٧) مشـوری پـاک کردنـەوەی تۆماری دەنگدەرانیان نەخواردووەو کاریان بۆ نەکردووە.

٤-بودجەی پێویست بۆ کۆمسیۆن و ئـیش و کارەکـانی تـەرخان نـەکراوە، بـەناو کۆمسـیۆنی سـەربەخۆیە بەڵام چاوی لەدەستی وەزارەتی داراییە بودجەی بۆ دابین بکات.

## راسپاردەکان

پاش خستنە ڕوی دەر ئەنجامەکانی ئەم راپۆرتە، لەخوارەوە پوختەی پێشنیار و ڕاسپاردەکانمان دەخەینە ڕوو، بەمەبەستی سود لێوەرگرتنی لایەنە پەیوەندیدارەکانی هەرێم، بەتایبەتی پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێم و قەوارە سیاسیەکان و ئەنجومەنی کۆمیسیارانی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن و راپرسی، تابتوانن لەداهاتودا تۆماری دەنگ دەران بەشێوەیەکی باشتر و زانستیانەتر ئامادە بکەن، کەجێگای متمانەی هەموان بێت :

**یەکەم: راسپاردەکان بۆ مەودای دوور:**

١-پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان کار بکەن بۆ ئەوەی سەرژمێری گشتی لە هەرێمی کوردستان ئەنجام بدرێت، بەمەبەستی دەستخستنی داتایەکی فەرمی و باوەڕپێکراو تا کۆمسیۆن بیکاتە بنەما بۆ تۆماری دەنگ دەران. هەروەها بۆ دیاری کردنی ژمارەی کورسی ئەنجومەنەکان بیکات بەپێوەر.

٢-دانانی پڕۆژەیەکی ستراتیجی هاوبەش لەلایەن کۆمیسۆن و لایەنە پەیوەندی دارەکانەوە، ئەمەش بەدەرکردنی بڕیارێك لەلایەن پەرلەمانەوە دەبێت کە هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان پابەند بکات لەماوەیەکی دیاریکراودا سەردانی ناوەندەکانی نوێکردنەوەی کارتی زانیاری بکەن، ئەم کارتە بکرێتە بنەمایەك کە پەنجەمۆر و وێنەو تەواوی زانیاریەکانی هاوڵاتیان لەخۆ بگرێت، هەر هاوڵاتیەك ئەم کارتەی نەبێت هیچ مامەڵەیەکی بۆ ڕایی نەکرێت لە هەرێمی کوردستاندا.

٣-لەحاڵەتی جێبەجێ کردنی خاڵی دووەمدا، یاسای کۆمسیۆن و یاساکانی هەڵبژاردن ( یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا و قەزا و ناحیەکان، یاسای پارێزگاکان و یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ) هەموار بکرێنەوە کە ئەم داتا فەرمیەی کە پەرلەمان پەسەندی کردووە ببێتە بنەما بۆ تۆماری دەنگدەران، و کۆمیسۆن پابەند بکرێت بە کارکردن بەم تۆمارە، برگە و ماددە پەیوەندیدارەکانی تۆماری دەنگدەرانیش دارشتنەوەی بۆ بکرێت و یەکبخرێن.

٤-کۆمیسیۆن لای خۆی ساڵانە داتاکان نوێ بکاتەوە، لەسەر ئەم بنەمایە کارتی دەنگدان بەدەنگدەرانی بدات، بەم جۆرە کات و داهاتی زۆر بەفرۆ نادرێت، کۆمیسیۆنیش کارتی دەنگدەران بەپێی پێشکەوتوترین سیستمی کارتی زیرەکی کارپێکراو ئامادە بکات، لەرێگەی نێتۆرکەوە پێکەوەیان ببەستێتەوە، ئەمەش پێویستی بە بودجەو کۆدەنگی قەوارە سیاسیەکان هەیە.

٥-لە یاساکانی هەڵبژاردنی (پەرلەمانی کوردستان، سەرۆکایەتی هەرێم، ئەنجومەنی پارێزگاو قەزاو ناحیەکان) کۆمسیۆن و لایەنە پەیوەندیدارەکان پابەند بکرێن بە ئامادەکردن و جیاکردنەوەی تۆماری دەنگدەرانی هێزەکانی پێشمەرگەو ناوخۆو ئاسایش و هێزە چەکدارەکان بەپێی هەمان رێکارەکانی تۆماری گشتی.

٦-سەبارەت بە تۆماری دەنگدەرانی رەوەندی کوردی لە دەرەوەی وڵات بەپێی میکانیزمێك لەکوردستان کارتی زانیاریان بۆ دەربهێنرێت، تا هەرێمی کوردستان ببێتە خاوەنی داتا و زانیاری ورد و گونجاو لەسەر رەوەندی کوردی لە وڵاتانی جیهاندا، ئەم کارەش دوای راوێژ بەکەسانی پسپۆر و پلانی ورد دەکرێت، دەکرێت لە یاساکانی هەڵبژاردنیشدا شوێنی بۆ بکرێتەوە. لەبەر رۆشنایی ئەم زانیاریانە و بەسود وەرگرتن لەئەزمونی وڵاتان، کۆمیسیۆن دەتوانێت مافی بەشداربوون بۆ هاوڵاتیانی لەدەرەوەی وڵات دەستەبەر بکات.

٧-دەکرێت پشت بەکارتی نیشتمانی ببەسترێت کە ئێستا لەلایەن حکومەتی عێراق کاری لەسەر دەکرێت، بەو مەرجەی پرۆسەکە سەرکەوتوو بێت و جێگەی متمانەی هەموان بێت.

٨-کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و راپرسی لە هەرێم بەهاوکاری هاوبەشەکانی پرۆژەیەك پێشکەش بەپەرلەمانی کوردستان بکات کە تۆمارێکی نوێ ئامادە بکات بەپێی پێشکەوتووترین تەکنەلۆجیای سەردەم، بۆ ئەوەی پرۆژەکە پەسەند بکرێت و حکومەتی هەرێم پابەند بێت بەدابینکردنی بودجە و هاوکاری مرۆیی و لۆجستی بۆ سەرخستنی پرۆژەکە.

٩-جەختکردنەوە لە ئەنجامدانی سەرژمێری گشتی و دەرهێنانی کارتی نیشتمانی بۆ هاوڵاتیان، پاشان پابەندکردنی کۆمسیۆن بەئامادەکردنی تۆماری دەنگدەران و کارتی دەنگدەران، لەبەر رۆشنایی داتا فەرمیەکان.

١٠-زیادکردنی ماددەیەکی تایبەت لە یاسای ژمارە (١) ی ساڵی ١٩٩٢ ی هەموارکراوی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٠٩ ی هەموارکراوی ئەنجومەنی پارێزگاو قەزاو ناحیەکان، بەجیاکردنەوەی تۆماری دەنگدەرانی پێکهاتەکانی تورکمان و سریان کلدان ئاشور و ئەرمەن، هەروەها پابەندکردنی کۆمسیۆن بەئامادەکردنی تۆماری تایبەت بە پێکهاتەکان، لەپێناو نەهێشتنی گومان و بەرجەستەکردنی حیکمەتی دانانی کۆتا بۆ پێکهاتەکان.

١١-رێکخستنی ئالیەت و شێوازی پەیوەندی نێوان کۆمسیۆن و دەستەی ئامار و بەڕێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگاکان.

١٢-رێکخستنی پەیوەندی نێوان وەزارەتی تەندروستی و کۆمیسیۆن لەسەر ئالیەت و شێوازی سڕینەوەی ناوی مردوان لە تۆماری دەنگدەران، ئەویش لەرێگەی فۆرمێکی تایبەت دەبێت کە کۆمیسیۆن و وەزارەتی تەندروستی بەیەکەوە ئامادەی دەکەن.

١٣-وردەکارییەکانی رێکاری تۆماری دەنگدەران لەیاساکانی هەڵبژاردن ئاماژەیان پێ بدرێت بۆ ئەوەی کۆمسیۆن پابەند بێت پێیەوەو قەوارەکانیش دڵنیابن لە رێکارەکانی کۆمسیۆن.

١٤-کۆمسیۆنی هەڵبژاردن بۆ ئامادەکردنی تۆماری دەنگدەران کار لەسەر بنەمای ئامادەکردنی تۆماری دەنگدەران بەشێوازی بەردەوام بکات نەك تۆماری کاتی بۆ هەر پرۆسەیەکی هەڵبژاردن.

**دووەم: ڕاسپاردەکان بۆ مەودای نزیك و ئێستا:**

١-تا ئەو تۆمارەی ئێستا هەیە پاك نەکرێتەوە هیچ هەڵبژاردنێك ئەنجام نەدرێت، چونکە پرۆسەی دیموکراسیی هەرێم و هەڵبژاردن لەکەدار دەبێت و دەکەوێتە ژێر گومان و پرسیارەوە.

٢-بەزووترین کات لیژنەیەکی لێکۆلینەوە لەپەرلەمانی کوردستان بۆ بەدواداچوونی پرسی پاك کردنەوەی تۆماری دەنگدەران پێك بهێنرێت کەنوێنەری سەرجەم کۆمیسیۆنە سەرەکیەکانی تیادابێت.

٣-لیژنەیەکی هونەری پێك بهێنرێت لەکۆمسیۆن بۆ بەدواداچوون و تەتەڵەکردنی تۆمارەکەو دەرکردنی ناوە نایاساییەکان.

٤-ئەنجومەنی دادوەری و وەزارەتی داد ناچار بکرێن ناوی سەرجەم ئەو مردووانەی لەرێگەی دادگاوە تۆمار کراون بۆ کۆمسیۆنی هەڵبژاردن تۆمار بکەن.

٥-وەزارەتی تەندروستی ناچار بکرێت سەرجەم لیستی ناوی ئەو مردووانەی لە پزیشکی دادوەری تۆمار کراون بۆ کۆمسیۆن ئامادە بکات.

٦-وەزارەتەکانی ناوخۆ و پێشمەرگە مولزەم بکرێن لیستی ناوی دەنگدەرانی تایبەتی سنوری وەزارەتەکانیان بە پوختی بدەن بە کۆمسیۆن.

٧-وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی مولزەم بکرێت لیستی فۆرمی خۆراك پوخت بکات و بیدات بە کۆمسیۆن. هەروەها سود لە داتاکانی وەزارەتی بازرگانی عیراقیش وەربگیرێت بۆ پاك کردنەوەی ناوی مردووەکان.

٨-داوا لە وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی عیراق بکرێت لیستی ناوی ئاوارەکانی سنوری هەرێمی کوردستان بدات بەکۆمسیۆن و کۆمسیۆنیش بەراوردی بکات لەگەل لیستی تۆماری دەنگدەرانی هەرێم.

٤-بەش و ژوور و مەکتەبی هەڵبژاردنی حزبەکان بەدواداچوونی جدی بکەن بۆ تۆماری دەنگدەران و هاوکاری کردنی کۆمیسیۆن بەمەبەستی پاك کردنەوەی.

١٠-کۆمسیۆن جیاوازی نێوان تۆماری دەنگدەرانی هەرێم و تۆماری بایۆمەتری دەستنیشان بکات و ناوە زیادەکان بسرێتەوە. کە تۆماری هەرێم (٢٧٥.٤٢٣) ناوی زیاترە.

١١-لیستی تۆماری دەنگدەرانی هەرێم لەگەڵ تۆماری پارێزگانی عێراق (موسڵ و سەلاحەدین و تکریت و دیالە و کەرکوك) بەراورد بکرێن و ناوە دووبارەکان بسرێنەوە.

١٢-کۆمسیۆن پەیرەوی ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠١٧ ی (دامەزراندن و بژارکردنی تۆماری دەنگدەرانی هەرێم) وەك خۆیان پەسەندیان کردووە جێبەجێی بکەن.

## پاشکۆ: ( ١ )

**بڕیاری ژمارە ( ١ )ی ساڵی ٢٠١٣ ی پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بە پێکهێنانی لیژنەی لێکۆڵینەوە لە تۆماری دەنگدەران**

### قـرار رقم ( ١ ) لسنة ٢٠١٣
### قرار رئاسة برلمان

استناداً لحكم الفقرة (ب) من المادة ٤٨ من النظام الداخلي لبرلمان كوردستان رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل وبناءاً على الطلب المقدم من عدد من أعضاء البرلمان للتحقيق فيما اثير مؤخراً بحدوث زيادات غير قانونية في اعداد الناخبين في الاقليم عليه قررت هيئة رئاسة البرلمان بتأريخ (٢٠١٣/٧/٧) تشكيل لجنة تحقيقية للغرض المذكور على الوجه الآتي، على أن تنجز مهمتها خلال مدة خمسة عشر يوماً من تاريخ صدور هذا القرار.

| | |
|---|---|
| ١-سالم توما كاكو | رئيساً. |
| ٢-آمنة زكري سعيد | عضواً. |
| ٣-گشە دارا جلال | عضواً. |
| ٤-عمر صديق محمد | عضواً. |
| ٥-يشار نجم الدين نورالدين | عضواً. |
| ٦-سەروەر عبدالرحمن عمر | عضواً. |
| ٧-احمد ابراهيم ورتێ | عضواً. |
| ٨-صباح محمد نجيب | عضواً. |
| ٩-ئاهەنگ عارف رؤوف | عضواً. |

د. حسن محمد سورة
نائب رئيس برلمان كوردستان ـ العراق

د. أرسلان بايز اسماعيل
رئيس برلمان كوردستان ـ العراق

## پاشكۆ: (٢)

### ڕاپۆرتی كۆتایی لیژنەی لێكۆڵینەوە لە زیادبوونی نایاسایی ژمارەی دەنگدەران لە هەرێمی كوردستان

پاڵپشت بە بڕیاری ژمارە (١) ی سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان لە رێكەوتی ٢٠١٣/٧/٧ بە پێكهێنانی لیژنەی لێكۆڵینەوە لە زیادبوونی نائاسایی ژمارەی دەنگدەرانی هەرێم لەسەر داواكاری (٣٩) پەرلەمانتار سەبارەت بە تۆماری دەنگدەران، لیژنە رۆژی دووشەممە ٢٠١٣/٧/٨ كاتژمێر ١١ی پێش نیوەرۆ یەكەمین كۆبوونەوەی خۆی ئەنجامدا بە مەبەستی دانانی میكانیزمی كاركردنی لیژنە و چەند بڕیارێكی دا :.

١ – دەست نیشانكردنی بەڕێز (د. احمد وەرتی) وەكو بڕیاردەری لیژنە.

٢ – سەردان و كۆبوونە لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەكان.

٣ – وەرگرتنی ڕەزامەندی سەرۆكایەتی پەرلەمان بە پێدانی دەسەڵات بە لیژنە بۆ ئاراستەكردنی نوسراو و یاداشت (كە دواتر ئەو رەزامەندیە وەرگیرا)( كۆنووسی ژمارە ١).

* ڕاپۆرتی لیژنە لەم بەشانەی خوارەوە پێك دێت :.

١ –سەردان و كۆبوونەوەی لیژنە.

٢ – بەڵگەنامە و نوسراوی رەسمی لایەنە پەیوەندیدارەكان.

٣ – دەرەنجامەكان.

٤ - ڕاسپاردەكان

## بەشی یەكەم / كۆبوونەوە و سەردانەكان :.

### كۆبوونەوە و سەردانی دەستەی باڵای هەڵبژاردنەكانی هەرێم :.

١ – رۆژی دووشەممە ٢٠١٣/٧/٨ كاتژمێر (٢) ی پاش نیوەڕۆ لیژنە میوانداری بەڕێز (عەلی قادر) بەڕێوەبەری گشتی دەستە و بەڕێز (د . مازن عبدالقادر خضر و بەهێز طلعت علی) ی كرد (كۆنووسی ژمارە ٢).

### سەردانی دەستەی هەڵبژاردنەكانی هەرێم :.

ڕۆژی سێ شەممە ٢٠١٣/٧/٩ كاتژمێر (١١) ی پێش نیوەڕۆ لیژنە (سەرۆك و ئەندامانی) سەردانی دەستەی باڵای هەڵبژاردنەكانی هەرێمی كرد و لە لایەن بەڕێز (عەلی قادر ) بەڕێوەبەری گشتی دەستە پێشوازیمان لێكرا، سەرەتا بەڕێزیان كورتە باسێكی لە كاری كۆمسیۆن باس كرد و دواتر هەندێك لە بەشەكانی دەستەمان بەسەر كردەوە لە نزیكەوە لە بەڕێوەچوونی كارەكانی دەستەمان بینی و پاشان لیژنە كۆبوونەوەی لەگەڵ بەرێزیان و چەند بەرپرسێكی دیكەی دەستە ئەنجامدا و ئەمانەی خوارەوە باسكران، بەڕێز ( عەلی قادر ) لەسەرەتای قسەكانیدا گوتی ئەوەی ئەمڕۆ من دەیڵێم تەنها ڕوونكردنەوەیە و وەڵامی رەسمی كۆمسیۆن نیە، پاشان بەڕێزیان دەربارەی هەندێ لە پرسیارەكانی لیژنە بەم شێوەیە وەڵامی دایەوە. (كۆنووسی ژمارە ٣)

## زاراوەكان

١ - كۆمسیۆن/ كۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەكان بەیاسای ژمارە ١١ ی ساڵی ٢٠٠٧ دامەزراوە و تەنها لەبەرامبەر ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەرپرسیارە.

كۆمسیۆن پێك دێت لە :

أ- ئەنجومەنی كۆمسیاران.

ب- بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن.

٢ - تۆماری سەرەتایی دەنگدەران/ تۆماری ناوی دەنگدەرانە بۆ مەبەستی نوێكردنەوەی ناوی دەنگدەران بەكاردەهێنرێت، لە كاتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەكان پشتی پێ نابەسترێت.

٣ - تۆماری كۆتایی دەنگدەران/ ئەم تۆمارە دروست دەبێت لە پاش ئەنجامدانی پرۆسەی نوێكردنەوە و سكاڵا و تانە لێدان و شیكردنەوەی داتاكان و ئامادەكردنی تۆمارەكە بەشێوەی (pdf) و لەدوای ئەوە هیچ گۆڕانكاری لەسەر ناكرێت و بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەكان پشتی پێ دەبەسترێت.

**پ/ ئەو ژمارەو ئامارە جیاوازانەی كە لە لایەن هەندێك لە بەرپرسان و كارمەندانی كۆمسیۆن باسیان لێ دەكرێ، ڕاتان بەرامبەر ئەمە چییە ؟**

عەلی قادر: تەنها ئەو ژمارە و ئامارانەی كە لە لایەن ئەنجومەنی كۆمسیۆنەوە بڵاودەكرێتەوە ڕەسمین و جێگەی متمانەن، هەر ژمارەیەكی تر لە لایەن هەر بەرپرسی ئۆفیس یان كارمەندێكەوە بڵاو بكرێتەوە پشتی پێ نابەسرێت بۆ هیچ كردارێك.

**پ/ لە پرۆسەی نوێكردنەوەی تۆماری دەنگدەران چەند كەس سەردانی بنكەكانی كردووە و بە چ مەبەستێك بووە؟**

**عەلی قادر:**

٥٥٦٩٧٠ كەس سەردانی بنكەكانی كۆمسیۆنی كردووە.

٨٥٤٦٢ كەس بە مەبەستی گواستنەوە لە بنكەیەك بۆ بنكەیەكی تر سەردانی كردووە.

٨٦٠٠ كەس بە مەبەستی ڕاستكردنەوەی زانیارییەكان.

٤٤٠ كەس بە مەبەستی سڕینەوەی ناوێك كە مردووە.

دەربارەی دەنگدەری تایبەت وتیان (١٧٦.٣٤١) ناویان لە ( وەزارەتی ناوخۆ و ئاسایش و وەزارەتی پێشمەرگە و كاروباری كۆمەڵایەتی ) بۆ هاتووە، وە هەر كەسێك ناوی لە تۆماری دەنگدەران نەبێت ئەوا ناویان ناخرێتە ناو تۆماری دەنگدەرانی تایبەت.

**كۆبوونەوە لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی :.**

ڕۆژی چوارشەممە ٢٠١٣/٧/١٠ كاتژمێر ٢ی پاش نیوەڕۆ لیژنە لەگەڵ بەڕێز د. ڕێكەوت وەزیری تەندروستی بە ئامادەبوونی بەڕێوەبەری بەشی ئاماری وەزارەت خاتوو (ابتهال كورگیس) كۆبووەوە، لیژنە بە دیاریكراوی پرسیاری لەسەر ژمارە و ناوی لە دایك بوان و مردوان هەبوو.

بەڕێز وەزیری تەندروستی ئامار و ناوی لە دایکبوونی هەر سێ پارێزگاکەی خستە بەردەستی لیژنە و هـەر بـە ئامادەبوونی لیژنە نوێنەری کۆمیسۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان بەڕێز ( ئاری ) ژمارە و نـاوی سـیانی مردوانـی سـاڵی ٢٠١٠ و ٢٠١١ و ٢٠١٢ و ٢٠١٣ ی وەرگرت. (کۆنووسی ژمارە ٤).

ژمارەی مردوان بەپێ ی پارێزگا

| المجموع | السليمانية | دهوك | اربيل | الاعوام |
|---|---|---|---|---|
| 8694 | 5231 | 1198 | 2265 | 2001 |
| 9524 | 5987 | 1297 | 2240 | 2002 |
| 11730 | 6730 | 2500 | 2500 | 2003 |
| 12079 | 6023 | 2987 | 3069 | 2004 |
| 11793 | 6432 | 2541 | 2820 | 2005 |
| 13072 | 6480 | 3510 | 3082 | 2006 |
| 13633 | 7057 | 3211 | 3365 | 2007 |
| 15130 | 6898 | 4957 | 3275 | 2008 |
| 16551 | 7084 | 5972 | 3495 | 2009 |
| 16732 | 7040 | 5359 | 4333 | 2010 |
| 19978 | 8275 | 6706 | 4997 | 2011 |
| 23785 | 8671 | 7037 | 8077 | 2012 |
| 5884 | 1341 | 1260 | 3283 | 2013 |

احصائية باعداد الولادات وحسب المحافظة

| المحافظات | | | | |
|---|---|---|---|---|
| مجموع | سليمانيه | دهوك | اربيل | الاعوام |
| 83921 | 32252 | 21357 | 30312 | 1997 |
| 97021 | 34625 | 28536 | 33860 | 1998 |
| 106188 | 40122 | 26381 | 39685 | 1999 |
| 92796 | 38225 | 20924 | 33647 | 2000 |
| 114333 | 44269 | 26481 | 43583 | 2001 |
| 94795 | 30155 | 22662 | 41978 | 2002 |
| 98540 | 31702 | 25332 | 41506 | 2003 |
| 114432 | 41259 | 31143 | 42030 | 2004 |
| 112136 | 38902 | 36361 | 36873 | 2005 |
| 119862 | 41667 | 37605 | 40590 | 2006 |
| 122832 | 42472 | 40596 | 39764 | 2007 |
| 122845 | 41572 | 40867 | 40406 | 2008 |
| 141478 | 48734 | 46931 | 45813 | 2009 |
| 140028 | 48566 | 45146 | 46316 | 2010 |
| 155118 | 59779 | 48687 | 46652 | 2011 |
| 145184 | 50461 | 50833 | 43890 | 2012 |

لە کۆتایی بەڕێز (د. ڕێکەوت) وەزیری تەندروستی ئاماژەی بەوەکرد کـە ڕێـژەی منـداڵبوون و مردنـی هـەرێم بە ئاسایی دەبینین.

## سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕەگەزنامەی هەرێم :.

ڕۆژی پێنج شەمە ٢٠١٣/٧/١١ لیژنـە سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕەگەزنامەی هەرێمی کردو لەگەڵ بەڕێز ( لیوا نزار ) بەڕێوەبەری گشتی ڕەگەزنامەی هەرێم کۆبووەوە و ئەو پرسیار و بەدواداچونانەی لیژنـە هـەیبوو بـەم شێوەیە وەڵامی دایەوە.

بۆ وردەکاری نوسراوی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕەگەزنامەی هەرێم ژمارە (١١١٩١) لە ٢٠١٣/٧/٢٢ وێنەیەکی هاوپێچە لەگەڵ ڕاپۆرت.

**پ/ سەرژمێری لقی ( تعداد فرعی ) لە کوردستان کراوە و بە چ یاسایەك کراوە ؟**

لیوا نزار : لە دوای ڕاپەرین و کشانەوەی دەزگا ئیدارییەکانی حکومەتی ناوەندی ئەو کات، حکومەتی هەرێم وەکو واقع حال چەند جارێك سەرژمێری لقی کردووە و بەپێ ی یاسای ژمارە ٦٥ ی عێراقی سالی ١٩٧٢ ، بە فەرمانی وەزیری ناوخۆی هەرێمی کوردستان بووە، وە سەرژمێری لقی لە هەرێم لە سالی (٢٠٠٠) بەدواوە نەکراوە.

**پ/ ئایا ڕەگەزنامە بە کەس دراوە؟ لە چ کاتێك بووە ؟ حکومەتی فیدرالی چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم کارەی هەرێمی کوردستان دەکات؟**

لیوا نزار: لە سالی ١٩٩٢ تا ٢٠٠٨ لە لایەن هەر دوو ئیدارەی هەرێم ( هەولێر، سلێمانی ) (٢٩٠٥) دوو هەزار و نۆ سەد و پێنج ڕەگەزنامە بە هاولاتی غەیرە عێراقی دراوە، (٢١٣٦) دوو هەزار و سەدو سی وشەش ڕەگەزنامە لەلایەن ئیدارەی سلێمانی و (٧٦٩) حەوت سەدو شەست ونۆ ڕەگەزنامە لەلایەن ئیدارەی هەولێر دراون بە غەیرە عێراقی، بەلام لە دوای سالی ٢٠٠٨ دەسەلاتی پێدانی ڕەگەزنامە تەنها لەلایەن وەزیری ناوخۆی فیدرالی جێ بەجێ دەکرێت، بۆ بەڕێکردنی کاری ئەو (٢٩٠٥ ) کەسە یاداشتی لێکگەیشتن لە نێوان حکومەتی فیدرال و حکومەتی هەرێم هەیە، بە مەبەستی پەسندکردنی ئەو ڕەگەزنامە عێراقیەی کە دراوە بەو کەسانە بەلام تا ئێستا پەسند نەکراوە کە دەبێ بەپێ ی ئەم مەرجانە بێت:

١ – بەڕێگەی شەرعی هاتبێتە کوردستان.

٢ – داهاتی گونجاوی هەبێت.

٣ – ئەو ماوەیە هیچ داوایەکی یاسایی لەسەر تۆمار نەکرابێت.

**پ/ لەسەر چ بنەمایەك بەلگەنامەی نیشتەجێبوون ( ئیقامە ) دەدرێت بە ئاوارەی کوردستانی سوریا ؟**

لیوا نزار : هەر کەسێك داوای ئیقامە بکات پێویستە لە تۆماری un ناونووس کرابێت و بەلگەنامەی هەبێت.

**پ/ لە نێو ئەو بەلگەنامانەی کە داوا دەکرێت بۆ ڕەگەزنامە، کۆبۆنی خۆراك یان کارتی زانیاری پشتی پێ دەبەسترێت ؟**

لیوا نزار: چەند بەلگەنامەیەك داوا دەکرێن بۆ ڕەگەزنامە، یەکێك لەو بەلگەنامانە کارتی زانیارییە و کۆبۆنی خۆراك وەکو بەلگەنامە لەلای فەرمانگەی ڕەگەزنامە بەکارناهێنرێت.

**پ/ بۆ پاراستنی ناسنامە و تۆماری هاولاتیانی کوردستان چی کراوە ؟**

لیوا نزار: لە بەڕێوەبەرایەتی ڕەگەزنامەی هەرێم لە ناو چوار هارد دیسك تۆمار و ناسنامەی هەموو خەلکی کوردستان پارێزراوە و کەس ناتوانێت هیچ زیاد و کەمی لێ بکات، لە سالی ٢٠٠٧ ئەم پرۆسەیە ئەنجامدراوە. (کۆنووسی ژمارە ٥) .

**کۆبوونەوە لەگەڵ بەڕێوەبەری فەرمانگەی دروستکردنی کۆبۆنی خۆراک (هەولێر، سلێمانی، دهۆک):.**

ڕۆژی دووشەممە ٢٠١٣/٧/١٥ کاتژمێر ١١ی پێش نیوەڕۆ لیژنە لەگەڵ هەریەک لە بەڕێزان ( نەوزاد صابر) بەڕێوەبەری دابەشکردنی خۆراک و بەڕێز ( دارا دزەیی ) بەڕێوەبەری ڕێکخستنی پسولەی خۆراک لە هەولێر و خاتوو ( بەیان أحمد) بەڕێوەبەری ڕێکخستنی پسولەی خۆراک لە سلێمانی و بەڕێز ( حسین عبدالخالق ) بەڕێوەبەری ڕێکخستنی پسولەی خۆراک لە دهۆک لە تەلاری پەرلەمانی کوردستان کۆبووەوە، لە کۆبوونەوەکەدا لیژنە ئەم پرسیارانەی خستەڕوو دەربارەی پسولەی خۆراک.

**پ/ ڕێکاری ڕێکخستنی پسولەی خۆراک چۆنە ؟**

**وەڵام /**

١- هاوڵاتی هەڵگری ناسنامەی باری شارستانی بێت.

٢- هاوڵاتی دانیشتووی هەرێمی کوردستان بێت .

٣- هاوڵاتی داواکار خاوەنی پسولەی خۆراک نەبێت و ئەمەش لە ڕێگەی کۆمپیوتەر و زانیارییەکانی فەرمانگە پشت ڕاستدەکرێتەوە.

٤- هاوڵاتی داواکار پێویستە لەبەردەم لیژنەی جەرد و ژماردن ئامادە بێت.

٥- پشتگیری موختارو سەرۆکی یەکەی ئیداری پێ بێت.

**پ/ چۆن ناوی مردوو لە پسولەی خۆراک دەسڕێتەوە ؟**

**وەڵام /**

١- کەس و کاری هاوڵاتی مردوو خۆیان زانیاری بدەن.

٢- لە ڕێگەی بەیان وەفات.

٣- لە ڕێگەی زانیاری بەڕێوەبەرایەتی نەخۆشخانەکان.

**پ/ هاوڵاتیانی ئاوارەی ئێران و سوریا و تورکیا چۆن مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت ؟**

ئەوانەی پەنابەرن و لە کوردستان لە دەرەوەی کەمپەکانی (un) دەژین، خۆراکیان پێ دەدرێت بەڵام لە تۆماری خۆراک ڕەمز و نیشانە لە سەر ناوەکانیان هەیە و بە عێراقی ناونوس ناکرێن، بۆیە ناتوانن بەشداری هەڵبژاردن بکەن چونکە ناویان لە تۆماری دەنگدەران نییە.

پاش ئەوەی لیژنە داوای ژمارە و لیستی ناوی غیرە عراقی کرد ، فەرمانگەی دروستکردنی پسولەی سلێمانی ژمارە و لیستی ناوەکانی ناردوە، بەڵام هەولێر و دهۆک تەنها ژمارەکەیان ناردووە.

**پ/ سیستەم و ڕێنمایی بەڕێوەچوونی کاروباری فەرمانگەکانی ڕێکخستن و دابەشکردنی خۆراک لە هەرێم وەک یەکن ؟**

وەڵام /

١ - دابەشكردنی خۆراك و پسولەی خۆراك لە ساڵانی نەوەدەكانەوە كاری لەسەر دەكرێت، بۆیە تا ئێستاش حكومەتی فیدراڵی زۆربەی فەرمان و ڕێنماییەكانی راستەوخۆ بۆ فەرمانگەی پارێزگاكان دەنێرێت نەك بۆ وەزارەتی بازرگانی هەرێم هەرچەندە لە نێوان هەردوو وەزارەت هەماهەنگی و پەیوەندی هەیە.

٢- لە هەمان كاتدا وەزارەتی بازرگانی هەرێم لەگەڵ فەرمانگەی پسولە و دابەشكردنی خۆراك لە پارێزگاكانی هەرێم راستەوخۆ مامەڵەدەكات.

٣– فەرمانگەكانی دروستكردنی پسولە و دابەشكردنی خۆراك لە هەرێم بۆ بەڕێوەبردنی كاروبارەكانیان جۆرێك لە سەربەخۆییان هەیە.

**پ/ گواستنەوەی پسولەی خۆراك لە نێوان پارێزگاكانی هەرێم و ناوچە كوردستانیەكانی دەرەوەی هەرێم ( ماددەی ١٤٠ ) چۆنە ؟**

**وەڵام /**

پاش ئەوەی بڕێك پارە خەرج دەكرا بۆ گەڕانەوەی خەڵكی ناوچەكانی ماددەی ١٤٠، ژمارەیەك لە هاوڵاتی دانیشتوی هەر سێ پارێزگای ( هەولێر، سلێمانی، دهۆك ) بە هۆی ئەم پرۆسەیە پسولەی خۆراكیان گواستەوە بۆ ناوچە كوردستانیەكانی دەرەوەی هەرێم، دواتریش بە فەرمانی حكومەتی هەرێمی كوردستان گـــــەڕانەوەی پسولەی خۆراكی ئەو هاوڵاتیانە بۆ هەرێم قەدەغە كراو ئێمەش پێوەی پابەند بووین.

**★ لە هاوپێچەكەدا نوسراوی فەرمی فەرمانگەكانی خۆراك لە هەرسێ پارێزگادا بە ژمارە و ئامار خراوەتە ڕوو. (كۆنووسی ژمارە ٦)**

**كۆبوونەوەی لیژنە لەگەڵ كۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەكان :.**

سەعات (١١) ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە ٢٠١٣/٧/١٦ لیژنەكەمان لەگەڵ وەفدی كۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەكانی عێراقدا كۆبوەوە كە پێكهاتبوون لە بەڕێزان (سەربەست مصطفی) سەرۆكی ئەنجومەنی كۆمسیاران و (میقداد حسن صالح) سەرۆكی ئیدارەی هەڵبژاردن و (سیروان احمد رەشید) ئەندامی ئەنجومەن كە بۆ وەڵامدانەوەی پەرلەمانی كوردستان و لیژنەكە سەبارەت بە زیادبوونی نائاسایی ژمارەی دەنگدەرانی هەرێم سەردانی پەرلەمانیان كردبوو. كۆبوونەوەكە ماوەی زیاتر لە (٢) دوو سەعات و نیوی خایاند و ئەندامانی لیژنە پرسیارەكانیان لەسەر دەنگۆ و گومانەكان لەسەر زیادبوونی ژمارەی نائاسایی دەنگدەران و ناوی دووبارە و لێكچوو و چۆنیەتی تۆماری نوێی دەنگدەران و سڕینەوەی مردوان ئاراستەی ئەندامانی وەفدەكە كرد. ئەندامانی وەفدی كۆمسیۆن ڕوونكردنەوەی خۆیان دا سەبارەت بەو گومان و دەنگۆیانە و ڕێكار و ڕێ و شوێنەكانی كۆمسیۆن و مامەڵە كردنیان لەگەڵ ئەو مەسەلانەدا و بڕیاریاندا كە زانیاری زیاتر بنێرن بۆ پەرلەمان، سەبارەت بە (٩٤٠٠٠) دەنگی دووبارە وتیان تەنیا (٦٤٥) ناو تا ئێستا دووبارە هەیە و میكانیزمی سڕینەوەی پێویستە بە هەماهەنگی بێت لەگەڵ وەزارەتی بازرگانی عێراق.

ئێمە وەك لیژنە بەرەسمی سیدی ناوەکانمان ئاراستە کردوون و چاوەڕێین وەڵاممان بدەنەوە. دەربارەی ژمارەی مردوان بەپێ ی ئاماری تەندروستی هەرێمی کوردستان لە هەرێمدا لە ساڵی (٢٠٠٩ – ٢٠١٣) (٨٢,٩٣٠) کەسە بەڵام تا ئێستا (٤٤٠) کەس ناوی سڕاوەتەوە لە تۆماری دەنگدەران کە لە ئەنجامی سەردانی کەس و کاریان بۆ بنکەکانی هەڵبژاردن سڕاوەتەوە و پێمان دراوە. وە میکانیزمی سڕینەوەی ئەو داتایەی پێویستە بۆ سڕینەوەی ناوی مردوان لە تۆماری دەنگدەران لەناو فۆرمی شهادەی وەفاتی هەرێمدا بە تەواوی بوونی نییە وەك ئەو ئالیەتەی کە لە بەغداد بەکاردێت بۆ سڕینەوەی مردووەکان بە پێ ی وتەی (مقداد حسن صالح) سەرۆکی دائیرەی ئینتیخابی.

سەبارەت بە پێدانی ڕەگەزنامەی عێراقی وتیان یاداشتی لێکگەیشتن هەیە لە نێوان وەزیری ناوخۆی عێراق و هەرێم لەسەر پەسند کردنی ڕەگەزنامەی عێراقی بەو کەسانەی کراوە کە ژمارەیان (٢٩٠٥) کەسە. چونکە تۆماری ئێستا تۆمارێکی سەرەتاییە و پشتی پی نابەسترێت بۆ هەڵبژاردن تا تەواوبوونی تۆماری دەنگدەران، وەفۆڕمی نوێ لە وەزارەتی بازرگانی وەرنەگیراوە دوای (٢٠٠٧) و موالیدەکان ئۆتۆماتیکی زیاد دەبن هەر کەسێك تەمەنی بگاتە (١٨) ساڵ. وە هیچ فۆڕمێکی تازە بۆ هاووڵاتیانی بیانی وەرنەگیراوە، پرسیار کرا کەسێ داتای جیاواز لە لایەن کۆمسیۆن لە هەولێر دراوە بە لایەنە سیاسیەکان، وتیان ئەو داتایانە ڕەسمی نین، سەبارەت بە زیادبوونی ئێستای ژمارەی دەنگدەرانی هەرێمیش پێیان وابوو کە زیادبوونێکی ئاساییە و نائاسایی نیەبەپێ ی نوسراوی فەرمی کۆمسیۆن ئێستا ژمارەی دەنگدەر لە پارێزگای هەولێر (٩٩١.٩٦٠) دەنگدەرە، بەڵام لە لیژنەوە پێیان ڕاگەیەنرا کە نزیکەی هەشت هەزار کەس زیاتر نوسراوە و کۆمسیۆن بەڵێنیاندا بە دواداچون بکەن و بە ڕەسمی وەڵاممان بدەنەوە. لە بارەی دەنگدەرانی تایبەتیش وتیان لیژنەیەکی تایبەت پێکهاتووە بۆ دروستکردنی تۆماری دەنگدەرانی تایبەت بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان (وەزارەتی ناوخۆ / پێشمەرگە/ ئاسایش) ، ئەوەی پەیوەندیداریشە بە گواستنەوەی ناوی دەنگدەران لە نێوان خودی یەك پارێزگادا شتێکی ئاساییە و گۆڕانکاری ناوخۆییە.

★ ژمارەی دەنگدەران لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ نوێ کردنەوە :.

| المحافظة | عدد الناخبين لسنة ٢٠٠٨ | عدد الناخبين لسنة ٢٠٠٩ | عدد الناخبين لسنة ٢٠١٠ | عدد الناخبين الحالى |
|---|---|---|---|---|
| دهوك | ٥٠٧٧٩٣ | ٥٦١٨٤٩ | ٥٦٠٨٢٠ | ٦٥١.٣٦٨ |
| اربيل | ٨٥٢١٨١ | ٨٩٨٧٣٥ | ٩٢٠٠٦٧ | ٩٩١.٩٦٠ |
| سليمانيه | ١٠٢٦٨٨٧ | ١٠٥٨٢٠٩ | ١١٠٣٠٩٢ | ١.١٩٥.٩٦١ |
| المجموع | ٢٣٨٦٨٦١ | ٢٥١٨٧٩٣ | ٢٥٨٣٩٧٩ | ٢٨٠٣٢٨٩ |

★ ليستی ژمارەی دەنگدەری تايبەت :.

| وەزارەت يان دەزگا | هەولێر + دهۆك | سلێمانی | كــۆ |
|---|---|---|---|
| ئاسايش | ٨٣١٤ | ٨٥٥٥ | ١٦٨٦٩ |
| ناوخۆ | ١٨٥٦٠ | ٢٦١٠٦ | ٤٤٦٦٦ |
| وەزارەتی پێشمەرگە | | | ٨٥٠١٦ |
| وەزارەتی بەرگری عێراقی | | | ٩٣٤ |
| پاسەوانی حدود | | | ٦٣٢٨ |
| وەزارەتی كار | | | ٢٣٧ |
| كۆی گشتی | | | ١٥٤٠٥٠ |

## بەشی دووەم / هاوپێچ

### بەڵگە نامە و نوسراوی ڕەسمی لايەنە پەيوەنديدارەكان بريتين لەمانەی خوارەوە :.

١ – ئاماری مردووان لە هەرێمی كوردستان لە ساڵی (٢٠٠١ – تاوەكو مايسی ٢٠١٣).

٢ - ناوی مردووان لە هەرێمی كوردستان لە ساڵی (٢٠١١ – تاوەكو مايسی ٢٠١٣).

٣ – ئاماری لە دايكبووان لە هەرێمی كوردستان لە ساڵی (١٩٩٧ – ٢٠١٣).

٤ – نوسراوی بەڕێوەبەرێتی گشتی ڕەگەزنامەی هەرێم بە ژمارە (١١١٩١) لە ٢٠١٣/٧/٢٢.

٥ – ژمارەی دەنگدەرانی تايبەتی ناوخۆ كە لە وەزارەتی ناوخۆ وەرگيراوە.

٦ – نوسراوی بەڕێوەبەرايەتی پسولەی خۆراكی سلێمانی ژمارە (٧٥٧٣) لە ٢٠١٣/٧/٢١

٧ – نوسراوی بەڕێوەبەرايەتی پسولەی خۆراكی دهۆك لە ٢٠١٣/٧/٢١

٨ – نوسراوی بەڕێوەبەرايەتی پسولەی خۆراكی هەولێر لە ٢٠١٣/٧/٢١

٩ – نوسراوی كۆمسيۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەكان ژمارە خ/ لە ١٩٢٥/١٣ لە ٢٠١٣/٧/١٨

١٠ – ئيمەيڵی (سەربەست مستەفا) سەرۆكی ئەنجومەنی كۆمسياران سەبارەت بە ژمارەی ناوی لێكچوو لە نێوان پارێزگاكانی (سەلاحەددين ، ديالە ، كەركوك) و پارێزگای سلێمانی.

١١- ژمارەيەك نوسراو كە فەرمانگەی ڕەگەزنامەی سلێمانی بۆ خەڵكی غەيرە عێراقی كردووە بۆ وەرگرتنی ڕەگەزنامەی عێراقی .

١٢ – ژمارەيەك نوسراو و بەڵگەنامە كە بەڕێز (د. سەروەر عبدالرحمن ، گەشە دارا) پێشكەشی ليژنەيان كردووە.

١٣ – نوسراوی بەڕێوەبەرايەتی گشتی كاروباری شارستانی ژمارە (١٠٥٥٠) لە ٢٠١٣/٧/٨

١٤ – كۆنووس و نوسراوكانی ليژنە.

## بەشی سێ یەم : دەرەنجامەکان :

لیژنە لە ئاکامی لێکۆڵینەوەکانی دا گەیشتە ئەم دەرەنجامانەی خوارەوە :

١ – کۆمسیۆن باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان تەنیا زانیاری پێویستی (٤٤٠) کەسی مردووی لایە بۆ سڕینەوە کە کەس و کاریان سەردانی بنکەکانی نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەرانیان کردووە، بۆ سڕینەوەی ناوەکانیان لە کاتێکدا ژمارەی مردووان بە پێی ئاماری وەزارەتی تەندروستی هەرێم (٨٢.٩٣٠) کەسە لەساڵی (٢٠٠٩) تا مانگی (٥) ی (٢٠١٣) مردوون. وە بەپێی هەمان ئامار لە ساڵی (٢٠٠١-٢٠٠٨) ژمارەی مردووان (٩٥.٦٥٥) کەسە.

٢ – لەسەر ئاستی عێراق و هەرێمی کوردستان ناوی لێکچوو زۆرە و بەپێ ی نووسراوی کۆمسیۆن لە تۆماری دەنگدەران (١.٨٢٨.٦٩١)ناوی لێکچوو لەسەر ئاستی عیراق هەیە، وەبەپێی گوتەی کۆمسیۆنیش ئەو (٩٤٠٠٠) ناوەی (٣٩)پەرلەمانتارەکە بەسیدی و لەڕێگەی یادداشتێکەوە پێشکەشیان کردبوو لە نیوان پارێزگەکانی (هەولێر/دهۆك) لەگەل (موسل/کەرکوك)، لەگەل ژمارەی (٨٠.٤٨٧) کەس کە بەڕێز سەربەست ئامێدی لە ٢٠١٣/٧/٢١ بە ئیمەیل بۆ لیژنەی ناردووە لەنێوان پارێزگاکانی (سلێمانی) لەگەل (کەرکوك/تکریت/دیالە)، کۆمسیۆن بەناوی لێکچویان دادەنێت.

٣-ناوی دووبارە لە تۆماری دەنگدەرانی هەرێم دا هەیە، و بەپێ ی گوتەی خودی کۆمسیۆنیش لە کۆبوونەوەی (٧/١٦) لەگەڵ لیژنە ناوی (٦٤٥) دەنگدەر دووبارەیە و تا تۆماری دەنگدەرانیش لە قۆناغی شیکردنەوە تەواو دەبێت ئەگەری زیادبوونیش هەیە.

٤- نەبوونی میکانیزمی گونجاو و پێویست لە نێوان دەستەی هەڵبژاردنەکانی هەرێم و لایەنە پەیوەندیدارەکانی هەرێم بۆ نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران.

## بەشی چوارەم : راسپاردەکان :

لیژنە ئەم راسپاردانەی خوارەوەی هەیە :

١ – چارەسەرکردنی ناوی لێکچوو.

٢ – سڕینەوەی ناوی دووبارە.

٣ – سڕینەوەی ناوی مردووان.

٤ – ئەنجامدانی سەرژمێری گشتی لە عێراق.

٥ – دانانی میکانیزمی گونجاو بۆ کارکردنی وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە گۆڕینەوەی زانیاری تەواو بە مەبەستی نوێکردنەوە و بوونی تۆماری دەنگدەرانی پاك.

٦ – دانانی میکانیزمێکی گونجاو بە هەماهەنگی لەنێوان سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان و کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بۆ ووردبینی کردن و سڕینەوەی ناوی ئەوکەسانەی کە مافی دەنگدانیان نییە (مردوو و دووبارە)، وە ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان بە پێی پێوەرە نێو دەوڵەتیەکان.

٧ – پەیڕەوکردنی سیستەمی ئەلیکترۆنی لە ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردنەکاندا.

٨ – بەڕێزان (د. سەروەر عبدالرحمن، ئاهەنگ عارف، د. صباح محمد، گەشە دارا) لەگەڵ درێژکردنەوەی ماوەی کاری لیژنەکەدان تا ئەو کاتەی لیستی تۆماری دەنگدەران دەکرێت بە (PDF)، و بەراوردی ئەو گۆڕانکاریانە بکرێت.

(د.صباح بەرزنجی لەگەل درێژکردنەوەی ماوەی کاری لیژنەکەبوو و پێشتر لەکۆبوونەوەی رەسمیدا بە ئامادەبوونی سەرجەم ئەندامان (ئاهەنگ عارف)ی تخویل کرد لەجیاتی خۆی).

٩ – بەدواداچوون بکرێت بۆ سەرژمێری لقی (تعداد فرعی)و پێدانی ڕەگەزنامە لە ساڵی ١٩٩٢ تا ئێستا و وردەکاریەکانی ڕەوانەی پەرلەمان بکرێت.

**لەگەڵ ڕێزماندا ...**

| | | |
|---|---|---|
| یشار نجم الدين نورالدين | سەروەر عبدالرحمن عمر | ئاهەنگ عارف رؤوف |
| | ٢٠١٢/٧/٢٤ | ٢٠١٢/٧/٢٤ |
| ئەندام | ئەندام | ئەندام |

| | | | |
|---|---|---|---|
| آمنة زكرى سعيد | گەشە دارا جلال | عمر صديق محمد | د. صباح محمد نجيب |
| ٢٠١٢/٧/٢٤ | | ٢٠١٢/٧/٢٤ | ٢٠١٢/٧/٢٤ |
| ئەندام | ئەندام | ئەندام | ئەندام |

| | |
|---|---|
| احمد إبراهيم وەرتى | سالم توما كاكو |
| بڕیاردەری لیژنە | سەرۆکی لیژنە |
| ٢٠١٢/٧/٢٤ | ٢٠١٢/٧/٢٤ |

١٣

# پاشکۆ: (٣)

یاساو ڕێسای نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران کە لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی (٢٠٠٥)ی
کۆمسیۆن باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن کاریپێکرد:

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لەعێراق

بە پشتبەستن بەیاسای بەڕێوەبردنی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە و یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لەعێراق و یاسای هەڵبژاردنەکان و یاسای پارت و قەوارە سیاسیەکان (فەرمانەکانی ٩٢، ٩٦، ٩٧ ی نوسراو بە مێژووەکانی ٣١/١٥،٥/٦/٢٠٠٤ی دەرچوو لەلایەن دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانانەوە) بڕیاری دەرچواندنی ئەم یاسا و ڕێسایەی خوارەوەمان دا:

یاسا و ڕێسای ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠٠٤) [٣٠]

تۆمارکردنی دەنگدەران

(پێشەکی)

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە عێراق بە فەرمانی ژمارە (٩٢)ی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان لە (٣١/٥/٢٠٠٤)دا پێکهێنراوە بۆ ئەوەی ببێتە تاکە دەسەڵاتی هەڵبژاردن لەعێراقدا، کۆمسیۆن دەستەیەکی پیشەیی سەربەخۆی ناحزبییە خۆی خۆی بەڕێوەدەبات و سەر بە دەوڵەتە، بەڵام لە دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردن و یاسادانان و دادوەریی سەربەخۆیە و بەهێزی ڕەهای یاسا دەسەڵاتی بڵاوکردنەوەو پراکتیزەکردن و جێبەجێکردنی یاسا و ڕێسا و بنەما و ڕێوشوێنە پەیوەستدارەکان بەهەڵبژاردنی لەماوەی قۆناغی گواستنەوەدا هەیە.

بەشی یەکەم

(زاراوەکان)

١. یاسای بەڕێوەبردنی گواستنەوە: یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراقە بۆ قۆناغی گواستنەوە.

٢. ماوەی گواستنەوە: ئەو ماوەیەیە کە لە گواستنەوەی دەسەڵاتەوە دەستپێدەکات و بەردەوام دەبێت تا پێکهێنانی حکومەتی عێراقی هەڵبژێردراو بەگوێرەی دەستوری هەمیشەیی.

٣. کۆمسیۆن: مانای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لەعێراق دەگەیەنێت.

٤. ئەنجومەنی نیشتیمانی: ئەنجومەنی نیشتیمانی حکومەتی گواستنەوەی عێراق دەگەیەنێت وەک ئەوەی لەیاسای بەڕێوەبردنی گواستنەوەدا هاتووە.

٥. تۆمارگە (یان تۆماری دەنگدەر: ئەو لیستە دەگەیەنێت کەناوی ئەو دەنگدەرە لێهاتووانەی تێدایە کە دەنگ لەو هەڵبژاردنانەدا دەدەن کە بڕیار وایە لە مانگی کانوونی دووەمی (٢٠٠٥)دا ئەنجامبدرێت.

بەشی دووەم

(لێهاتوویی دەنگدان)

فەرمانی ژمارە (٩٦) لە (١٥/٦/٢٠٠٤)دا ئەو مەرجانەی دیاریکردووە کە پێویستە لە دەنگدەردا هەبێت بۆ ئەوەی بەشداری لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتیمانیدا بکات، کەئەوانیش بریتین لە:

١. دەبێت بە هاوڵاتیەکی عێراقی دابنرێت ئەویش لەرێگای هەڵگرتنی ڕەگەزنامەی عیراقی یان مافی ئەوەی هەبێت ڕەگەزنامەی پێبدرێتەوە یان شیاو بێت بە پێدانی ڕەگەزنامەی عێراقی بەگوێرەی ماددەی (١١) لە یاسای بەڕێوەبردنی گواستنەوە.

٢.دەبێت لە (١٩٨٦/١٢/٣١) یان پێش ئەو مێژووە لەدایکبووبێت.

٣.دەبێت ناوی تۆمارکرا بێت بۆ دەنگدان بەگوێرەی ئەو ڕێوشوێنانەی لەلایەن کۆمسیۆنەوە دەردەچن.

٤.بۆ ئەوەی دەنگدەر بتوانێت لەهەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان یان ئەنجومەنی پارێزگاکاندا دەنگبدات، سەرباری ئەو مەرجانەی سەرەوە دەبێت ناوی لەتۆمارگەی دەنگدەراندا تۆمارکرابێت بەوەی کەدانیشتووی کوردستانە یان دانیشتووی پارێزگای پەیوەستدارە.

بەشی سێیەم

تۆمارکردنی دەنگدەران

١- تۆمارکردنی دەنگدەران لەسەر بنەمای ئەو زانیاریانە دەبێت کە لەسیستەمی دابەشکردنی گشتی کارتەکانی کۆبونەوە دەستگیر دەبن و لەماوەی تۆمارکردنەکەشدا پەرەیان پێدەدرێت و هەر هەموارکردنێکیان پێویست بێت بەسەریاندا دەکرێت.

٢- دەنگدەرە لێهاتووەکان مافی ئەوەیان هەیە لەتۆمارکردنی ناوەکانیان لەتۆمارگە یەکەمییەکە بکۆڵنەوەو هەر هەڵەیەکیان تێدا بێت بەگوێرەی ئەو ڕێوشوێنانەی کۆمسیۆن دەریاندەکات ڕاستیان بکەنەوە.

٣- کۆمسیۆن هەڵدەستێت بەکردنەوەی سەنتەرەکانی ناونوسین لەسەرانسەری عێراقداو موزاوەلەی کارەکانیان لەکات و شوێنی دیاریکراودا دەکات.

٤- پێویستە سەنتەرەکانی هەڵبژاردن ئاگاداریکرێنەوە لەهەر گۆڕانکاریەک بەسەر تۆمارگە یەکەمییەکەی هەڵبژاردنەکاندا دێت بەو گۆڕانکاریانەشەوە کەکاریگەرییان دەبێت لەسەر لێهاتوویی دەنگدەر لەدەنگدانی بەئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان یان بە ئەنجومەنی پارێزگایەکی دیاریکراو.

٥- هەرکەسێک مەرجە یاساییەکانی بەشداریکردنی هەڵبژاردنەکانی تێدابێتو ناوی لەتۆمارگەی دەنگدەراندا نەنوسرابوو دەتوانێت لەسەنتەری تۆمارکردنی دەنگدەران داوای تۆمارکردنی ناوی خۆی بکاتو بۆئەوەی داواکاریەکەی بەهەند وەربگیرێت، پێویستە ئەو بەڵگانەی هەبێت کە لێهاتووییەکەی دەسەلمێنن و ئەو بەڵگانە بەلای کۆمسیۆنیشەوە بۆ ئەو مەبەستە دەبێت بەهەند وەربگیرێن.

٦- ئەو داواکاریانەی تایبەتن بەگۆڕانکاری و زیادکردن لەپێشو لەدوای ئەو ماوەیەی کۆمسیۆن دیاریکردووە پەسەندناکرێن.

٧- هەر زانیاریەک لەناو تۆمارگەی دەنگدەراندا بێتو هەموارنەکرابێتەوە بەڕاست دادەنرێت.

ئەنجومەنی کۆمیساران

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە عێراق

# پاشکۆ: ( ٤ )

پەیڕەوی نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران و خستنەڕووی تانەکان
بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان–عێراق
ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٩)

(دەسپێک)

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بە پێی یاسای ژمارە (١١)ی ساڵی (٢٠٠٧) دامەزرا، کە ببێتە تاقە دەسەڵاتی هەڵبژاردن لە عێراقدا، کۆمسیۆنیش دەستەیەکی سەربەخۆ و بێلایەنە و خاوەنی کەسایەتی واتاییە و سەر بە دەوڵەتە و لە ژێر چاودێری ئەنجومەنی نوێنەراندایە.

بەشی یەکەم
(زاراوەکان)

مەبەست لەم زاراوانەی لای خوارەوە ئەو واتایانەی بەرامبەریانن:

١. کۆمسیۆن: کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان.

٢. ئەنجومەن: ئەنجومەنی کۆمیسیار

٣. تۆماری دەنگدەران: تۆمارنامەیەکە ناوی دەنگدەرانی شیاو بۆ دەنگدان و ڕاپرسین و هەڵبژاردنەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراقی تیایە.

٤. دەستەی هەرێم: نوسینگەی کۆمیسیۆن بۆ کارگێڕی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان

٥. ناوەندی تۆماری دەنگدەران: جێگایەکە کۆمسیۆن دەستنیشانیدەکات و بەرێوەی دەبا، دەنگدەر لە ڕێگەیەوە دەتوانێت دڵنیابێت لە راستی زانیاری کەسایەتی خۆی کە لە تۆمارنامەی دەنگدەراندا هەیە و گۆڕانکاری تیادا بکا (زیادکردن، لابردن، راستکردنەوە، گواستنەوە)

٦. تۆمارنامەی دەنگدەرانی سەرەتایی: بریتییە لە لیستی ناوەکانی دەنگدەرانی شیاو بۆ دەنگدان پێش پرۆسەی (زیادکردن، لابردن، راستکردنەوە، گواستنەوە)

٧. تۆمارنامەی دەنگدەرانی کۆتایی: بریتییە لە لیستی ناوەکانی دەنگدەرانی شیاو بۆ دەنگدان پاش پرۆسەی (زیادکردن، لابردن، راستکردنەوە، گواستنەوە) دوای کۆتاییهاتنی ماوەی خستنەڕوو و تانەکان.

٨. خستنەڕووی تۆمارنامەی دەنگدەران: توانینی هاوڵاتیان بۆ پشکنینی تۆمارنامەی دەنگدەرانی سەرەتایی لەو ماوەیەی کۆمسیۆن دەستنیشانیدەکات.

٩. تانەکانی تۆمارنامە دەنگدەران: تانەدان لە وردی داتاکان کە لە تۆمارنامەی سەرەتاییدا هاتووە لە لایەن ئەو کەسانەی مافی تانەدانیان هەیە بە پێی ئەم سیستەمە.

بەشی دووەم
(شیاوی هەڵبژێر)

هەڵبژێر دەبێت ئەم مەرجانەی خوارەوەی هەبێت تا بتوانێ بەشداری ڕاپرسین و هەڵبژاردن بکات:

١. دەبێت بە ڕەگەز عێراقی بێت.

٢. شیاوی تەواوی هەبێت.

٣. تەمەنی هەژدە ساڵی تەواوبێ لە کاتی هەڵبژاردندا.

٤. ناوی هەبێت لە تۆماری دەنگدەرانی یەکێك لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان –عێراق بەپێی سیستەم و کارڕاییەکانی کۆمسیۆن.

## بەشی سێیەم
## (تۆمارکردنی هەڵبژێران)

١. تۆماری دەنگدەران دانراو لە لایەن کۆمسیۆن پشتدەبەستێت بە بناغەی داتاکانی سیستەمی دابەشکردنی گشتی فۆرمی خۆراك، سەبارەت بە کارڕاییەکانی کۆمسیۆن (زیادکردن، لابردن، ڕاستکردنەوە، گواستنەوە).

٢. هەرکەسێك مەرجی یاسایی تێدابێ بۆ بەشداربوونی لە هەڵبژاردن و ڕاپرسین (ڕیفراندۆم) ناوی نەخرابێتە تۆماری دەنگدەرانی سەرەتایی دەتوانێت داوابکات لە ناوەندی تۆماری دەنگدەران کە ناوی بخاتە تۆماری دەنگدەرانەوە پاش دەرخستنی بەڵگەنامەکانی کە شیاوە و کۆمسیۆن بە پێویستی دەزانێت.

٣. دەنگدەرە شیاوەکان مافیان هەیە دڵنیابن لە بوونی ناوەکانیان لە تۆماری دەنگدەرانی سەرەتایی و داوای ڕاستکردنەوەی زانیاریەکانیان بکەن (لابردن، ڕاستکردنەوە، گواستنەوە، زیادکردن).

٤. کۆمسیۆن هەڵدەستێت بە کردنەوەی ناوەندی تۆمارکردنی دەنگدەران لە هەموو پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، دەستبەکاردەکات لە شوێنەکان و ڕۆژی دیاریکراو لە لایەن کۆمسیۆنەوە.

٥. دەنگدەر دەبێت ئاگاداری ناوەندەکانی تۆمارکردن بکات لە هەر گۆڕانکارییەك کە بەسەر داتاکانیاندابێت لەو ماوەیەدا کە تۆمارنامە نوێدەکرێتەوە.

٦. داواکاری نوێکردنەوەی داتاکان (زیادکردن، لابردن، ڕاستکردنەوە، گواستنەوە) وەرناگرێت بەر لە یان لە دوای ئەو ماوەیەی کۆمسیۆن دەستنیشانیدەکات.

٧. هەر دەنگدەرێك ناوی نەبێ لە تۆماری دەنگدەران کۆتایی مافی دەنگدانی نییە لە هەڵبژاردن و ڕاپرسین (ڕیفراندۆم).

٨. هەموو زانیارییەکان لە تۆماری دەنگدەران ڕاستن ئەگەر ڕاست نەکرابێتەوە.

٩. تۆمارکردن لە لایەن کەسەکەوە دەبێ، یاخود کەسێ نوێنەری بێ بە پێی کارنامەی دەرچوو لە کۆمسیۆن.

١٠. کۆمسیۆن ناوەندەکانی تۆمارکردنی دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان لە دەرەوەی هەرێم دەکاتەوە بە پێی کارنامەی دەرچوو لە کۆمسیۆن.

## بەشی چوارەم
## (خستنەڕووی تۆماری دەنگدەران)

١. تۆماری دەنگدەران و کۆپییەك لە لیستی زانیارییە نوێکراوەکان لە ناوەندەکانی تۆمارکردنی هەڵبژاردن دەخرێتەروو لەو ماوەیەی کۆمسیۆن دیاریدەکات و رایدەگەیێنێت.

٢. هەڵبژێرەر لەو ماوەیەی کە کۆمسیۆن دیاریدەکات مافی هەیە ڕوویکاتە ناوەندەکانی تۆمارکردنی دەنگدەران بۆ دڵنیابوون لە بوونی زانیارییەکانیان و بریکاری قەوارە سیاسییەکان چاودێری پرۆسەی نوێکردنەوە و خستنەڕووی تۆماری دەنگدەران دەکەن.

٣–چاودێرانی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی و ڕاگەیاندنەکان و بریکاری قەوارە سیاسییەکان. چاودێری پرۆسەی نوێکردنەوەو خستنەڕووی تۆماری دەنگدەران دەکەن.

٣. تەمەنی هەژدە ساڵی تەواوبێ لە کاتی هەڵبژاردندا.

٤. ناوی هەبێت لە تۆماری دەنگدەرانی یەکێک لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان –عێراق بەپێی سیستەم و کارڕاییەکانی کۆمسیۆن.

## بەشی سێیەم
## (تۆمارکردنی هەڵبژێران)

١. تۆماری دەنگدەران داندراو لە لایەن کۆمسیۆن پشتدەبەستێت بە بناغەی داتاکانی سیستەمی دابەشکردنی گشتی فۆرمی خۆراک، سەبارەت بە کارڕاییەکانی کۆمسیۆن (زیادکردن، لابردن، ڕاستکردنەوە، گواستنەوە).

٢. هەرکەسێک مەرجی یاسایی تێدابێ بۆ بەشداربوونی لە هەڵبژاردن و ڕاپرسین (ریفراندۆم) ناوی نەخرابێتە تۆماری دەنگدەرانی سەرەتایی دەتوانێت داوایکات لە ناوەندی تۆماری دەنگدەران کە ناوی بخاتە تۆماری دەنگدەرانەوە پاش دەرخستنی بەڵگەنامەکانی کە شیاوە و کۆمسیۆن بە پێویستی دەزانێت.

٣. دەنگدەرە شیاوەکان مافیان هەیە دڵنیابن لە بوونی ناوەکانیان لە تۆماری دەنگدەرانی سەرەتایی و داوای ڕاستکردنەوەی زانیاریەکانیان بکەن (لابردن، ڕاستکردنەوە، گواستنەوە، زیادکردن).

٤. کۆمسیۆن هەڵدەستێت بە کردنەوەی ناوەندی تۆمارکردنی دەنگدەران لە هەموو پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، دەستبەکاردەکات لە شوێنەکان و ڕۆژی دیاریکراو لە لایەن کۆمسیۆنەوە.

٥. دەنگدەر دەبێت ئاگاداری ناوەندەکانی تۆمارکردن بکات لە هەر گۆڕانکارییەک کە بەسەر داتاکانیاندابێت لەو ماوەیەدا کە تۆمارنامە نوێدەکرێتەوە.

٦. داواکاری نوێکردنەوەی داتاکان (زیادکردن، لابردن، ڕاستکردنەوە، گواستنەوە) وەرناگیرێت بەر لە یان لە دوای ئەو ماوەیەی کۆمسیۆن دەستنیشانیدەکات.

٧. هەر دەنگدەرێک ناوی نەبێ لە تۆماری دەنگدەران کۆتایی مافی دەنگدانی نییە لە هەڵبژاردن و ڕاپرسین (ریفراندۆم).

٨. هەموو زانیارییەکان لە تۆماری دەنگدەران ڕاستن ئەگەر ڕاست نەکرابێتەوە.

٩. تۆمارکردن لە لایەن کەسەکەوە دەبێ، یاخود کەسێ نوێنەری بێ بە پێی کارنامەی دەرچوو لە کۆمسیۆن.

١٠. کۆمسیۆن ناوەندەکانی تۆمارکردنی دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان لە دەرەوەی هەرێم دەکاتەوە بە پێی کارنامەی دەرچوو لە کۆمسیۆن.

## بەشی چوارەم
## (خستنەڕووی تۆماری دەنگدەران)

١. تۆماری دەنگدەران و کۆپییەک لە لیستی زانیارییە نوێکراوەکان لە ناوەندەکانی تۆمارکردنی هەڵبژاردن دەخرێتەروو لەو ماوەیەی کۆمسیۆن دیاریدەکات و ڕایدەگەیێنێت.

٢. هەڵبژێرەر لەو ماوەیەی کە کۆمسیۆن دیاریدەکات مافی هەیە ڕوویکاتە ناوەندەکانی تۆمارکردنی دەنگدەران بۆ دڵنیابوون لە بوونی زانیارییەکانیان و بریکاری قەوارە سیاسییەکان چاودێری پرۆسەی نوێکردنەوە و خستنەڕووی تۆماری دەنگدەران دەکەن.

٣–چاودێرانی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی و ڕاگەیاندنەکان و بریکاری قەوارە سیاسییەکان. چاودێری پرۆسەی نوێکردنەوەو خستنەڕووی تۆماری دەنگدەران دەکەن.

## بەشی پێنجەم

(تانەدان لە تۆماری دەنگدەران)

١. هەر کەسێك لە ماوەی خستنە ڕووی تۆماردا بۆی هەیە بە نوسراو تانە لە دروستی تۆمارنامە کە یاخود لە هەر گۆڕانکارییەك تیایدا کرا بێت بە پاڵپشـــتی بەڵگەنامەی باوەڕپێکراو بەرزکاتەوە بۆ بەڕێوەبەری ناوەندی تۆمارکردن. بەڕێوەبەری نوسینگەی پارێزگاش دەبێت هەموو تانەکان یەکلابکاتەوە تەنها ئەوانە نەبێت کە پەیوەندیان بە زانیاریەکانی کەسانی تر هەیە لە ماوەیەکدا کە لە سێ ڕۆژ تێپەڕنەکات لە دوای ماوەی خستنەڕووی تۆمارنامەکە و پێشکەشکردنی تانەکان.

٢. دەنگدەر بۆی هەیە بە نوسـراو تانە بدات ئەگەر ناوی کەسـێکی تر خرابێتە تۆمارنامەی دەنگدەرانەوە وە لەسـەر ئەو بنچینەیە ئەو کەسە تانەلێدراوە کە ناوی خراوەتە تۆمارەوە.

ا. هاوڵاتییەکی عێراقی نەبێت.

ب. مێژووی لە دایکبوونی دوای (٣١ کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٩١) بێ.

ج. کەسێك وەفاتی کردبێت.

٣. تانە وەرناگیرێت بەبێ بەڵگەی سەلمێنەر، ئەرکی سەلماندنی تانە پێشکەشکراوەکانیش دەکەوێتە ئەستۆی لایەنی تانەدەر.

٤. دەنگدەر بۆی هەیە تانە بدات لە نەبوونی ناوەکەی لە تۆماری دەنگدەران یاخود لە زانیاریەکانی تۆمارکراوان لەسەر بنچینەی:

ا. ناوی لە فۆرمی زانیاری تۆمارکردنی تایبەت بە خێزان تۆمارکراوە و زانیاریەکانی لە لایەن خێزانەوە نەگۆڕاوە.

ب. ناوی خراوەتە سەر تۆماری دەنگدەران لە ماوەی تۆمارکردنی دەنگدەران لەم بارەشدا دەبێت خاوەن تانەلێدانەکە بتوانێت پسولەی وەرگرتنی تایبەت بە تۆمارکردن نیشانبدات.

ج. داتاکانی تایبەت بە (گواستنەوە، گۆڕان، ڕاستکردنەوە) نوێ نەکرابنەوە.

٥. تانەکان پێشکەشدەکرێت لەو ماوەییەی تۆماری دەنگدەرانی سەرەتایی دەخرێتە ڕوو.

٦. دوای یەکلایکردنەوەی لە هەموو بڕیارو تانەکان لە تۆماری دەنگدەران تایبەتییەوە تۆمارنامەکە بە کۆتایی دادەنرێ دەنگدان بە پێی ئەو دەدرێت.

## پاشکۆ: (٥)

هەرێمی کوردستانی عێراق

**کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی**

**المفوضية العليا المستقلة للانتخابات والاستفتاء**

**The Independent High Elections and Referendum Commission**

**بە پێی ئەودەسەڵاتەی بە ئەنجومەنی کۆمسیاران دراوە لە بڕگەی (چوارەم) ی ماددەی (١٦) لە یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٤ بڕیارماندا بەدەرکردنی ئەم پەیڕەوەی خوارەوە؛**

**پەیڕەوی ئامادەکردن ونوێ کردنەوەی تۆماری دەنگدەران وخستنەڕوو و تانەکان**
**بۆ پرۆسەی ڕاپرسی سەربەخۆیی کوردستان**

**ژمارە (١) ی ساڵی (٢٠١٧)**

**دەستپێک**

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆیی هەڵبژاردن وراپرسی بە پێی یاسای ژمارە(٤) ی ساڵی (٢٠١٤) دامەزرا ،کە بیتە تاقە دەسەڵاتی هەڵبژاردن وڕاپرسی لەهەرێمی کوردستانی عێراقدا ،کۆمسیۆنیش دەستەیەکی پیشەیی سەربەخۆ وبێلایەنە و خاوەن کەسایەتی مەعنەوی خۆیەتی و ملکەچە بۆ چاودێریی پەرلەمان بەرپرسیاریشە لە بەرامبەریدا.

**بەشی یەکەم**

**زاراوەکان**

مەبەست لەم زاراوانەی لای خوارەوە ئەو واتایانەدەگەیەنێت کە لەبەرامبەریاندا هاتوون:

١. **کۆمسیۆن:** کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی.
٢. **ئەنجوومەن:** ئەنجومەنی کۆمسیاران.
٣. **کارگێری هەڵبژاردن:** کارگێری هەڵبژاردن پێکدێ لە نوسینگەی گشتی و نوسینگەی هەڵبژاردنەکان لە پارێزگاکان و یەکە کارگێرییەکان. بەرپرسیاریەتی جێبەجێکردنی ئەو پەیڕەو ڕێنماییانە دەگرێتە ئەستۆ کە لە لایەن ئەنجوومەنەوە دەرچوون؛ هەروەها بەڕێوەبردنی گشت ئەو چالاکیانەی کە مۆرکی پرۆسەگیری و جێبەجێکارییان هەیە.
٤. **فەرمانگەی پارێزگا:** فەرمانگەی کۆمسیۆن لە پارێزگاکانی هەرێم و ناوچەکوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان و سەربە کارگێری هەڵبژاردن.
٥. **تۆماری دەنگدەران:** تۆمارێکە زانیاریەکانی ئەو دەنگدەرانە لەخۆدەگرێت کە شایستەیی دەنگدانیان هەیە بۆ پرۆسەی ڕاپرسی.
٦. **ناوەندی تۆماری دەنگدەران:** ئەو شوێنەیە کە کۆمسیۆن دەستنیشانی دەکات و بەڕێوەی دەبات تا دەنگدەر لە ڕێگەیەی سەردانکردنی ئەو شوێنەوە بتوانێت دڵنیا بێت لە ڕاستی و دروستی زانیاریە

**هەرێمی کوردستانی عێراق**

**کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی**

**المفوضية العليا المستقلة للانتخابات والاستفتاء**

**The Independent High Elections and Referendum Commission**

کەسیەکانی خۆی لە تۆماری بەرایی دەنگدەران و ئەنجامدانی گۆرانکاریەکانی ( زیادکردن، گۆڕین، ڕاستکردنەوە، لابردن )لە تۆمارەکەدا.

٧. **تۆمارنامەی دەنگدەرانی سەرەتایی:** تۆمارێکە ناو و زانیاری ئەو دەنگدەرانە لەخۆدەگرێت کە شایستەیی دەنگدانیان هەیە بۆ دەنگدان لە پرۆسەی ڕاپرسی پێش ئەنجامدانی کردارەکانی ( زیادکردن، گۆڕین، ڕاستکردنەوە، لابردن ).

٨. **تۆماری کۆتایی دەنگدەران:** تۆمارێکە ناو و زانیاری ئەو دەنگدەرانە لە خۆدەگرێت کە شایستەیی دەنگدانیان هەیە لە پرۆسەی ڕاپرسی دوای ئەنجامدانی کردارەکانی (زیادکردن، گۆڕین، ڕاستکردنەوە، لابردن ) دوای کۆتایی هاتنی ماوەی خستنەڕوو و تانەکان.

٩. **خستنەڕووی تۆماری دەنگدەران:** بریتیە لە تواناداركردنی دەنگدەران و بریکارانی قەوارە سیاسیەکان و چاودێران کە هەڵسن بە پشکنینی تۆماری بەرایی بۆ دڵنیابوون لە وردی زانیاریەکان ئەمەش لەو ماوەیەی کۆمسیۆن دیاری دەکات.

١٠. **تانەدان لە تۆماری دەنگدەران:** بریتیە لە پرۆسەی تانەگرتن لە وردی ئەو زانیاریانەی لە تۆماری دەنگدەراندا هاتووە، ئەو تانانەش پێشکەش دەکرێن لە لایەن دەنگدەران یان بریکاری قەوارە سیاسیەکان یان ئەوانەی بە پێی ئەو پەیڕەوە مافی تانەگرتنیان هەیە.

**بەشی دووەم**

**ئیهاتووی دەنگدەران**

پێویستە دەنگدەر ئەم مەرجە یاساییانەی خوارەوەی تێدابێت بۆ ئەوەی بتوانێت بەشداری دەنگدان لە پرۆسەی ڕاپرسی:

١. دەبێت لەهاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان و ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بێت.

٢. شایستەیی تەواوی هەبێت.

٣. تەمەنی هەژدە ساڵی تەواو کرد بێت.

٤. تۆمار کرابێت لەو تۆماری دەنگدەرانەی کە کۆمسیۆن بۆ پرۆسەی ڕاپرسی ئامادەی کردوە بەپێی پەیڕەو و کاڕاییەکانی.

**بەشی سێیەم**

**ئامادەکردن و نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران**

١. تۆماری دەنگدەرانی دانراو لەلایەن کۆمسیۆن پشت دەبەستێت بە بناغەی داتاکانی پەیڕەوی دابەشکردنی گشتی فۆرمی خۆراك، سەبارەت بە کاڕاییەکانی کۆمسیۆن (زیادکردن، لابردن، ڕاستکردنەوە، گواستنەوە).

هەرێمی کوردستانی عێراق

**کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی**

**المفوضية العليا المستقلة للانتخابات والاستفتاء**

**The Independent High Elections and Referendum Commission**

٢. هەرکەسێك مەرجە یاساییەکانی تێدا بێت بۆ بەشداریکردن لە پرۆسەی دەنگدان بۆ راپرسی و ناوی نەخرابێتە تۆماری دەنگدەرانی سەرەتایی، ئەوا بۆی هەیە داوا بکات لە ناوەندی تۆمارکردن، کە ناوی لە تۆماری دەنگدەراندا زیاد بکرێت، ئەمەش پاش خستنە رووی ئەو بەڵگەنامانەی کۆمسیۆن دانی پێداناون بۆ سەلماندنی شایستەیی کەسەکە.

٣. ئەودەنگدەرانەی شایستەییان هەیە و ناویان لە تۆماری بەرایی دەنگدەراندا هەیە دەتوانن زانیاریەکانیان نوێ بکەنەوە بەگوێرەی فۆرمی نوێکردنەوەی تۆمار، کە بۆ ئەم مەبەستە ئامادە کراوە، ئەمەش لە رێگای بەکارهێنانی خانەکانی ( زیادکردن، گۆڕین، راستکردنەوە، لابردن ).

٤. کۆمسیۆن هەڵدەستێت بە کردنەوەی ناوەندی تۆمارکردن بەمەبەستی نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران، ئەم ناوەندانەش دەست دەکەن بە کارەکانیان لەو شوێن و کاتانەی کۆمسیۆن دیاریان دەکات.

٥. پرۆسەی دەنگدان بۆراپرسی بەپێی تۆماری کۆتایی دەنگدەران بەرێوە دەچێت و هەر کەسێکیش ناوی لە تۆمارەکەدا نەبێت مافی دەنگدانی نیە لە پرۆسەی راپرسی دا.

٦. هیچ داواکاریەکی نوێکردنەوەی زانیاریەکانی (زیادکردن، گۆڕین، راستکردنەوە، لابردن) لەپێش یا لە پاش ئەو ماوەیە وەرناگیرێت کە کۆمسیۆن بۆ پرۆسەی نوێکردنەوەی تۆمارەکە دیاری دەکات.

٧. ئەو زانیاریانەی دوای تەواو بوونی ماوەی نوێکردنەوە و خستنەروو و تانەلێدان لە تۆمارەکەدا تۆمار دەکرێن، بە کۆتایی هەژمار دەکرێن.

**بەشی چوارەم**

**خستنە رووی تۆماری دەنگدەران**

١. تۆماری دەنگدەران وێنەیەکی ئەو فۆرمانەیە کە زانیاریە نوێکراوەکان لە خۆ دەگرێت لە ناوەندەکانی تۆمارکردندا لە ماوەیەك دەخرێتە روو کە کۆمسیۆن دیاری دەکات بە مەرجێك ئەو ماوەیە بە لایەنی کەمەوە (١٠) رۆژ بەر لەپرۆسەی دەنگدان بۆراپرسی بێت.

٢. دەنگدەران و بریکارانی قەوارە سیاسیەکان مافیان هەیە سەردانی ناوەندەکانی تۆمارکردنی دەنگدەران بکەن لەو ماوەیەی دیاریکراوە بۆ پرۆسەی نوێکردنەوە، لە پێناو دڵنیابوون لە راستی و دروستی ئەو زانیاریانەی خراونەتەروو هەروەها پێشکەشکردنی تانە بە گوێرەی ئەو رێکارانەی کۆمسیۆن دایان دەنێت، لەو ماوەیەی بۆ ئەو مەبەستە دیاریکراوە.

٣. چاودێرانی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی و راگەیاندنکاران و بریکاری قەوارە سیاسییەکان مافی ئەویان هەیە چاودێری پرۆسەی نوێکردنەوەو خستنەرووی تۆماری دەنگدەران بکەن.

هەرێمی کوردستانی عێراق

**کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی**

**المفوضية العليا المستقلة للانتخابات والاستفتاء**

**The Independent High Elections and Referendum Commission**

### بەشی پێنجەم

### تانەدان لە تۆماری دەنگدەران

١. دەنگدەران مافیان هەیە تانەی تایبەت بە زانیاریەکانیان پێشکەش بکەن، هەروەها دەنگدەران و قەوارە سیاسیەکان مافیان هەیە تانەبگرن لە تۆماری دەنگدەران لەوەی پەیوەندی هەبێت بە زانیاری کەسانی ترەوە.

٢. لەوماوەیەی بۆ خستنەرووی تۆماری دەنگدەران دانراوە، هەموو دەنگدەرێك مافی هەیە تانەی نوسراو پێشکەش بکات لەبارەی وردی تۆمارەکە یان هەر گۆرانکاریەکی تر کە بەسەر تۆمارەکەدا هاتووە ئەمەش لە رێگەی ئەو فۆرمەی بۆ ئەم مەبەستە ئامادەکراوە بەو مەرجەی تانەکە پاڵپشتی کرابێت بە بەڵگەی سەلمێنەر و تانەکەشی پێشکەشی بەرێوەبەری ناوەندی تۆمارکردن دەکرێت، ئەویش رەوانەی دەکات بۆ بەرێوەبەری فەرمانگەی پارێزگا یان راستەوخۆ دەیداتە بەرێوەبەری فەرمانگەی پارێزگا، بۆ ئەوەی رای خۆی بخاتە سەری و بینێرێت بۆ ئەنجومەنی کۆمسیاران بۆ وەرگرتنی بریار.

٣- دەنگدەران و بریکارانی قەوارە سیاسیەکان بۆیان هەیە تانەی نوسراو پێشکەش بکەن بەگوێرەی ئەو فۆرمەی بۆ ئەم مەبەستە دیاریکراوە سەبارەت بە تۆمارکردنی ناوی کەسێك لە تۆماری دەنگدەران لەسەر ئەو بنەمایەی کە:

١- عێراقی وهاولاتی هەرێمی کوردستان و ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان نەبێت.

ب -تەمەنی ١٨ ساڵی تەواو نەکردبێت.

ج -کۆچی دوایی کردبێت.

٤- تانە بێ بوونی بەڵگەی سەلمێنەر وەرناگیرێت و قورسایی سەلماندنیش دەکەوێتە ئەستۆی تانەگر.

٥- تانە لەو ماوەیە پێشکەش دەکرێت کە بۆ ئەم پرۆسەیە دیاریکراوە ئەمەش بە گوێرەی ئەو رێکارانەی کۆمسیۆن دیاریان دەکات.

٦-دوای یەکلایکردنەوەی هەموو بریارو و تانەکان لەسەر تۆماری دەنگدەران، ئەوە تۆمارەی دەنگدەران بە تۆماری کۆتایی دادەنرێت.

٧-بریارەکانی ئەنجومەنی کۆمسیاران شیاوی تانە لێگرتنن لە بەردەم دەستەی دادوەری کە لەسێ دادوەری تەرخان نەکراو پێکهاتووە لە دادگای تەمیزی هەرێمی کوردستان، ماوەی تانەگرتنەکەش سێ رۆژە کە لە رۆژی دوای بلاوکردنەوەی دەست پێ دەکات.

هەرێمی کوردستانی عێراق

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی

المفوضية العليا المستقلة للانتخابات والاستفتاء

The Independent High Elections and Referendum Commission

**بەشی شەشەم**

**تۆماری دەنگدەرانی هاوڵاتیانی کوردستانی لەدەرەوەی عێراق**

تۆماری دەنگدەرانی هاوڵاتیانی کوردستانی لەدەرەوەی عێراق بە پەیڕەوێکی تایبەت ڕێکدەخرێن.

**بەشی حەوتەم**

لیستی تۆماری تایبەت جیا دەبێت لە لیستی تۆماری گشتی، بە پێی ئەو ڕێکارانەی کە کۆمسیۆن دایان دەنێت.

**بەشی هەشتەم**

**کارکردن بە پەیڕەوەکە**

کار بەهیچ دەقێ ناکرێ پێچەوانەی ئەم پەیڕەوە بێت.

**بەشی نۆیەم**

**ڕۆژی کارپێکردن**

ئەم پەیڕەوە لەڕۆژی پەسەندکردنی لەلایەن ئەنجومەنی کۆمسیارانەوە لە ٢٠١٧/٨/١٥ کاری پێ دەکرێت.

**ئەنجوومەنی کۆمسیاران**

٢٠١٧/٨/١٥

## پاشكۆ: ( ٦ )

هەرێمی کوردستانی عێراق

**کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی**

المفوضية العليا المستقلة للانتخابات والاستفتاء

The Independent High Elections and Referendum Commission

بەپێی ئەودەسەڵاتەی بە ئەنجومەنی کۆمسیاران دراوە لە بڕگەی (چوارەم) ی ماددەی (١٦) لە یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی ژمارە (٤) ی ساڵی ٢٠١٤ و یاسای ژمارە (١) ی ساڵی ١٩٩٢ ی هەموارکراوی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان – عێراق و یاسای ژمارە (١) ی ساڵی (٢٠٠٥) هەموارکراو ی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بڕیارماندا بەدەرکردنی ئەم پەیڕەوەی خوارەوە:

**پەیڕەوی ژمارە (١) ی ساڵی (٢٠١٧)**

**پەیڕەوی ئامادەکردن ونوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران و خستنەڕووی ئانەکان**

**بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمانی کوردستان-عێراق**

**دەستپێک**

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆیی هەڵبژاردن وڕاپرسی بە پێی یاسای ژمارە(٤) ی ساڵی (٢٠١٤) دامەزرا ،کە ببێتە تاقە دەسەڵاتی هەڵبژاردن وڕاپرسی لەهەرێمی کوردستانی عێراقدا ،کۆمسیۆنیش دەستەیەکی پیشەیی سەربەخۆ وبێلایەنە و خاوەن کەسایەتی مەعنەوی خۆیەتی و ملکەچە بۆ چاودێریی پەرلەمان بەرپرسیاریشە لە بەرامبەریدا.

**بەشی یەکەم**

**زاراوەکان**

مەبەست لەم زاراوانەی لای خوارەوە ئەو واتایانەدەگەیەنێت کە لەبەرامبەریاندا هاتوون:

١. **کۆمسیۆن:** کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی.
٢. **ئەنجوومەن:** ئەنجومەنی کۆمسیاران.
٣. **کارگێری هەڵبژاردن:** کارگێری هەڵبژاردن پێکدێ لە نوسینگەی گشتی و نوسینگەی هەڵبژاردنەکان لە پارێزگاکان و یەکە کارگێرییەکان. بەرپرسیاریەتی جێبەجێکردنی ئەو پەیڕەو ڕێنمایانە دەگرێتە ئەستۆ کە لە لایەن ئەنجوومەنەوە دەرچوون؛ هەروەها بەڕێوەبردنی گشت ئەو چالاکیانەی کە مۆرکی پرۆسەگێری و جێبەجێکارییان هەیە.
٤. **فەرمانگەی پارێزگا:** فەرمانگەی کۆمسیۆن لە پارێزگاکانی هەرێم و سەربە کارگێری هەڵبژاردن.
٥. **تۆماری دەنگدەران:** تۆمارێکە زانیاریەکانی ئەو دەنگدەرانە لەخۆ دەگرێت کە شایستەیی دەنگدانیان هەیە بۆ دەنگدان لەهەڵبژاردنەکان.
٦. **ئاوەڵدی تۆماری دەنگدەران:** ئەو شوێنەیە کە کۆمسیۆن دەستنیشانی دەکات و بەرێوەی دەبات تا دەنگدەر لە ڕێگەیەی سەردانکردنی ئەو شوێنەوە بتوانێت دڵنیا بێت لە ڕاستی و دروستی زانیاریە

کەسیەکانی خۆی لە تۆماری دەنگدەرانی بەرایی و ئەنجامدانی گۆڕانکاریەکانی ( زیادکردن، گۆڕین، راستکردنەوە، لابردن )لە تۆمارەکەدا.

٧. **تۆمارنامەی دەنگدەرانی بەرایی:** تۆمارێکە ناو و زانیاری ئەو دەنگدەرانە لەخۆ دەگرێت کە شایستەیی دەنگدانیان هەیە، پێش ئەنجامدانی کردارەکانی ( زیادکردن، گۆڕین، راستکردنەوە، لابردن ).

٨. **تۆماری دەنگدەرانی کۆتایی:** تۆمارێکە ناو و زانیاری ئەو دەنگدەرانە لە خۆدەگرێت کە شایستەیی دەنگدانیان هەیە، دوای ئەنجامدانی کردارەکانی (زیادکردن، گۆڕین، راستکردنەوە، لابردن ) ئەو تۆمارەش لەڕۆژی دەنگداندا بەکار دێت.

٩. **خستنەڕووی تۆماری دەنگدەران:** بریتیە لە توانادارکردنی دەنگدەران و بریکارانی قەوارە سیاسیەکان و چاودێران دوای نوێکردنەوە، کە هەستن بە پشکنینی تۆماری بەرایی بۆ دڵنیابوون لە وردی زانیاریەکانی ئەمەش لەو ماوەیەی کۆمسیۆن دیاری دەکات.

١٠. **تانەدان لە تۆماری دەنگدەران:** بریتیە لە پرۆسەی تانەگرتن لە وردی ئەو زانیاریانەی لە تۆماری دەنگدەراندا هاتووە، ئەو تانانەش پێشکەش دەکرێن لە لایەن دەنگدەران یان بریکاری قەوارە سیاسیەکان یان ئەوانەی بە پێی ئەو پەیڕەوە مافی تانەگرتنیان هەیە.

**بەشی دووەم**

**لێهاتووی دەنگدەران**

پێویستە دەنگدەر ئەم مەرجە یاساییانەی خوارەوەی تێدابێت بۆ ئەوەی بتوانێت بەشداری بێت لە پرۆسەی دەنگدان:

١. خاوەنی رەگەزنامەی عێراقی بێت و هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان بێت.
٢. شایستەیی تەواوی هەبێت.
٣. تەمەنی هەژدە ساڵی تەواو کرد بێت لەڕۆژی دەنگداندا.
٤. تۆمار کرابێت لەو تۆماری دەنگدەرانەی کە کۆمسیۆن بۆ پرۆسەی هەڵبژاردن ئامادەی کردوە بەپێی پەیڕەو و کارڕاییەکانی.

**بەشی سێیەم**

**ئامادەکردن و نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران**

١. کۆمسیۆن تۆماری دەنگدەران ئامادە دەکات بە پشت بەستن بە نوێترین داتاکانی کۆمپانیای خۆراک.
٢. هەرکەسێك مەرجە یاساییەکانی تێدا بێت بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکاندا، ناوی نەخرابێتە تۆماری دەنگدەرانی بەرایی، ئەوا بۆی هەیە داوا بکات لە ناوەندی تۆمارکردن، کە ناوی لە تۆماری دەنگدەراندا زیاد بکرێت، ئەمەش پاش خستنە رووی ئەو بەڵگەنامانەی کۆمسیۆن دانی پێداناون بۆ سەلماندنی شایستەیی کەسەکە کە بریتین لە (فۆرمی خۆراك، رەگەزنامەی عێراقی، پێناسی باری شارستانی، کارتی نیشتمانی).

(٢ لە ٥)

هەرێمی کوردستانی عێراق

**کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی**

**المفوضية العليا المستقلة للانتخابات والاستفتاء**

**The Independent High Elections and Referendum Commission**

٣. ئەودەنگدەرانەی شایستەییان هەیە و ناویان لە تۆماری بەرایی دەنگدەراندا هەیە، دەتوانن زانیاریەکانیان نوێ بکەنەوە بەگوێرەی فۆرمی نوێکردنەوەی تۆمار، کە بۆ ئەم مەبەستە ئامادە کراوە، ئەمەش لە ڕێگای بەکارهێنانی خانەکانی ( زیادکردن، گۆڕین، ڕاستکردنەوە، لابردن ).

٤. کۆمسیۆن هەڵدەستێت بە کردنەوەی ناوەندی تۆمارکردن بەمەبەستی نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران، ئەم ناوەندانەش دەست دەکەن بە کارەکانیان لەو شوێن و کاتانەی کۆمسیۆن دیاریان دەکات.

٥. هەڵبژاردنەکان بەپێی تۆماری دەنگدەرانی کۆتایی بەڕێوە دەچێت و هەر کەسێکیش ناوی لە تۆمارەکەدا نەبێت مافی دەنگدانی نیە لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی و پەرلەمانی کوردستان-عیراق.

٦. هیچ داواکاریەکی نوێکردنەوەی زانیاریەکانی (زیادکردن، گۆڕین، ڕاستکردنەوە، لابردن) لەپێش یا لە پاش ئەو ماوەیە وەرناگیرێت کە کۆمسیۆن بۆ پرۆسەی نوێکردنەوەی تۆمارەکە دیاری دەکات.

٧. ئەو زانیاریانەی دوای تەواو بوونی ماوەی نوێکردنەوە و خستنەڕوو و تانەلێدان لە تۆمارەکەدا تۆمار دەکرێن، بە کۆتایی هەژمار دەکرێن.

٨. پرۆسەی نوێکردنەوەی زانیارییەکانی تۆماری دەنگدەران لەلایەن کەسەکە خۆی یان لەڕێگای نوێنەرایەتی بەگوێرەی ئەو ڕێکاریانە ئەنجام دەدرێت کە لە لایەن کۆمسیۆنەوە دەردەچێت.

**بەشی چوارەم**

**خستنە ڕووی تۆماری دەنگدەران**

١. تۆماری دەنگدەران وێنەیەکی ئەو فۆرمانەیە کە زانیاریە نوێکراوەکان لە خۆ دەگرێت لە ناوەندەکانی تۆمارکردندا، لە ماوەیەك دەخرێتە ڕوو کە کۆمسیۆن دیاری دەکات بە مەرجێك ئەو ماوەیە بە لایەنی کەمەوە (١٥) ڕۆژ بەر لەپرۆسەی هەڵبژاردنەکان بێت.

٢. دەنگدەران و بریکارانی قەوارە سیاسیەکان مافیان هەیە سەردانی ناوەندەکانی تۆمارکردنی دەنگدەران بکەن لەو ماوەیەی دیاریکراوە بۆ پرۆسەی نوێکردنەوە، لە پێناو دڵنیابوون لە ڕاستی و دروستی ئەو زانیاریانەی خراونەتەڕوو هەروەها پێشکەشکردنی تانە بە گوێرەی ئەو ڕێکارانەی کۆمسیۆن دایان دەنێت، لەو ماوەیەی بۆ ئەو مەبەستە دیاریکراوە.

٣. چاودێرانی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی و ڕاگەیاندنکاران و بریکاری قەوارە سیاسییەکان مافی ئەویان هەیە چاودێری پرۆسەی نوێکردنەوەو خستنەڕووی تۆماری دەنگدەران بکەن.

هەرێمی کوردستانی عێراق

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی

المفوضية العليا المستقلة للانتخابات والاستفتاء

The Independent High Elections and Referendum Commission

## بەشی پێنجەم

## تانەدان لە تۆماری دەنگدەران

١. دەنگدەران مافیان هەیە تانەی تایبەت بە زانیاریەکانیان پێشکەش بکەن، هەروەها دەنگدەران و قەوارە سیاسیەکان مافیان هەیە تانەبگرن لە تۆماری دەنگدەران لەوەی پەیوەندی هەبێت بە زانیاری کەسانی ترەوە.

٢. لەوماوەیەی بۆ خستنەڕووی تۆماری دەنگدەران دانراوە، هەموو دەنگدەرێك مافی هەیە تانەی نوسراو پێشکەش بکات لەبارەی وردی تۆمارەکە یان هەر گۆڕانکاریەکی تر کە بەسەر تۆمارەکەدا هاتووە ئەمەش لە ڕێگەی ئەو فۆرمەی بۆ ئەم مەبەستە ئامادەکراوە بەو مەرجەی تانەکە پاڵپشتی کرابێت بە بەڵگەی سەلمێنەر و تانەکەشی پێشکەشی بەڕێوەبەری ناوەندی تۆمارکردن دەکرێت، ئەویش ڕەوانەی دەکات بۆ بەڕێوەبەری فەرمانگەی پارێزگا یان ڕاستەوخۆ دەیدات بە فەرمانگەی سەرەکی، بۆ ئەوەی ڕای خۆی بخاتە سەری و بینێرێت بۆ ئەنجومەنی کۆمسیاران بۆ وەرگرتنی بڕیار.

٣- دەنگدەران و بریکارانی قەوارە سیاسیەکان بۆیان هەیە تانەی نوسراو پێشکەش بکەن بەگوێرەی ئەو فۆرمەی بۆ ئەم مەبەستە دیاریکراوە سەبارەت بە تۆمارکردنی ناوی کەسێك لە تۆماری دەنگدەران لەسەر ئەو بنەمایەی کە:

ا – عێراقی نیە یاخود عێراقیە و هاوڵاتی هەرێمی کوردستان نیە.

ب – تەمەنی ١٨ ساڵی تەواو نەکردبێت.

ج – کۆچی دوایی کرد بێت.

د- ناوی دووبارە تۆمار کرا بێت.

هـ – ناوی بەنایاسایی تۆمار کرا بێت.

٤- تانە بێ بوونی بەڵگەی سەلمێنەر وەرناگیرێت و قورسایی سەلماندنیش دەکەوێتە ئەستۆی تانەگر.

٥- تانە لەو ماوەیە پێشکەش دەکرێت کە بۆ ئەم پرۆسەیە دیاریکراوە، ئەمەش بە گوێرەی ئەو ڕێکارانەی کە کۆمسیۆن دەریان دەکات.

٦-دوای یەکلاییکردنەوەی هەموو بڕیارو و تانەکان لەسەر تۆماری دەنگدەران، ئەوا تۆماری دەنگدەران بە تۆماری کۆتایی دادەنرێت.

٧-بڕیارەکانی ئەنجومەنی کۆمسیاران شیاوی تانە لێگرتنن لە بەردەم دەستەی دادوەری کە لەسێ دادوەری تەرخان نەکراو پێکهاتووە لە دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان، ماوەی تانەگرتنەکەش سێ ڕۆژە کە لە ڕۆژی دوای بلاوکردنەوەی بڕیاری ئەنجومەن دەست پێ دەکات.

هەرێمی کوردستانی عێراق

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی

المفوضية العليا المستقلة للانتخابات والاستفتاء

The Independent High Elections and Referendum Commission

**بەشی شەشەم**

ئەنجومەنی کۆمسیاران پابەندە بەپێدانی وێنەیەك لە تۆماری دەنگدەرانی بەرایی و تۆماری دەنگدەرانی کۆتایی بە قەوارە بەشدارەکانی هەڵبژاردن لەسەر شێوەی (پی دی ئێف) و لەسەر سی دی.

**بەشی حەوتەم**

لیستی تۆماری تایبەت جیا دەبێت لە لیستی تۆماری گشتی، بە پێی ئەو ڕێکارانەی کە کۆمسیۆن دایان دەنێت.

**بەشی هەشتەم**

**کارکردن بە پەیڕەوەکە**

کار بەهیچ دەقێك ناکرێ پێچەوانەی ئەم پەیڕەوە بێت.

**بەشی نۆیەم**

**ڕۆژی کارپێکردن**

ئەم پەیڕەوە لەڕۆژی پەسەندکردنی لەلایەن ئەنجومەنی کۆمسیارانەوە لە ٢٠١٧/٨/٣٠ کاری پێ دەکرێت.

**ئەنجومەنی کۆمسیاران**

٢٠١٧/٨/٣٠

# پاشکۆی ( ٧ )

**هەرێمی کوردستانی عێراق**

**کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی**

**المفوضية العليا المستقلة للانتخابات والاستفتاء**

**The Independent High Elections and Referendum Commission**

**بە پێی ئەودەسەڵاتەی بە ئە نجومەنی کۆمسیاران دراوە لە بڕگەی ( چوارەم ) ی ماددەی( ١٦ ) وخاڵی ( ١ )ی بڕگەی یەکەمی ماددەی ( ٦ )لە یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی ژمارە ( ٤ )ی ساڵی ٢٠١٤ و یاسای ژمارە ( ١ ) ی ساڵی ١٩٩٢ ی هەموارکراوی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان – عێراق ویاسای ژمارە ( ١ ) ساڵی ٢٠١٧ یاسای درێژکردنەوەی خولی هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان – عێراق بڕیارماندا بەدەرکردنی ئەم پەیرەوەی خوارەوە**

**ژمارە ( ١ ) ی ساڵی ( ٢٠١٧ )**

**پەیڕەوی دامەزراندن و بژارکردنی تۆماری دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان**

## دەستپێك

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆیی هەڵبژاردن وڕاپرسی بە پێی یاسای ژمارە(٤) ی ساڵی (٢٠١٤) دامەزرا ,کە بیێتە تاکە دەسەڵاتی هەڵبژاردن وڕاپرسی لەهەرێمی کوردستانی عێراقدا ,کۆمسیۆنیش دەستەیەکی پیشەیی سەربەخۆ وبێلایەنە و خاوەن کەسایەتی مەعنەوی خۆیەتی و ملکەچە بۆ چاودێریی پەرلەمان بەرپرسیاریشە لە بەرامبەریدا.

## بەشی یەکەم

### زاراوەکان

مەبەست لەم زاراوانەی لای خوارەوە ئەو واتایانەدەگەیەنێت کە لەبەرامبەریاندا هاتوون:

١. **کۆمسیۆن:** کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی.
٢. **ئەنجوومەن:** ئەنجومەنی کۆمسیاران.
٣. **هەرێم:** هەرێمی کوردستان–عێراق.
٤. **کارگێری هەڵبژاردن:** کارگێری هەڵبژاردن پێکدێ لە نوسینگەی گشتی و نوسینگەی هەڵبژاردنەکان لە پارێزگاکان، بەرپرسیاریەتی جێبەجێکردنی ئەو پەیرەو ڕێکارانە دەگرێتە ئەستۆ کە لە لایەن ئەنجوومەنەوە دەرچوون، هەروەها بەڕێوەبردنی گشت ئەو چالاکیانەی کە مۆرکی پرۆسەگیری و جێبەجێکارییان هەیە.
٥. **فەرمانگەی پارێزگا:** فەرمانگەی کۆمسیۆنن لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و سەربە کارگێری هەڵبژاردنن.
٦. **فەرمانگەی داتاکان:** فەرمانگەیەکە سەر بەکارگێریی هەڵبژاردنە بەپێی هەیکەلیەتی بڕیارِ لێدراو، وەك لە پەیرەوی ناوخۆی کارگێری هەڵبژاردندا هاتووە.
٧. **تۆماری دەنگدەران:** تۆمارێکە ناو و زانیاری ئەو دەنگدەرانە لە خۆ دەگرێت کە شایستەن بۆ دەنگدان دوای بژاردکردنی لە هەر ناوێك کە بە نایاسای لەتۆمارەکەدا هاتووە.

٨. **ناوی مردوان:** ناوی ئەو کەسانەیە بە پێی نوسراوی فەرمی وەزارەتی تەندروستی و لایەنە پەیوەندیدارە فەرمییەکانی تری هەرێم کۆچی دواییان کردوە وناویان لە تۆماری دەنگدەراندا ماوەتەوە.

٩. **ناوی دووبارە:** مەبەست لەو ناوانەیە کە تەواوی زانیاریەکانیان ١٠٠٪ وەك یەکن لە ناو داتا بەیسەکەدا.

١٠. **ناوی لێکچوو:** مەبەست لەو ناوانەیە کە زۆربەی زانیارییەکانیان لێکچوون لە ناو داتا بەیسەکە دا.

١١. **بژارکردن:** بژارکردنی داتا بەیسی تۆماری دەنگدەرانە لە ناوی مردوو ناوی دوبارە و هەر ناوێکی تر کە بوونیان لەتۆمارەکەدا نایاساییە.

١٢. **ژمارەی خێزانی** (٠): مەبەست ئەو خێزانانەیە کە کەژمارەی دەنگدان (فۆرمی خۆراك)یان لەتۆمارەکەدا بە (٠) تۆمار کراوە.

## بەشی دووەم

## مەرجەکانی بوونی ناوی هاوڵاتی لە تۆماری دەنگدەران

بۆ ئەوەی دەنگدەر بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا بکات پێویستە ئەم مەرجە یاساییانەی تێدابێت:

١. دەبێت خاوەنی ڕەگەزنامەی عێراقی بێت و هاوڵاتی هەرێمی کوردستان بێت.

٢. شایستەیی تەواو بێت.

٣. تەمەنی هەژدە ساڵی تەواو کردبێت.

## بەشی سێیەم

## دامەزراندن و بژارکردن

١. ئەنجوومەن تۆماری دەنگدەران ئامادە دەکات بە پشت بەستن بە داتاکانی بەردەستی کۆمسیۆن کە سەرچاوەیان داتاکانی کۆمپانیای خۆراکە.

٢. ئەنجوومەن هەڵدەسێت بەسڕینەوەی ناوی دووبارەی ئەو دەنگدەرانەی کە زانیاریەکانیان ١٠٠٪ وەك یەکن.

٣. ئەنجوومەن وردبینی لە ناوی لێکچووی دەنگدەران دەکات لە ناو داتا بەیسەکەدا، دوای دڵنیابوون لە بوونی ناوی لێکچوو کە زۆربەی زانیاریەکانیان وەك یەکن، دەیانسڕێتەوە.

٤. ئەنجوومەن وردبینی لە زانیاری ئەو دەنگدەرانەدا دەکات کە ژمارەی خێزانیان (سفرە ) لە داتا بەیسەکە دوای دڵنیا بوون لەوەی کە بە ناڕەوا ناویان تۆمارکراوە، هەڵدەستێت بە سڕینەوەی ناوەکانیان.

٥. ئەنجوومەن هەڵدەستێت بە سڕینەوەی ناوی مردوان لە داتا بەیسی تۆماری دەنگدەران بە پێی ئەو لیستانەی کە وەزارەتی تەندروستی و لایەنە پەیوەندیدارە فەرمیەکانی هەرێمی کوردستان دەیدەن بە کۆمسیۆن.

٦. ئەنجوومەن هەڵدەستێت بە جیاکردنەوەی ناوی ئەو دەنگدەرانەی کە تەمەنیان لە سەروی ٩٠ ساڵە، بۆ ئەوەی وردبینی بکات لە ناوەکانیان.

(٢ لە ٤)

هەرێمی کوردستانی عێراق

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕا پرسی

المفوضية العليا المستقلة للانتخابات والاستفتاء

The Independent High Elections and Referendum Commission

٧. ئەنجوومەن هەڵدەستێت بە سڕینەوەی ناوی (ئاوارە و پەنابەران) کە لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێن و دەنگ بۆ بازنەکانی هەڵبژاردنی پارێزگاکانی خۆیان دەدەن.

٨. ئەنجوومەن هەڵدەستێت بە سڕینەوەی ناوی هەر دەنگدەرێك کە بە پێچەوانەی دەستور و بنەما یاسایەکان ناویان لە داتا بەپیسی تۆماری دەنگدەراندا تۆمار کرابێت.

٩. ئەنجوومەن هەڵدەستێت بە ئامادەکردن و وردبینی و جیاکردنەوی لیستی تۆماری دەنگدەرانی تایبەت لەتۆمارە گشتیەکە بەهاوکاری و هەماهەنگی وەزارەتی پێشمەرگە و وەزارەتی ناوخۆ و لایەنە پەیوەندیدارەکانی تر.

١٠. ئەنجوومەن هەڵدەستێت بە ووردبینی کردنی ناوی دەنگدەران لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان، دوای دڵنیابوون لە بونی ناوی دووبارە، ناوەکانیان لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان دەسڕێتەوە.

١١. ئەنجوومەن هەڵدەستێت بە ئامادەکردن و وردبینی و جیاکردنەوی لیستی تۆماری دەنگدەرانی کوردانی دەرەوەی وڵات لەتۆمارە گشتیەکە بەپێی پەیرەوێکی تایبەت.

## بەشی چوارەم

### نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران

١. ئەنجوومەن هەڵدەستێت بە نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران (زیادکردن، سڕینەوە، گۆڕین، ڕاستکردنەوە)، لە ماوەیەکی گونجاودا، دوای دەست نیشانکردنی وادەی هەڵبژاردنەکان.

٢. وردەکاریەکانی پرۆسەی نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران بە پەیرەوێکی تایبەت بە نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران ڕێکدەخرێت .

## بەشی پێنجەم

### خستنەڕووی تۆماری دەنگدەران

١. تۆماری دەنگدەران ئەو زانیاریانە لە خۆدەگرێت کە کۆمسیۆن ئامادەی کردون و بڵاوی کردون.

٢. دەبێت ئەنجومەن بانگهێشتی چاودێرانی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی و ڕاگەیاندنکاران و قەوارە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان بکات و تۆمارەکەیان بۆ بخاتە ڕوو بەمەبەستی بنیادنانی متمانە و گێڕانەوەی متمانەی دەنگدەران.

٣. ئەنجوومەن هەڵدەسێت بە پێدانی لیستی ناوی ئەو دەنگدەرانەی لە تۆمارەکەدا بونیان هەیە (دووبارە، مردوو، لێکچوو، ئاوەرە، ئەوانەی تەمەنیان لە سەرووی ٩٠ ساڵەوەیە، هەر ناوێکی تر کەبەناياسایی تۆمار کرا بێت) بە لایەنە پەیوەندارەکانی هەرێمی کوردستان.

(٣ لە ٤)

هەرێمی کوردستانی عێراق

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی

المفوضية العليا المستقلة للانتخابات والاستفتاء

The Independent High Elections and Referendum Commission

## بەشی شەشەم

### ماوەی دامەزراندنی تۆماری دەنگدەران

١. کارگێڕیی هەڵبژاردن لەبەر ڕۆشنایی یاسای کۆمسیۆن و ئەم پەیڕەوە، ڕێکارەکانی جێبەجێکردنی دامەزراندن و بژارکردنی تۆمارەکە ئامادە دەکات لەماوەی (١٥) ڕۆژدا و دەیداتە ئەنجومەن بە مەبەستی پەسەند کردنی.

٢. کارگێڕیی هەڵبژاردن دوای دڵنیا بوون لە بوونی ناوی مردو و ناوی دووبارە و ناوەکانی تر کە بوونیان لە تۆمارەکەدا نایاساییە، دەدات بە ئەنجوومەن بەمەبەستی پەسەند کردنی سڕینەوەیان.

٣. ئەنجومەنی کۆمسیاران تەواوی دەسەڵاتەکانی تری خۆی دەدات بە کارگێڕیی هەڵبژاردن کە لە خاڵی (١)ی برگەی یەکەمی ماددەی شەشەمی یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی دا هاتوە سەبارەت بە دامەزراندن و بژارکردن.

٤. ئەنجومەنی کۆمسیاران تەواوی دەسەڵاتە کارگێڕی و داراییەکانی خۆی دەداتە کارگێڕیی هەڵبژاردن بۆ دەستەبەرکردنی ئامادەکاری لایەنی هونەری و لۆجستی دامەزراندن و بژار کردنی تۆماری دەنگدەران.

## بەشی حەوتەم

### ماوەی کاری دامەزراندن

کارگێڕیی هەڵبژاردن لەماوەیەک کە لە(٤٥) ڕۆژ تێپەڕ نەکات، پرۆسەی دامەزراندن و بژارکردنی تۆماری دەنگدەران جێبەجێدەکات.

## بەشی هەشتەم

### کارکردن بە پەیڕەوەکە

کار بەهیچ دەقێ ناکرێ پێچەوانەی ئەم پەیرەوە بێت.

## بەشی نۆیەم

### ڕۆژی کارپێکردن

ئەم پەیرەوە لەڕۆژی پەسەندکردنی لەلایەن ئەنجومەنی کۆمسیارانەوە لە ٢٠١٧/١١/٢٧ کاری پێ دەکرێت.

ئە نجوومەنی کۆمسیاران

٢٠١٧/١١/٢٧

(٤ لە ٤)

# پاشکۆی (٨)

**چەند یاداشت و نوسراوێك کە لەلایەن پەرلەمانتار (گەشە دارا حەفید)ەوە پێشکەش بە پەرلەمان و کۆمسیۆنی هەڵبژاردن و ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتە پەیوەندیدارەکانەوە کراوە**

Iraqi Kurdistan parliament
Kurdistan – Erbil
NO:
DATE:

پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق
کوردستان ـ هەولێر
ژمارە:
ڕۆژ: 2015/6/15

**بۆ / بەڕێز سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان**
**ب / تۆماری دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان**

پاش سلاو ڕێز...

تۆماری دەنگدەران لە هەرێمی کوردستاندا پڕە لە گرفت، لە ناوی دووبارەو چەند بارەو نەکوژانەوەی ناوی مردوان و بەجۆرێك کە جێگەی پشت پێبەستن نیە بۆ هەڵبژاردنەکان و بەردەوام جێگەی تانەو تەشەری لایەنە سیاسیەکانیش بوە، هەر ئەمەش وای کردووە کە لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا ڕێگە بۆ گزی و ساختەکاری خۆش بکرێت.

لەپێناو پاك کردنەوەی ئەم تۆمارەدا لە خولی ڕابردوودا بە بڕیاری ژمارە (1)ی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان لە 2013/7/7 لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە لە (9) ئەندامی پەرلەمان لە لیستە جیاجیاکان پێکهات و دوای لێکۆڵینەوەی ورد و بەدواداچوون و دانیشتن لەگەڵ لایەن و دامودەزگا پەیوەندارەکان، ڕاپۆرتی خۆیان پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمان کرد، بەلام بەداخەوە هیچ کارێك بە ڕاپۆرتەکە نەکرا. کە بەپێی دەکۆمێنتەکانی ئەوکاتە زیاتر لە (95.000) مردوو ناویان لە تۆماری دەنگدەراندا نەسراوەتەوە، ئەمە جگە لەوەی بەپێی دەکۆمێنتەکان دەیان هەزار کەس ناویان دووبارەو سێبارەو تەنانەت هەیە بیست بارەش بۆتەوە.

ئێستاش کە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و ڕاپرسی بەپێی یاسای ژمارە (4)ی ساڵی 2014ی پەرلەمانی کوردستان دروستبووە، چەند هەڵبژاردنێکیشمان لەبەردەمدایە، بۆیە داواکارم یەکەم کارێك کە کۆمسیۆن بیکات و هەنگاوی بۆ بنێت پاك کردنەوەی تۆماری دەنگدەران بێت لەو هەموو ناڕێکییە دەربازی بکات بۆ ئەوەی بتوانێت سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکان بە شێوەیەکی ڕێکوپێك بکات و دوور بێت لە گومان و گزی و ساختەکاری.

بۆ ئەم مەبەستە داواکارم لیژنەیەکی پەرلەمانی بۆ بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە لە تۆماری دەنگدەران پێکبێت و کۆمسیۆنیش لەلایەن پەرلەمانەوە بە فەرمی ڕابسپێردرێت کە ئەم کارە جێبەجێ بکات.

لەگەڵ ڕێزدا

**گەشە دارا حەفید**
**ئەندامی پەرلەمانی کوردستان**

*هاوپێچ:*

1-بڕیاری ژمارە (1)ی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان لە 2013/7/7، سەبارەت بە پێکهێنانی لیژنەی لێکۆڵینەوە لە زیادبوونی نائاسایی ژمارەی دەنگدەرانی هەرێم.
2-ڕاپۆرتی کۆتایی لیژنەی لێکۆڵینەوە لە زیادبوونی نائاسایی ژمارەی دەنگدەرانی هەرێم.
3-ئەو نوسراوانەی لە خولی ڕابردوودا پەرلەمان ئاراستەی کۆمسیۆنی کردووە بۆ هەمان مەبەست.
4- ئەو نوسراوانەی لە خولی ڕابردوودا کۆمسیۆن ئاراستەی پەرلەمانی کردووە بۆ هەمان مەبەست.
5-کۆمەڵێك دەکۆمێنتی پەیوەندیداری دام و دەزگاکان و بەڕێوەبەرایەتی پسولەی خۆراکی پارێزگاکانی هەرێم و وەزارەتی تەندروستی.


وێنەیەکی ئاراستەی لیژنەی کاروباری پەرلەمانی و کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و ڕاپرسی بکرێت -

Kurdistan Parliament - Iraq
General Directorate of Divan
Directorate of parliamentary affairs

NO:
Date:

پەرلەمانی کوردستان – عێراق
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پەرلەمان

ژمارە: ک/ ٢٠١٥
بەروار: ٢٠١٥/٧/١



**بۆ/ ١– لیژنەی کاروباری پەرلەمان**

**٢– کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی/ ئه نجومەنی کۆمسیاران**

**بابەت/ئاراستەکردنی نووسراو**

هاوپێچ لەگەڵ نووسراوماندا دەقی نووسراوی بەڕێز پەرلەمانتار **(گەشە دارا حەفید)** لە ٢٠١٥/٦/١٥ ، سەبارەت بە **(تۆماری دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان)** ، ئاراستەتان دەکەین ، بە مەبەستی دیراسەت کردن و دەربڕینی راتان لە بارەیەوە.

**لەگەڵ ڕێزماندا**

**جعفر إبراهیم ئێمینکی**
**جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

**وێنەیەکی بۆ/**

- نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.
- نووسینگەی بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.
- نووسینگەی بەڕێز سکرتێری پەرلەمانی کوردستان
- نووسینگەی بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی دیوان.
- بەڕێز پەرلەمانتار (گەشە دارا حەفید) ، نووسراوتان لە ٢٠١٥/٦/١٥ ، بۆ ئاگاداریتان.
- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پەرلەمان/لیژنەکان.

پەرلەمانی کوردستان/ کوردستان- هەولێر /شەقامی شەست مەتری ت/ ٠٦٦٢٢٢٠٨٠٠- ٠٦٦٢٢٣٠٢٤٢ www.perleman.org Zhikar -24/6/2015

Iraqi Kurdistan parlament
Kurdistan – Erbil

NO:
DATE:

پەرلەمانی کوردستان - عیراق
کوردستان - هەولێر
ژمارە:ت 1
رۆژ: 2017/7/19

**بۆ / بەڕێز سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان**
**ب / تۆماری دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان**

پاش سلاو ڕێز...

جەختکردنەوە لەسەر نوسراومان ژمارە (ت) لە (2015/6/15) کە ئاراستەی بەڕێزتانمان کردبوو، لەگەڵ سەرەتای دروستبوونی کۆمسیۆنی بالای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی، داوای ئانی هەنگاوی عەمەلی و جدیمان کردبوو بەمەبەستی پاك کردنەوەی تۆماری دەنگدەران لەپێناو ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان بە شێوازێکی پاك و بێگەرد، هەرچەندە یاداشتەکەمان بە نوسراوێك کە ئیمزای بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمانی بەسەرەوەیە بە ژمارە (ك2105) لە (2015/7/1) ئاراستەی هەریەك لە (لیژنەی کاروباری پەرلەمان) و (کۆمسیۆنی بالای هەڵبژاردن و ڕاپرسی/ئەنجومەنی کۆمسیاران) کراوە، بەلام بەداخەوە تا ئێستاشی لەگەڵدابێت هیچ وەلامێکی نوسراوەکەو هیچ هەنگاوێکی عەمەلیمان نەبینی لەلایەن بەڕێزیانەوە کە پەیوەندیدارن بەم پرۆسەیەوە بنرێت.

لێرەدا وێڕای جەختکردنەوەمان لەسەر هەمان بابەت، دووبارە نوسراوی پێشووتان ئاراستە دەکەینەوە بەمەبەستی بەدواداچوون.

لەگەڵ ڕێزدا

هاوپێچ:
1-نوسراومان ژمارە (ت) لە (2015/6/15) کە ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانمان کردبوو لەگەڵ هاوپێچەکانی.
2-نوسراوی بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان بە ژمارە (ك2105) لە (2015/7/1) کەئاراستەی هەریەك لە (لیژنەی کاروباری پەرلەمان) و (کۆمسیۆنی بالای هەڵبژاردن و ڕاپرسی/ئەنجومەنی کۆمسیاران) کراوە،

گەشە دارا حەفید
ئەندامی پەرلەمانی کوردستان



Iraqi Kurdistan parliament
Kurdistan – Erbil
NO.
DATE

پەرلەمانی کوردستان - عێراق
کوردستان - هەولێر
ژمارە:
بەروار: 2017/7/29

بۆ / بەڕێز کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی
لەرێگای بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان
ب / تۆماری دەنگدەران

پاش سلاو رێز ...

لەگەڵ رێزدا

کەشە دارا حەفید
ئەندامی پەرلەمانی کوردستان



Iraqi Kurdistan parliament
Kurdistan – Erbil
NO.
DATE

پەرلەمانی کوردستان - عێراق
کوردستان - هەولێر
ژمارە:
بەروار: 2017/11/29

بۆ / بەڕێز کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی
لەرێگای بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە

پاش سلاو رێز ...

لەگەڵ رێزدا

کەشە دارا حەفید
ئەندامی پەرلەمانی کوردستان



Kurdistan Parliament - Iraq
General Directorate of Diwan
Directorate of Parliamentary and Committees Affairs
NO.
Date

پەرلەمانی کوردستان - عێراق
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
ژمارە: 1814/3/4
بەروار: 2017/9/17

بۆ/ کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی
بابەت/ ئاراستەکردنی نووسراو

لەگەڵ رێزدا

جعفر ابراهیم ئێمینکی
جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان - عێراق



Kurdistan Parliament - Iraq
General Directorate of Diwan
Directorate of Parliamentary and Committees Affairs
NO.
Date

پەرلەمانی کوردستان - عێراق
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
ژمارە: 1821/3/4
بەروار: 2017/9/17

بۆ/ کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی
بابەت/ ئاراستەکردنی نووسراو

لەگەڵ رێزدا

جعفر ابراهیم ئێمینکی
جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان - عێراق


Iraqi Kurdistan parliament
Kurdistan – Erbil
NO.
DATE:
پەرلەمانی کوردستان - عێراق
کوردستان - هەولێر
2017/7/29
لەگەڵ رێزدا
ئەندامی پەرلەمانی کوردستان


Kurdistan Parliament - Iraq
General Directorate of Diwan
Directorate of Parliamentary and Committees Affairs
NO:
Date:
پەرلەمانی کوردستان - عێراق
بۆ/ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان - عێراق
بابەت/ ئاراستەکردنی نووسراو
لەگەڵ رێزدا
جعفر ابراهیم ئێمینکی
جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان - عێراق


Iraqi Kurdistan parliament
Kurdistan – Erbil
NO.
DATE:
پەرلەمانی کوردستان - عێراق
کوردستان - هەولێر
2017/7/29
لەگەڵ رێزدا
ئەندامی پەرلەمانی کوردستان


Kurdistan Parliament - Iraq
General Directorate of Diwan
Directorate of Parliamentary and Committees Affairs
NO:
Date:
بۆ/ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان - عێراق
بابەت/ ئاراستەکردنی نووسراو
لەگەڵ رێزدا
جعفر ابراهیم ئێمینکی
جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان - عێراق



Kurdistan Parliament - Iraq
General Directorate of Diwan
Directorate of Parliamentary and Committees Affairs
NO:
Date:

پەرلەمانی کوردستان - عێراق

ژمارە: ١٨٦٥/٢/٤
بەروار: ٢٠١٧/٩/١٧

بۆ/ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان - عێراق
بابەت/ ئاراستەکردنی نووسراو

لەگەڵ ڕێزدا



Iraqi Kurdistan parliament
Kurdistan – Erbil
NO:
DATE:

پەرلەمانی کوردستان - عێراق
کوردستان - هەولێر
2017/7/20

بۆ / بەڕێز وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی
لەڕێگەی بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان

لەگەڵ ڕێزدا

ئەندامی پەرلەمانی کوردستان



Kurdistan Parliament - Iraq
General Directorate of Diwan
Directorate of Parliamentary and Committees Affairs
NO:
Date:

پەرلەمانی کوردستان - عێراق

بۆ/ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان - عێراق
بابەت/ ئاراستەکردنی نووسراو

لەگەڵ ڕێزدا

جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان - عێراق



Iraqi Kurdistan parliament
Kurdistan – Erbil
NO:
DATE:

پەرلەمانی کوردستان - عێراق
کوردستان - هەولێر

بۆ / بەڕێز وەزارەتی تەندروستی
لەڕێگەی بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان

لەگەڵ ڕێزدا

ئەندامی پەرلەمانی کوردستان

پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق
کوردستان ـ هەولێر
ژمارە: ت10
رۆژ: 2015/11/29

Iraqi Kurdistan parlament
Kurdistan – Erbil
NO:
DATE:

**بۆ / بەڕێز سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران**
**لەڕێگەی بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە**
**ب / جەختکردنەوە لە نوسراو**

پاش سلاو ڕێز...

بەمەبەستی ئامادەکاریی پێشوەخت بۆ هەڵبژاردنەکان و گرتنەبەری ڕێکاری یاسایی و لادانی کۆسپەکان کە نادروستیی تۆماری دەنگدەران یەکێکیانە، لە ڕۆژی (2017/7/29) لە ڕێگەی سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە چوار نوسراومان بە ژمارەکانی (ت2، ت4، ت5، ت6) سەبارەت بە پاك کردنەوەو ڕێکخستنی تۆماری دەنگدەران بۆ هەڵبژاردنەکان ئاراستەی چەند وەزارەتێکمان کردبوو، سەرۆکایەتی پەرلەمان بە نوسراوی ژمارە (1815/3/4) لە 2017/9/17 بۆ وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی، و ژمارە (1820/3/4) لە 2017/9/17 بۆ وەزارەتی ناوخۆ، و ژمارە (1817/3/4) لە 2017/9/17 بۆ وەزارەتی پێشمەرگە، و ژمارە (1816/3/4) لە 2017/9/17 بۆ وەزارەتی تەندروستی کردووە، بەلام نزیکەی چوارمانگ بەسەر نوسراوەکانی ئێمەو دوو مانگیش بەسەر نوسراوەکانی سەرۆکایەتی پەرلەماندا تێپەڕیوە تا ئێستا هیچ وەڵامێکمان پێنەگەیشتووە.

لەگەڵ ڕێزدا

هاوپێچ:

1-نوسراومان ژمارە (ت2) لە 2017/7/29 بۆ وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی کە بە نوسراوی ژمارە (1815/3/4)ی سەرۆکایەتی پەرلەمان لە (2017/9/17) دا ئاراستەی وەزارەتی ناوبراو کراوە.

2-نوسراومان ژمارە (ت4) لە 2017/7/29 بۆ وەزارەتی ناوخۆ کە بە نوسراوی ژمارە (1820/3/4)ی سەرۆکایەتی پەرلەمان لە (2017/9/17) دا ئاراستەی وەزارەتی ناوبراو کراوە.

3-نوسراومان ژمارە (ت5) لە 2017/7/29 بۆ وەزارەتی پێشمەرگە کە بە نوسراوی ژمارە (1817/3/4)ی سەرۆکایەتی پەرلەمان لە (2017/9/17) دا ئاراستەی وەزارەتی ناوبراو کراوە.

4-نوسراومان ژمارە (ت6) لە 2017/7/29 بۆ وەزارەتی تەندروستی کە بە نوسراوی ژمارە (1816/3/4)ی سەرۆکایەتی پەرلەمان لە (2017/9/17) دا ئاراستەی وەزارەتی ناوبراو کراوە.

**گەشە دارا حەفید**
**ئەندامی پەرلەمانی کوردستان**

## پاشكۆی (٩)

## یاداشتی چەند پەرلەمانتارێك بۆ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان دوای ئەوەی سەردانی كۆمسیۆنی بالای هەلبژاردن و راپرسیان كردبوو سەبارەت بە گرفت و پێداویستیەكانی كۆمسیۆن و تۆماری دەنگدەران

بەڕێز/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان

بابەت/ سەردانی كۆمسێۆن

بەڕێزان، دوای ئەوەی رۆژی ٢٠١٧/٨/٢٢ بەئامادەبونی سكرتێری پەرلەمانی كوردستان و پەرلەمانتارانی فراكسێۆنەكانی ( گۆران، یەكێتی، یەكگرتو، كۆمەڵ ) و سەرۆكی رێكخراوی پەی، لەبارەی تۆماری دەنگدەران وكارەكانی كۆمسێۆنی هەڵبژاردنەوە، كۆبونەوەیكی راوێژكاری ئەنجامدرا، لەبارەی تۆماری دەنگدەران و كارەكانی كۆمسێۆنەوە، لەو كۆبونەوەیەدا، چەند بریارێك درا:

١_ تائەوكاتەی بەپێی مادەی ٤٨ پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان لیژنەیەكی پەرلەمانی دروست دەكرێت، بەشێوەیەكی نافەرمی ئەم پەرلەمانتارانە سەردانی فەرمانگەی سلێمانی كۆمسێۆن و كۆمسێۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەكان، لە هەولێر بكەن و لەوبارەوە، چالاكی و فشارەكانیان دەست پێ بكەن و لەگەڵ فراكسێۆنەكانی تریش پەیوەندی بكرێت.

٢_ سەرۆكی پەرلەمان و سكرتیری پەرلەمان، لە گەڵ سەرۆكی فراكسێۆنەكان، لەو بارەوە و بەمەبستی دروستكردنی لیژنەی پەرلەمانی راوێژبكەن.

٣_ هەر فراكسێۆنێك تیمێك، لەناو خۆیدا دروست بكات ولەوبارەوە دەست بەكاربێت .

٤_یاداشتێك، لە پەرلەمانەوە، بەپێی مادەی ٦ یاسای ژمارە ٤ سالی ٢٠١٤ كۆمسێۆن، بۆ كۆمسێۆن بنوسرێت، كە بەپێی مادەی ٦ ئەركی ئەوانە تۆمارێكی نوێ دابمەزرینن یان تۆماری دەنگدەران پاكبكەنەوە.

بەڕێزان، ئێمەی پەرلەمانتارانی فراكسێۆنەكانی ئامادەبوی كۆبونەوەكە، رۆژی ٥شەممە ٢٠١٧/٨/٢٤ سەردانی فەرمانگەی سلێمانی كۆمسێۆنمان كردو پاشان سەردانی بنكەیەكی نوێكردنەوەی تۆماری دەنگدەرانمان كرد، لە ئامادەیی ئەحمەدی خانی كوران، كەئامادەكاریان، بۆ ریفراندۆم دەكرد، بەپێی زانیارییەكانمان، تا كاتژمێر ٢٠:١٢ نیوەڕۆ، كە ئێمە سەردانمانكردن، تەنیا یەك كەس سەردانی كردبون.

بەپێی قسەكانی بەڕێوەبەری فەرمانگەی سلێمانی و لێپرسراوی بەشەكانی فەرمانگەكە، كە ئامادەی كۆبونەوەكە بون، كارەكانی كۆمسێۆن، لە لایەنی كارگێری و دارایی و فەرمانبەر و نەبونی كۆگاوپاسەوانەوە كەموكورتی زۆریان هەیە.

هەرلەو كۆبونەوەیەدا، بەڕێوەبەری فەرمانگەی سلێمانی وتی: بەشێوەیەكی كرداری هەڵبژاردن، لە ٢٠١٧/١١/١ ئەستەمە بكرێت، ئەگەر رۆژانە ٢٤ كاژێر كاربكەن، ئینجا ٧٥ رۆژیان پێویستە.

بەڕێزان، پاشان رۆژی ٣شەممە ٢٠١٧/٨/٢٩ سەردانی كۆمسێۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسیمان، لە هەولێر كردولەگەڵ ئەنجومەنی كۆمسیاران كۆبوینەوە. تەوەری كۆبونەوەكە، لەبارەی كارەكانی كۆمسێۆن بەگشتی، تۆماری دەنگدەران، ئامادەكاری، بۆ ریفراندۆم، لە هەرێم و ناوچە دابرینراوەكان، ئامادەكاری بۆ هەڵبژاردنەكانی خولی پێنجەمی پەرلەمانی كوردستان و سەرۆكی هەرێم وزۆربابەتی تری پەیوەندیدار، بەكارەكانی كۆمسێۆن و دامەزراندنی فەرمانبەران. پوختەی كۆبونەوەكەمان، لەگەل ئەنجومەنی كۆمسیاران بەمجۆرەبو:

١_ حكومەت هاوكاریان نەبوە وزۆر درەنگ دەستیان كارەكانیان كردوەو هەیكەلی كۆمسێۆنەكەیان پێكهێناوە.

٢_ پەکخستنی پەرلەمانی کوردستان کاریگەری ڕاستەوخۆی، لەسەر کارەکانیان هەبوە، بۆنمونە، بوجەی کۆمسیۆن، لەپەرلەمانەوە پەسەند بکرێت، بەلام حکومەت خۆی دایدەنێت، پێویستە، وەك ئەنجومەنی دادوەری بوجەی سەربەخۆیان هەبێت.

٣_ ڕیفراندۆم، لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم دەکرێت و دەبێت ئیدارەی ئەو ناوچانە بەنوسراوی فەرمی داوابکەن، لەو ناوچانە ئۆفیسەکانی مادەی ١٤٠ بەکاردێنن، هەرچەندە تا ٢٠١٧/٩/٢٩ هیچ ئامادەکارییەك نەکرابو، نایشارنەوە، ڕیفراندۆم کێشەی یاسایی هەیە.

٤_ تائێستا ٨ هەشت ڕاپۆرتی وەرزیان، بۆ پەرلەمان ناردوە.، یەکەم ڕاپۆرت، لە ٢٠١٦/٤/١ نێردراوە.

٥_ ١١ یازدە پەیڕەوی هەڵبژاردن ئامادەکراوە.بیان ناکەن.

٦_لایەنە پەیوەندیدارەکان هاوکاریان ناکەن، بۆنمونە، لە ٢٠١٧/٧/١٥ نوسراویان، بۆ وەزارەتەکانی تەندروستی و ناوخۆ و ئەنجومەنی ئاسایش کردوە، لە بارەی کارەکانی تۆماری دەنگدەران، تا ئێستا وەڵامیان نەداونەتەوە.

٧_ داوایان کرد، پەرلەمان هاوکار و چاودێریان بێت.

٨_ لەبارەی ڕیفراندۆمەوە، ڕای جیاوازیان تێدایە، هەندێکیان دەڵێن پێویستی بە یاسا نییە و ئێمە فەرمانی سەرۆکایەتی هەرێممان جێبەجێکردوە و هاوکات سەرۆکای پەرلەمانیش نوسراوی فەرمی بۆ ناردوین.

٩_ بەکارەکانیاندا، لەوە ناچێت، هەڵبژاردن، لە کاتی خۆیدا بکریت.

پەیوەست، بە تۆماری دەنگدەران، کە شادەماری پرۆسەی هەڵبژاردنە، بەم جۆرەیە: کۆمسیاران دانیان نا، بەهەمو ئەو بەڵگەو ئامارانەی تۆمار دەنگدەران، کە ئەندامانی پەرلەمان خستیانە ڕو، کە پڕە، لە ناووی مردوو، دوبارە، تۆماری نایاسایی، کەسانی غەیری هاوڵاتی کوردستان.

١_ تۆماری دەنگدەران ساڵی ٢٠٠٧ لەسەربنەمای فۆرمی خۆراك دانراوە و زۆر خراپە، بەڵام چاریان نییە، بۆ دانانی تۆمارێکی نوێ یان پاککردنەوەی پێویستیان، بە (ستاف، بوجە، ئامار )هەیە، کە ئامار دەسەڵاتی حکومەتی ناوەدییە و بابەتیکی سیاسییەو نایانەوێت بکرێت، بەڵام هەرێم دەتوانێت، بەیاسایە، لەپەرمانی کوردستانەوە ئاماری مرۆیی بکات، بۆ خۆی بکات.

چونکە، تۆمارەکە ناوی دوبارە، مردو، سوری و بەنلادیشی و زۆر ناوی تریشی تێدایە.

٢_ داتای جیاواز لەبارەی ژمارەی دەنگدەرانەوە هەیە، کۆمسیۆن دەڵێت: هەمو کوردستان بە ناوچە دابڕێنراوەکانەوە ٥٧٠٠٠٠٠ پێنج ملێۆن و حەوت سەد هەزار کەسە، بەبێ ناوچە دابڕێنراوەکان ٣٦٠٠٠٠٠ سێ ملێۆن و شەش سەد هەزار دەنگدەرە.

٣_ پێویستە ئاماری وەزارەتی بازرگانی بەغدایان دەست بکەوێت، یان داتای کارتی نیشتمانی بکەنە بنەمای دانان و نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران.

٤_ئەم تۆماری دەنگدەرانەی ئێستا تەنیا بۆ ڕیفراندۆمە و بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان و سەرۆکی هەرێم تۆماری نوێ دەبێت.

٥_ لایەنە سیاسییەکان دەتوانن، لەماوەی نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران سکاڵا بکەن وئەو لیستانەی لایانە، لەسەر ناوی دوبارە ومردو بابەتی تر، بیدەنە کۆمسیۆن، تا لە تۆمارەکەدا بیسرێتەوە، دەبێت لایەنەکان هاوکاربن.

٦_ تۆماری دەنگدەران، لە ڕاستیدا ئەرکی دەوڵەتە، دەبێت ئەو داتا ئامادەکات، وەك تورکیا. ئەمە بەمجۆرە و لەم دۆخەی ئێستادا بەکۆمسێۆن ناکرێت.


٧_ ٧٠ حەفتا هەزار کارمەند، بۆ ئەو مەبەستە و کارەکانی هەڵبژاردن، بەکاتی و گرێبەست دادەمەزرێنن.نەوەی

٨_ لەگەڵ کۆمپانیایـەکی ئـەمریکی گرێبەسـتیان کـردوە، بـۆ هێنـانی سـندوقی ئـەلکترۆنی، بـۆ جیاکردنـەوەو ئـەژمارکردنی دەنگەکان بەئەلکترۆنی و دواتر بەستنەوەی بەیەکتریەوە، واتە کۆکردنـەوەی فـۆرمی زانیـاری دەنگدانـەکان، TALI Center دیارە ئەمە چارەسەر بەشێکی زۆر تەزویر دەکات.

بەڵام بەگشتی هەڵبژاردن، بەو تۆماری دەنگدەرانەی ئێستا دەستەبەری هەڵبژاردنێکی پاك و بێ خەوش و کەموکوری ناکات و جیاوازییەکی زۆر، لە نێوان داتاکاندا هەیە و نزیکەی ٣٠٠ سێ سەد هەزار دەنگ جیاوازی و دوبارە و مردو .....، هەیە، پێویستـە ئەو تۆمارە یان خاوێنبکرێتەوە یان تۆمارێکی نوێ دابنرێت، کە لەمادەی ٦ یاسای ژمارە ٤ سالی ٢٠١٤ کۆمسێۆندا هاتوە.

لەگەڵ رێزدا

٢٠١٧/٩/٦




**تێبینــی:** کۆمـەڵێك هەڵـەی زمانـەوانی چـاپ لـە یاداشـتەکەدا هەیـە، ئێمـە دەسـکاریمان نـەکرد و وەك ئەمانـەتێك وەك خـۆی دامانناوەتەوە، هەڵەکان لەلایەن ئێمەوە نەکراوە بەڵکو هەڵەی خودی نوسەری یاداشتەکەیە. (ستافی ئینستتیۆتی پەی).

## پاشکۆی (١٠)

### یاداشتی (٤٠) پەرلەمانتار کە پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمانیان کردووە بەمەبەستی بانگهێشتکردنی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن و سەرۆکایەتی ئە نجومەنی وەزیران سەبارەت بە رێکارەکانی هەڵبژاردن

Iraqi Kurdistan parlament
Kurdistan – Erbil
NO: ١٠٢٨
DATE: ٢٠١٧/١٢/٦

پەرلەمانی کوردستان - عیراق
کوردستان - هەولێر
ژمارە:
رۆژ: 2017/12/3

بۆ / بەرێز سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان

ب / بانگهێشتی (سەرۆکایەتی ئە نجومەنی وەزیران) و (کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی)

پاش سلاو رێز...

دووای لەوەی لە دانیشتنی ژمارە (3)ی ئاسایی رۆژی (2017/10/24)ی پەرلەمانی کوردستاندا ماوەی دوو خولی گرێدان تەمەنی پەرلەمان درێژ کرایەوەو هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکایەتی هەرێم دواخران، و بەپێی یاسای ژمارە (2)ی ساڵی 2017 ی (یاسای دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی هەرێم بەسەر دامەزراوە دەستوورییەکانی هەرێم) کە دەسەلاتی دیاریکردنی رۆژی هەڵبژاردن سپێردرا بە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران.

هەر بۆیە بەمەبەستی دانانی رێ و شوێنی هەڵبژاردن بەرێوەچوونی پرۆسەکە، کە بەلای کەمەوە شەش مانگی دەوێت، پێویستە پەرلەمان ئاگاداری رێ و شوێنەکان بێت بۆ ئەوەی ئامادەکارییەکان وەك پێویست بکرێن لەپێناو ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی پاك و بێگەردا، ئێمە ئەندامانی پەرلەمان، کە لەخوارەوە واژۆمان کردووە، بۆ گفتوگۆکردنی ئەم بابەتە داواکارین سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، بەپێی خاڵی (2) لە برگەی (دووەم)ی مادەی (54) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، و کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی بەپێی مادەی (3)ی یاسای ژمارە (4)ی ساڵی (2014)ی یاسای (کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی)، بەیەکەوە لە دانیشتنێکی تایبەتی پەرلەمان ئامادە بن.

لەگەڵ رێزدا

لیستی ئیمزاکان

| ژ | ناوی پەرلەمانتار | واژۆ |
|---|---|---|
| 1 | گەشە دارا حەفید | |
| 2 | ابوبکر هەڵەدنی | |
| 3 | دشنێرلا محمد امین | |
| 4 | تارا شێخ جەنگی | |
| 5 | عمر عنایات | |
| 6 | سالار محمود | |
| 7 | هەورامان گیتەزی | |
| 8 | پەروا علی | |
| 9 | مریم محمد عبید | |
| 10 | د. بورە صالح حمید | |
| 11 | منیرە عثمان | |
| 12 | محمود حاجی عومەر | |
| 13 | عبدالرحمن فارس (ابو کاروان) | |
| 14 | عبدالرحمن علی رەزا | |
| 15 | خیرە عثمان ملا | |
| 16 | د. ریتواز فایەق حسین | |
| 17 | تەلار لطیف محمد | |
| 18 | ئاری محمد هەورسند | |
| 19 | حسین اسماعیل حسین | |
| 20 | بەرزا مجید عبدالله | |
| 21 | ئومێد حەمە عەلی | |
| 22 | أیوب عبدالرحیم رحیم | |

| | | |
|---|---|---|
| 23 | ئێڤار ابراهیم حسین | [signature] |
| 24 | بێستون فائق | [signature] |
| 25 | انور قادر مصطفى | [signature] |
| 26 | [illegible] | [signature] |
| 27 | د. جوان اسماعیل عزیز | [signature] |
| 28 | شێرکو جودت سلطان | [signature] |
| 29 | علی حمد صالح | [signature] |
| 30 | عمر صالح کوچر | [signature] |
| 31 | ڤایەقا مستەفا رەسول | [signature] |
| 32 | قارەمان قادر زینا | [signature] |
| 33 | عادل عزیز | [signature] |
| 34 | [illegible] | [signature] ١١.... |
| 35 | زولفا محمود عبدالله | [signature] |
| 36 | محمود حاجی عمر | [signature] ١٤/٦ |
| 37 | د. بەهار محمود فتاح | [signature] |
| 38 | ~~ئەیوب عبدالرحمن~~ | [signature] |
| 39 | نجیبە لطیف احمد | [signature] |
| 40 | د. سرور سلیم مکی | [signature] |
| 41 | | |
| 42 | | |
| 43 | | |
| 44 | | |
| 45 | | |
| 46 | | |

## پاشکۆی (١١)

## وێنەی سەردانی ستافی پەی بۆ لای لایەنە پەیوەندیدارەکان لەسەر تۆماری دەنگدەران



سەردانی ستافی پەی بۆ کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و ڕا پرسی کوردستان ٢٠١٧/٧/٩



کۆبوونەوەی ستافی پەی لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمان و نوێنەرانی فراکسیۆنەکان ٢٠١٧/٨/٢٢



سەردانی ستافی پەی بۆ کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عیراق ٢٠١٧/٧/١٠



کۆبوونەوەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی لەگەڵ کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و ڕا پرسی ٢٠١٧/١٠/٩



کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی ڕێکخراوەکان لە کۆمسیۆن ٢٠١٧/١٠/٩



سەردانی ستافی پەی بۆ دەستەی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم ٢٠١٧/٧/١١